ڕەوت

Rawt News

ژمارە ٣٠ تەمموزی ٢٠٢٤

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

البديل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

## بەبۆنەی شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

### بەردەوامین، و ڕێکخراوین لەنێو خەباتی سۆشیالیستی چینی کرێکار و چەوساوەکاندا، لە پێناو جیهانێکی بێ چین و دوور لە نەزانی و خورافات، و شکۆدار بە ئازادی و خۆشگوزەرانی

- ڕێگەی هێنانەدی ئاڵوگۆڕی لە بەرژەوەندی کرێکاران و ڕەنجدەران و چەوساوەکان، یەکخستن و ڕێکخستنی خەباتیانە لە سەراسەری وڵاتدا، لە خەباتێکی چینایەتی سەربەخۆدا
- شانبەشانی کرێکاران و گەنجان و ژنان خەبات دەکەین بۆ ڕزگاربوون لە کۆنترۆڵی سەرمایە و دەسەڵاتی ڕژێمە سیاسییە قەومی و ئیسلامییەکەی.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆنیستی لە عێراق 22/7/2024

ڕەوتی مارکسیستی و ڕەوەندەکانی دۆخی ئێستای عێراق — موئەیەد ئەحمەد ل٣

ستڕاتیژە سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق — نادر عەبدولحەمید ل٤

لەبارەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە — بەشدار عوسمان ل٢

دەربارەی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست — جەلال ئەلسەباغ ل٤

سەرمایەداریی نیولیبراڵ — ناجی ئەفراسیاو ل٥

گورانییە بەردەوام تەواونەکراوەکەی لاوانی کوردستان.
چ سیاسەتێکی نا ئینسانی بە نوقمبونی دان؟ — جەمال کۆشش ل٩

باشووری ئیتاڵیا، گۆڕستانی پەنابەران — شوان سەدیق ل٩

نامێلکەی: گۆڕانی ڕۆڵی سەرمایەدار، بەشی چوارەم و کۆتایی — کەیوان نوری ل١١

ڕاگەیاندنی کۆمیتەی سلێمانیی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
نا بۆ ڕاگواستنی حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران لە ئۆردوگاکانیانەوە بۆ کەمپەکانی ئاوارەیی. ل٣

کۆبوونەوەی دەستەیەک لە کارمەندانی کەرتی کارەبا لە سلێمانی دژ بە دواکەوتنی موچەکانیان ل١٢

گۆڕە بێناونیشانەکان لە سلێمانی — عەبوڵڵا سالح ل١٠

ئەریک فرۆم و قارەمانە تەنیاکان! — ڕزگار عومەر ل٢

بانیژەی ئەدەب و کلتوور — ئامادەکردنی: عەبدوڵا سلێمان و جەمال کۆشش ل٦ - ل٨



### هێرشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان، و هەر هەماهەنگییەکی حکومەتی ناوەند و هەرێم لەگەڵیدا، سەرکۆنە دەکەین

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

٢٠٢٤/٧/١٢

ل٢

## لە شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

لە سەرەتای دامەزراندنی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) لە (٢٥)ی تەمووزی (٢٠١٨)، بە ڕاگەیاندنی بەیاننامەی دامەزرێنەری خۆی، و بەڕێخستنی خەباتێکی ماندوو نەناسانە و تێپەڕاندنی ئەو ئاستەنگە جۆراوجۆرانەی کە ڕووبەڕووی بووەوە، ئەم ڕێکخراوە توانیویەتی بە خۆڕاگرییەوە بەردەوام بێت و ئاڵای مارکسیزمی شۆڕشگێر و کۆمۆنیزمی ئەنترناسیۆنالیستی، بە هەموو بوێری و لێبڕاوییەکەوە بەرزبکاتەوە، و ڕێگەی خەباتکارانەی خۆی لەسەر ئاستی عێراق بگرێتەبەر بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سۆشیالیستی و ئەنتەرناسیۆنالیستەکانی کە لەم بەیاننامەیەدا دەربڕاوە

پێگەی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) پتەوبووە و بەردەوامە لە پەیوەندی بە خەباتی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی چەوساوە و گەنجانی ئازادیخواز و ئامانجەکانی ئەو جەماوەرە بۆ ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی. هەر ئەمەش وایکردوە کە ڕێکخراوەکە بە سیمای ئەم جەمسەرە چینایەتییە کۆمەڵایەتییە، و دینامیزمە سیاسی و فیکری و ڕێکخراوەییەکانی، تایبەتمەند بێت. هەروەها، پابەندبوونی بە تیۆری و میتۆدی مارکسیستی و بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی لە خەباتەکەیدا، بەتایبەتی لە وەڵامدانەوەی بە کێشە و پرسەکانی خەباتی چینایەتی لە عێراق و قۆناغەکانی ڕەوەندی مارشی خەباتکارانەی جەماوەری زەحمەتکێش و هەژاران و چەوساوەکان، و لە بواری شێوەکاری ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستدا، وایکردووە کە وەک فەسیلێکی کۆمۆنیستی ئەنترناسیۆنالیستی و هێڵێکی مارکسیستی شۆڕشگێڕانەی ڕوشن لەناو ئەم جەمسەرە کۆمەڵایەتییەدا پێناسە بکرێت، و هەر بەمپێیەش ئەمڕۆ زیاتر ئامادەیە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی

ئەمڕۆ سیستەمی سەرمایەداری ئیمپریالیستی جیهانی، لەناویشیدا سیستەمی سەرمایەداری لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەرگیری چەندین قەیرانی ئابووری و سیاسییە، و هەژاری و بێکاری و تێکڕمانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان ژیانی زۆربەی جەماوەریان کردووە بە دۆزەخ، و لە هەمانکاتیشدا فاشیزم، و ڕەوتە سیاسییە نیوفاشیست و ناسیۆنالیست و ئاینییەکان، و حزبەکانیان، لە بەهێزبووندان و بە خێرایی گەشە دەکەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ڕادەی ڕۆچونی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی بۆ ناو زۆنگاوی کۆنەپەرستیی هەموو قۆناغەکانی پێشووی خۆی تێپەڕاندوە

هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا، و وەک بەشێک لە پەیوەندییە ئابوورییەکانی سەرمایە و هەڵکشانی کێبڕکێی نێوان سەرمایەی نەتەوەیی وڵاتانی جۆراوجۆر و بلۆکە ئابوورییە جیهانی و ناوچەییەکانی، ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکانی ناو ئەم سیستەمە ئابووری و نێودەوڵەتییە هەرچی توندوتێژتر دەبێتەوە. ئەو شەڕانەی کە دەرئەنجامی ئەم ململانێیانەن بوونەتە هەڕەشە بۆسەر مرۆڤایەتی، و خودی سیستەمی سەرمایەداری بۆ دەیان ساڵە بووەتە هۆکاری یەکەمی کارەساتی ژینگەیی وێرانکەر کە مەترسی داناوە لەسەر ژیان لەسەر ڕووی هەسارەی زەوی. شەڕی جینۆسایدی ئیسرائیل لە دژی فەلەستینییەکان لە (کەرتی غەززە) و کۆمەڵکوژییە بەردەوامەکانی (کەنارەی ڕۆژئاوا)، شەڕی ناوخۆ لە (سودان) و شەڕی (ئۆکرانیا)، دەرکەوتنی کارەساتبارانەی ئەم ململانێ جیۆپۆلەتیکی و جیۆئابوورییانەن

لە نێو ئەم هەلومەرجانەدا، خەبات بۆ ئەنجامدانی بەدیلی ئابووری سۆشیالیستی لەبەرامبەر کۆنترۆڵی سەرمایە و سیستەمی سەرمایەداری، و گرتنەبەری سیاسەت و ستراتیژی شۆڕشگێڕانە لەسەر بنەمای چینایەتی سەربەخۆ و وەڕێخستنی خەباتی سیاسی دژی دەوڵەت و ڕژێمەکان و بزووتنەوە سیاسییەکان لەسەر ئەم بنەمایە، لە مەسەلە هەرە گرنگەکانن. ئەمەش دیارە بەبێ ئەوەی کە ئەم خەباتە ڕابکێشرێتە ناو سەرلێشێواوی پۆپۆلیزم و دیماگۆگی بۆرژوازی و تیۆریە جۆراوجۆرەکانی ڕیفۆرمخوازان، و ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیستی و ئایینی بۆرژوازی کۆنەپەرستانە، بەثێچەوانەوە بە جەختکردن لەسەر پابەندبوون بە ڕوانگەی مارکسیستی ماتریالیستی لە مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەت و بیر و ململانێی کۆمەڵایەتیدا. ئەمانە ئەو شتانەن کە پێویستن بۆ گەشەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی هاوچەرخ لە وڵاتانی جۆربەجۆری جیهان، لەوانەش عێراق، و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو هێڵەی کە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) نوێنەرایەتی دەکات

گرتنەبەری ستراتیژی یەکخستنی خەباتی جەماوەری چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و ژنان و گەنجانی ستەملێکراو لە سەرانسەری عێراق، و لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە چینایەتییە هاوبەشەکانیان، لە بزووتنەوەیەکی سیاسیی جەماوەری شۆڕشگێڕانەی دژ بە سەرمایە و نوێنەرە سیاسییە ناسیۆنالیستی و ئیسلامی و تائیفییەکانی، و ڕژێمە گەندەڵ و پشک پشکێنەکانی، مەرجی پێویستە بۆ سەرکەوتنی ئەم هەوڵە شۆڕشگێڕانەیانە و یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە هێڵی مارکسیستی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی جیا دەکاتەوە لە کۆمەڵێک حزب و ڕێکخراو کە ئیدیعای کۆمۆنیزم دەکەن بەڵام لە نێو سیاسەتی ناسیۆنالیستی و تائیفی بۆرژوازیدا قەتیس ماون

هەروەها پیادەکردنی شێوە و میتۆدی کار و ڕێکخستنی کۆمۆنیستی، کە نامون بەوانەی بانگەشەی مارکسیزم و کۆمۆنیزم دەکەن بەقسە، یەکێک لە ئەرکەکان و چەلێنجەکان بۆ ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی پێکدەهێنێت بۆ بنیاتنانی پارتێکی سیاسی کۆمۆنیستی جەماوەری کە پابەندی بەرژەوەندی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەباتی ڕزگاریخوازانەیان بێت

بەردەوامبوونی ڕژێمی سیاسی گەندەڵی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی پشکپشکێنە و میلیشیایی لە وڵاتدا، و سەرکوتکردنی سیستماتیکی جەماوەر و خەباتەکانیان و تالانکردنی سامانی وڵات و ڕۆڵی ئەم ڕژێمە لە قوربانیدان بە بەرژەوەندیی بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا لە بەرژەوەندیی وڵاتانی ئیمپریالیست و جەمسەرە ناوچەییەکان، بە تایبەت ئێران و ئەمریکا، سەرچاوەیەکی سەرەکی نارەزایی و تووڕەیی جەماوەر پێکدەهێنن. خەباتی گەنجان و جەماوەری ڕزگاریخواز بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە سیستەمی حکومدا، مەیدانێکی گرنگ بۆ خەباتی ڕەوتی مارکسیستی و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی پێکدەهێنن لە پێناو سەرکەوتنی ئەو خەباتانەی جەماوەر، و بۆ ئەوەی نەهێڵێ لەباربرین لەلایەن پارتە ئۆپۆزسیۆنە بۆرژوازییەکان و بزووتنەوە نیمچە چاکسازیخوازەکان کە بە گیانی ملکەچبوون بۆ سیستەمی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی بۆرژوازی گۆشکراون

ئەمە، و بەهێزکردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان یەکێک لە گرنگترین نیشانەکان پێکدەهێنێت کە خەباتی ڕەوتی مارکسیستی و هێڵی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لە هەموو پارتە بۆرژوازییەکان و لە بەشێکی گەورەی چەپیش جیا دەکاتەوە. هەروەها خەبات بۆ ڕزگاربوون لە تالانی و گەندەڵی و سەپاندنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەییە گشتییەکان یەکێکە لە مەیدانەکانی خەباتی ڕاستەوخۆ و بنەڕەتی بۆ (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لەم سەردەمەدا، لە ناو ئەو هەلومەرجانەدا وە وەک بەشێک لە هەوڵەکانی پرۆلیتاریای سۆسیالیست لە عێراق و ناوچەکەدا بۆ فەراهەمهێنانی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستی، هاتۆتە ناو جەرگەی خەباتەوە. هەر هێز و توانا وەرگرتنەوەیەکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراق، و هەر پێشکەوتنێک کە لەوانەیە لە پێگەی خەباتی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)دا ڕوو بدات واتە لە وڵاتێکدا کە بۆ دەیان ساڵە بووەتە ناوەندی چڕبوونەوەی جیهانی و ناوچەیی ململانێی جیۆپۆلەتیکی، بە ناچاری کاریگەری خۆی لە سەرانسەری ناوچەکەدا بەجێدەهێڵێت بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەوێ

ئێمە لێبڕاوانە درێژە بەم خەباتە دەدەین، و لە شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)، پیرۆزبایی دڵسۆزانەمان ئاراستەی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لە عێراق و بزووتنەوەی کرێکاری و چالاکەوانی کۆمۆنیست و سەرجەم ڕزگاریخوازان و یەکسانی خوازان دەکەین لە هەر شوێنێکی جیهان. هەروەها گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم هاوڕیان و دۆستان و لایەنگرانی ڕێکخراو دەکەین

ئەمە و داوا لە هەموو کۆمۆنیستەکان، پرۆلیتاریا سۆسیالیستەکان، جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان، هەموو ستەملێکراو و ئازادیخوازان دەکەین، کە خەباتیان لەناو ڕیزێکی حزبی ڕێکخراودا ڕێکخەن بەرەو بەدیهێنانی ئەرکە گەورەکانی بەردەممان

٢٤ی تەمموزی ٢٠٢٤

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# هێرشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان، و هەر هەماهەنگییەکی حکومەتی ناوەند و هەرێم لەگەڵیدا، سەرکۆنە دەکەین.



لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ئەمساڵ (٢٠٢٤) ەوە، سوپای تورکیا، بە هەزار سەرباز و سێ سەد زرێپۆش و تۆپ و چەکی قورسەوە، جوڵەی کردووە و هاتۆتەناو هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، لە قەزای ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆک، و ڕۆژانە ڕێگە گشتییەکانی هەرێم بەکار دەهێنێ و هەڵدەستێ بەدانانی خاڵی پشکنین و ڕاگرتنی هاوڵاتیان

سوپای تورکیا لە (٢٠١٧)ەوە تا ئێستا، لە سەدا هەشتا و شەشی (٨٦.٢٪) درێژی سنوری نێوان عێراق-تورکیای دەستبەسەرا گرتووە و لە زۆر شوێنەوە بە قوڵایی (٥) تا (٤٠) کیلۆمەتر، هاتۆتە ناو هەرێمی کوردستان، و (٦٤) بنکە و بارەگای سەربازی تێدا جێگیر کردووە. ئەم ئۆپراسیۆنەشی بەرفراوانکردنی ئەم ڕێگە سەربازییەیە لەم هەرێمەدا، وە زەمینە خۆشکردن و سەرەتای دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنێکی سەربازییە بۆ داگیرکرنی چیای (گارە)، و لێدان و سنووردارکردنی جموجۆڵی هێزە چەکدارەکانی (پەکەکە)یە لە ناوچەکەدا

تا ئێستا و لە قۆناغی ئامادەکاری ئەم هێرشە بۆسەر چیای (گارە)، لە گوندەکانی دەوروبەریدا، (٤) هاوڵاتی بە تۆپبارانەکان کوژراون، بەمەش کۆی گشتی کوژراوەکانی ئەو دەڤەرە لە سەرەتای ئەمساڵەوە بووە بە (٨) کەس، و ژمارەیەکی زۆریش لە گوندەکان چۆڵکراون و گوندنشینان ئاوارەبوون، ئەمە جگە لە زیانی ماڵی و وێرانکردنی سروشت و ژینگەی ناوچەکە

سێ هەفتە زیاتر بەسەر ئەم لەشکرکێشیی و کوشتوبڕی و وێرانکارییەدا تێپەڕیووە، نە حکومەتی هەرێم و نە حکومەتی ناوەند، تا ئێستا هیچ پەرچەکردارێکیان نەبووە و هیچ ڕاگەیاندنێکی فەرمی و ڕوونکردنەوەیەکیشیان نیە لەسەری. ئەمەش بۆخۆی ڕیسوایی سیاسی و بێبوونی هەردوو حکومەت نیشان دەدا لەبەرامبەر زلهێزە ناوچەییەکان و ئەم داگیرکارییەی تورکیادا، و ئاماژەیەکە بۆ ڕێکەوتن و هاودەنگی و پلانێکی ژێربەژێری نێوانیان لەگەڵ ڕژێمی ئۆردوگاندا

ئامانجی دەوڵەتی شۆڤێنیستی تورکیا و حکومەتی ئۆردووگان لەم هێرشەدا، واوەترە لەو بیانوانەی کە گوایە لەناوبردن وەیا سنوردانان بێت بۆ ئەو هێزە چەکدارانەی کە لە دەرەوەی سنورەکانییەوە ئاسایشی وڵاتەکەی دەخەنە مەترسییەوە. ئەمە بەشێکە لە سیاسەت و پلانی ستراتیژی تورکیا وەک دەوڵەتێکی زلهێزی ناوچەیی، کە بەرژەوەندییەکانی سەرمایە و سیستمی سەرمایەداری گەشەکردووی تورکیا بە سیاسەتی ئیمپریالیستی، و بە دەسەڵاتێکی نەتەوەپەرستانەی شۆڤێنیستییەوە، و بە پەلهاویشتن و بەرفراوانکردنی سنوری بەرژەوەندییە ئابووری و جیۆسیاسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەنجام دەدات. دیارە ئەمەش لە سەردەمێکدایە کە ئیمپریالیزمی ئەمریکی ئەو توانایەی جارانی نەماوە لە ناوچەکەدا و بۆشاییەکی جیۆسیاسی هاتۆتەئاراوە، کە تیایدا نەک هەر تورکیا، بەڵکو ئێران و سعودیەش چالاکانە لە هەوڵی پەلهاویشتندان بۆ پڕکردنەوەی

ئێمە لە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) هاتنەناوەوەی سوپای تورکیا و جێگیرکردنی بارەگا سەربازییەکانی لە هەرێمی کوردستان، و خۆئامادەکردنی بۆ ئۆپراسیۆنێکی سەربازی کە ژیان و گیانی هاوڵاتیان دەخاتە مەترسی تیاچوون و ئاوارەییەوە، بە توندی سەرکۆنە دەکەین

هەروەها بێ هەڵوێستی و هەر هاوئاهەنگییەکی حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا بۆ ئەم هێرشە سەربازیەی، سەرکۆنە دەکەین، وە ڕایدەگەێنین کە سەلامەتی ژیان و پاراستنی گوندنشینان و ماڵ و باری ئابوری و گوزەرانیان لە ئەستۆی ئەواندایە

بەرگرتن بەم ملهوڕی و سەرکێشییە سەربازییەی دەوڵەتی تورکیا، پێویستی بەهاتنەمەیدانی جەماوەری ئازادیخواز و ڕیزی ڕێکخراوی کرێکاران و زەحمەتکێشانە، نەک هەر لە هەرێمی کوردستان و سەرجەم عێراق، بەڵکو لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، بە تایبەت لە تورکیا و سوریە

ئەم لەشکرکێشی و تاوانانە تەنها بە ڕیزێکی یەکگرتووی ئینتەرناسیونالیستی سۆشیالیستی، و دژە سەرمایەداری و دژە ئیمپریالیستی و ڕیزی یەکگرتووی جەماوەری ئازادیخواز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەڵام وەردەگرێتەوە

نا بۆ لەشکرکێشی و سیاسەتی فراوانخوازی و میلیتاریستی دەوڵەتی شۆڤێنیستی تورکیا

بژی ئینتەرناسیونالیزمی پرۆلیتاری و سوشیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

٢٠٢٤/٧/١٢

# لەبارەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە



بەشدار عوسمان

قسەیەک هەیە و ئێستا بۆتە بڕوایەکی زۆرێک لە خەڵک، کە دەڵێت (لەو وڵاتانەی کە ئازادی سنووردارە، ئەگەر هەڵبژاردن بچوکترین گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا بەدیبهێنێت، قەدەغەی دەکەن ..!)

دواخستنی چوارجاری هەڵبژارنی پەرلەمان لە کوردستان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو، ئەو بڕوایەی چەسپاندووە کە هێشتا دیزاینی تەواوی هەڵبژاردنەکە تەواو نەبووە و خانەوادە دەسترۆیشتووەکان و لەسەر دابەشکارییەکان ڕێکنەکەوتوون تا جارێکیتر شەرعیەت بدەنەوە بە دەسەڵاتەکەیان لە ڕێگای دانانی چەند سندوقێکی ڕووکەشی دەنگدانەوە

پێش هەموو شتێک، سەرەتاترین پرەنسیپی هەر هەڵبژاردنێک ڕەخساندنی کەشێکی ئازاد و یەکسانە بۆ هەمووان، شەفافیەت و دڵنیایی لە دەستکارینەکردنی دەنگی هاوڵاتیان، بەکارنەهێنانی دامودەزگا ئەمنی و حکومییەکانە بۆ لایەنێکی دیاریکراو،... لای هەمووان ڕۆشنە و دەیان و سەدان بەڵگە لەبەرچاوی هەموواندایە کە چۆن دەزگای قەزائی و ئەمنی و هەموو داهات و سەروەت و سامانی ئەو کۆمەڵگایە، خراوەتە خزمەتی چەند گروپێکی حکومڕان

لەژێر سایەی دەسەڵات و ژینگەیەکی لەم شێوەیە، باسکردن و بڕواکردن بە هەڵبژارن یان گەوجێندراوە یان دەیەوێت خەڵک بگەوجێنێ

ئێوە سەیرکەن، لەهەموو مێژووی پەرلەمان بە هەموو خول و پێکهاتەکانیانەوە، چەند (فلس) لە داهاتی تاڵانکراوی خەڵک گەڕاوەتەوە بۆ کاسەی گشتی؟! چەند کەس و بەرپرس لەسەر گەندەڵی و تاڵانی سامانی گشتی، بەرەو ڕووی لێپرسینەوە و سزا کراونەتەوە؟! لەکاتێکدا هەرێم لە ڕیزبەندی حکومڕانە نا شەفاف و گەندەڵەکان، پلەکانی سەری سەرەوەی گرتووە

بکوژانی ڕۆژنامەنووسان و خۆپیشاندەران و خەڵکانی نارازی لەبەرچاوی هەموانەوە دێن و دەچن، گەیشتۆتە ڕادەیەک شار و شارۆچکەیەک نەماوە لە کوردستاندا چەندین گەنجی بوێر لەسەر ئازادی و عەدالەت بەدەستی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانی کوردستان گولەباران نەکرابێت، لێپرسینەوەتان لە چەند چەکبەدەست و تاوانکار کرد؟! دەیان تاوانی ئاشکرای کوشتن و فراندن و زیندانی بەبەڵگەی ڕۆشنەوە لەبەردەستابێت، جگە لە هاشوهوشی فەیسبوک و سۆشیال میدیا، یەک دانە تاوانکار لێپرسینەوەیان لێنەکرێت، حەقە بپرسین، ئایا ئەو پەرلەمانە بەشێک نەبوون لە درێژەدان بە دەزگای داسەپاندنی تیرۆریزم و ستەمکاری؟

ساڵ لەدوایی ساڵ قوتابیان و خوێنکاران بە دەردەسەریەکی زۆرەوە زانکۆ تەواو دەکەن، کچەکان دەگەڕێنەوە چوار دیواری ماڵ و لە چاوەڕوانی قەدەرن کوڕەکانیش بۆ دەربازبوون لەو جەهەنەمە، بەشێکیان لەئاوەکان دەبنە خۆراکی قرشەکان، ئەوانیتر لە بێکاری و بێهیوایی لە (سەهۆڵەکە و ئیسکان) بەدوای ڕێگای دەربازبووندا دەگەڕێن، تاکە یەک میکانیزمی فشارمان پێ بڵێن بۆ ناچارکردنی ئەندازیارانی (چاکسازی و ئارامی) بۆ خستەنە سەرکاری ئەو گەنجانە؟ ئایا ئەو دەزگایەش بەشێک نەبوون لە ماکینەیەکی گەورەی بێهیوایی و بێ ئومێدی لەم کۆمەڵگایە؟


ڕۆژانە دادگا و دەسەڵاتی قەزائی سوکایەتی پێدەکرێت و بێ تاوان بە تاوانبار و تاوانبار بە بێتاوان لێی دەردەچێت، دادگاکان بوونە شوێنی تۆڵەکردنەوەی ئەو کەسانەی ڕۆژێک (نا) یان ووت و نووسی! هێزە چەکدار و ئەمنییەکان هێزی ترسان و تۆقاندن و مخالفینی دەسەڵات بوون و هەر ڕۆژێک لەژێر بەهانەیەک پەلاماری ژیان و ئازادی خەڵک دەدەن

پەرلەمان و پەرلەمانتاران لە کوێی ئەو بەربەریەتە وەستاونەتەوە؟! کامانەن هەنگاوەکان بۆ ڕاگرتنی ئەو ئاماژە مەترسیدارەی دەسەڵاتدارێتی؟! لینک و ڤیدیۆی نمایشی سەر شاشەکانمان بۆ دامەنێن، ڕەتکردنەوەی پارچەیەک لە کێکەکە مەفرۆشنەوە بەو هەموو دڵسۆزییەی خەڵک، خەڵکی کوردستان هۆشیارە و لەوە گەیشتووە شوێنی کار و فشاری پەرلەمان کوێبوو و دەبوایە چی بکەن

دەسەڵاتێکی چەوسێنەر و مشەخۆر و تاڵانکەر و ستەمکار، ناتوانێت ڕۆڵی خراپی ئەو پەرلەمانەمان بیربباتەوە لە بێهیوایی خەڵک و وورد و خاشکردنی هەرچی ئومێد و ئارەزوو لە دڵی گەنجان و لاوان و مناڵان و پیر و پەککەوتەکان، ناتوانێت ئەو دیمەنە ناشیرینەمان بیربباتەوە، لەناو سەما و چەپڵەڕێزاندا دەیانوویست بۆقمان بە کەناری پێ بناسێنن

ئیتر دەورەی خۆشباوەڕی و چاکسازی کۆتاییهات، دەورەی سەرکوت و زیندانی تەواو، دەورەی گەوجاندنی خەڵک لە ڕێگای پەرلەمانەوە نایگرێت، تەنانەت بەدورستکردنی ئۆپۆزسیۆنی ساختەش ناتواندرێت لەوە زیاتر ڕاکێشرێت. ئەو دەسەڵاتە تەنها بۆ ناشتن باشە

# ئەریک فرۆم و قارەمانە تەنیاکان!





ڕزگار عومەر

ڕەنگە کەم کەس هەبوویێت وەک "ئێریک فرۆم" تێبینی هەبوویێت لەسەر مەیلی مرۆڤ بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ "زۆرینە" لە ترسی ئاقیبەت و سزای گۆشەگیری، فرۆم جەخت لەسەر ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییانە دەکاتەوە کە ڕەفتاری مرۆڤەکان لە قاڵب دەدەن

لە ئەمڕۆدا ئازایەتیی دەوێت بۆ ئەوەی جیاواز لە "مەڕەکان" بوەستیت و تەحەدای نۆرمە باوەکان بکەیت و ڕاستەوخۆ بەرامبەر دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی قسە بکەیت، بەتایبەتی کاتێک کە ئەو کارە ببێتە مایەی دوورخستنەوە و لاتەریک کردنت. ئەم تاکە کەسانەی کە فرۆم وەک پاڵەوانی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی دەیانناسێنێت، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە بزوێنەری پێشکەوتنی کۆمەڵگادا

لە جیهانی ئەمڕۆدا کە قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەییەکان زۆرن، پێویستی بەم جۆرە پاڵەوانانە -خاوەنداریێتی کاریزمای کۆمەڵایەتی و توانای ئیلهامبەخشین بۆ گۆڕانکاری- لە جاران زۆر بەپەلەتر و پێویستره

بوێری وەستان بە تەنیا سیفەتێکی دەگمەن و سەرنجڕاکێشە. لە ڕووی مێژوویەوە کەسایەتییەکانی وەک سۆکرات و گالیلۆ و نیلسۆن ماندێلا نموونەی ئەم ئازایەتییەن. بەدواداچوونی بێوچانی سۆکرات بۆ ڕاستی، سەرەڕای ئەوەی ڕووبەڕووی ئیدانەکردن و دواجار مردن بووەوە، بنەمای بیری فەلسەفی ڕۆژئاوایی دانا. سەرپێچیکردنی گالیلۆ لە پرەنسیبی سێنتەری کەنیسەی کاسۆلیکی تێگەیشتنی زانستی بەرەوپێش برد

ئەم تاکانە تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەبوو: پابەندبوونێکی بێ چەواشەکاری بە بنەماکانی باوەڕ و حەقیقەت خوازی، بەبێ گوێدانە باجەکەی. ئامادەیی ئەوان بۆ بەرگەگرتنی گۆشەگیری و تەنانەت تەریک کردنی زۆرە ملێ و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی، تیشک دەخاتە سەر هێزی قووڵی ناوەوەیان و باوەڕی ئەوان بە دۆزی خۆیان. ئەوان نەک بۆ قازانجی کەسی بەڵکو بۆ چاکەی گەورەتر مامەڵەیان دەکرد، ئامانجیان ڕۆشنکردنەوەی ڕاستی و دادپەروەری بوو بۆ هەمووان

لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا پێویستییەکی زۆر بە "پاڵەوانی نوێ" هەیە کە خاوەنی ئەم جۆرە کاریزما و بوێرییە کۆمەڵایەتییە بن. تەحەددیاتی مۆدێرن -وەک گۆڕانی کەشوهەوا، نایەکسانی سیستەمی و گەندەڵی سیاسی- پێویستیان بە دەنگێک هەیە کە بتوانێت ڕای گشتی هان بدات و ئیلهامبەخش بێت بۆ کردەوەی بەکۆمەڵ

گرێتا تونبێرگ، مەلالە یوسفزای و دکتۆر ئەنتۆنی فاوچی نموونەی کەسایەتییە هاوچەرخەکانن کە هەنگاویان ناوە بۆ ئەم ڕۆڵە، سەکۆکانیان بەکاردەهێنن بۆ داکۆکیکردن لە گۆڕانکاری سەرەڕای ئەوەی ڕووبەڕووی دژایەتییەکی زۆر بوونەتەوە

"کاریزمای کۆمەڵایەتی" لە دروستکردنی "پاڵەوانی مێژوویدا" گرینگە کە بتوانێت گۆڕانکاری بەسەردا بهێنێت. تاکە کاریزماتیکەکان خاوەنی توانای پەیوەندیکردنن لەگەڵ مرۆڤەکان، خستنەڕووی دیدگایەکی زۆرەملێ و ئیلهامبەخشین بۆ ئەوانی دیکە بۆ ئەوەی بچنە ناو دۆزی خۆیانەوە. ئەم توانایە بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی خەڵک لە چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن، شتێکی بنەڕەتییە و چیتر کاتی ئەوە نەماوە بە دوودڵییەوە لەم پرسە بڕوانین

چاندنی ئەم جۆرە پاڵەوانانە بریتییە لە پەروەردەکردنی ئەو ژینگەیانەی کە بیرکردنەوە و ناکۆکی سەربەخۆ بەهایان پێدەدرێت نەک سەرکوت بکرێن. دامەزراوە پەروەردەییەکان، پلاتفۆرمە میدیاییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەبێ "پاڵەوانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە" بن، هانی دیدگای جۆراوجۆر بدەن و پاڵپشت بن بۆ ئەوانەی کە تەحەدای دۆخی ئێستا دەکەن

ئەو پاڵەوانانەی کە دەوێرن جیا لە مەڕەکان بوەستن و ڕاستی بە دەسەڵات قسە بکەن، بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا زۆر گرنگن. لە سەردەمێکدا کە زۆرجار هاندەری یەکسانیبوون و ناکۆکی دەتوانێت مەترسیدار بێت، بوێری ئەم تاکانە هێندەی تر گرنگتر دەبێت

فرۆم پێشنیار دەکات" بەبێ ئەو جۆرە پاڵەوانانە" مرۆڤایەتی چەقبەستوو دەبوو، بێبەش بوو لەو داهێنان و ڕوونییە ئەخلاقییەی کە پێویستە بۆ پێشکەوتن.

کۆمەڵگا بە دانان و پشتگیریکردن لە سەرهەڵدانی سەرکردە کاریزماتیکییە نوێیەکان، دەتوانێت ئەو گۆڕانکارییە پەروەردە بکات کە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە زەقەکانی ئەمڕۆ و بنیاتنانی داهاتوویەکی دادپەروەرتر و بەردەوامتر

# ئایا ئەنجامدانی نمایشی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئێران، لاپەڕەیەکی نوێ لە سیاسەت و یاساو ڕێسای حوکمڕانیدا دێنێتە کایە؟!



عەلی محمەد ئەمین

دوای ئەوەی کە سەرۆکی پێشووی کۆماری ئیسلامی ئێران (ئیبراهیم ڕەئیسی) لە ڕووداوێکی کتوپڕدا لەگەڵ چەند سەرنشینێکی فڕۆکەکەیاندا تیاچوون، کۆماری ئیسلامی جاری هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ یدا، کە لە جێگای ئەو درێژە بەکارەکانی بدات

پێدەچێت دەسەڵاتدارانی ئێران، بەتایبەت ڕابەری باڵا (عەلی خامنەئی) بە هەلی زانیبێ تا هەرچی زووترە نمایشی هەڵبژاردن لەسەرانسەری ئێراندا بهێنێتە ناو ناوانەوە، ئەویش بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت، ئەگەر کەمیش بێت، ئاو بکا بە گڕی ئەو نارەزایەتیانەی ساڵانێکە بە توندی بەرۆکی ڕژێمی گرتووە، بەتایبەت خرۆشانە جەماوەریەکەی ژینا، کە بە چەشنی شۆڕشێکی سەرتاسەری بەهێز و کاریگەر پایە بنەڕەتیەکانی ڕژێمی لەرزاند

سەرانی ئەو ڕژێمە ویستیان بڵێن بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئیتر لاپەڕەیەکی نوێ لە سیاسەت و یاسا و ڕێسای حوکمڕانیدا دێتە کایە و هاوکات گەرەکیان بوو بە جیهانی دەرەوەش بڵێن سەرەڕای ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمانەی ڕووبەڕووی خەڵکی ئێران و حکومەتەکەی دەبێتەوە، کۆماری ئیسلامی بەردەوامە لەسەر وەفاداری بە پرەنسیپە دیموکراتییەکان و دەستاودەستکردنی دەسەڵات

هەر لە دەسپێکی جاردانی هەڵمەتی هەڵبژاردن، ناوی کۆمەڵە کاندیدێک هاتەنێوناوانەوە، وەک هەمیشە جگە لە جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوون بە پاراستنی یەکریزی گەلانی ئێران و یەکپارچەیی خاک و شەریعەت وەک بنەمای حوکمڕانی، پڕوپاگەندەی تێپەڕاندنی کێشە تولانیەکانی ئێرانیان دەکرد، بەتایبەت کێشەی ئابوری و ئەو گەمارۆیەی کە ساڵەهایە لەسەر ئێران دانراوە، هێنانە پێشەوە و ڕازیبوون لەسەر هەندێ کاندید، بەتایبەت ئەوانەی بەناو سەر بە بەرەی ئیسلاح و چاکسازین، نەیتوانی گوڕ و تینێکی ئەوتۆ بدا بە بەشداری خەڵک و شەرعیەتدان بە پرۆسەکە، بەڕادەیەک (٦٠٪)ی هاوڵاتیان کە مافی دەنگدانیان هەبوو بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد

سەرانی ڕژێمیش نەیانتووانی حاشا لەو ڕاستیە بکەن، بۆ سوککردنی کاریگەری ئەم مەترسیەش لەسەر پرۆسەکە بەچەند ڕێگا هەوڵیاندا کە ڕێژەی بەشداربووان زیاد بکەن، بۆ ئەمەش چەندین ڕێگا و شێوازی چەواشەکارانەیان بەکار هێنا و ڕێگایان ئاوەڵاکرد بۆ کاندیدێکی وەک (مەسعودی پزیشکیان) کە بەناو سەر بە بەرەی ڕیفۆرمخوازانە بە ئارەزووی خۆی پڕوپاگەندە بکا و بە خەڵکی ئێران، بەتایبەت بە نارازیەکانیش بڵێ ئەگەر دەنگی پێ بدەن و دەریچێنن، ئەوا هەرچی نەهامەتی کەڵەکەبووی ساڵانە لەسەریان سوک دەکا و سنور بۆ بێکاری تاقەتپڕوکێن دائەنێ و یاسا و ڕێساکانی تایبەت بە حیجاب و خۆداپۆشینی ژنان و کچان دەگۆڕێ! مەسعودی پزیشکیان، تەنانەت ئەسڵ و فەسڵی خۆیشی کە دایکی کوردە و باوکی تورکە کردە ئامرازی پڕوپاگەندە و قسە و باسی لە ئازادی پەخش و بڵاوکردنەوە بە زمانی زکماک کرد

بۆ سیاسەتی دەرەوەش پڕوپاگەندەی کرانەوە بەڕووی جیهاندا کرا، بەشێوەیەک کە ئێران لەو گۆشەگیرییە دەربهێنرێت کە ساڵەهایە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، هەر بۆ زیادکردنی ڕێژەی بەشداربووان، ڕژێم لە هەموو دەوڵەتانی دراوسێ و دەوروپشتدا سندوقی هەڵبژاردنی بۆ هاوڵاتیانی ئێران خستە سەر پشت و بە ئامۆژگاری فریوکارانە بێت یا هەڕەشە و ترساندن و تۆقاندن، هەوڵیدا ڕێژەی بەشداربوونێکی چڕوپڕ لەنێو هێزە میلیشیاکانی نێشتەجێی عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن و فەلەستین مسۆگەر بکا

شایانی باسە، دەسەڵاتدارانی ئێران دوای ئەم هەموو هەوڵ و تەقالا و پڕوپاگەندە چەواشەکارانە لە ناوخۆو دەرەوەدا، نەک هەر نەیان توانی ڕێژەی بەشداربوونی گشتی لە دەنگدانەدا بەرز بکەنەوە، بەڵکو ڕووبەڕووی بایکۆتی بەرفراوانی هاوڵاتیان بوونەوە بەڕادەیەک گاڵتەجاری پڕۆسەکە و ناڕەوایەتی یاساییان سەلماند

ئەگەر چی لێرە و لەوێ هەندێ کەس و لایەن سەرگەرمی پیاهەڵدانی پڕۆسەکە و خۆشخەیاڵی بڵاوکردنەوە بوون سەبارەت بەپڕۆسەکە، بەو پێیەی لەنێو ئەو دەوڵەتانەی ڕۆژهەڵاتدا، ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێرانە میراتگری دەسەڵات لە باوکەوە بۆ باوان ڕەد دەکاتەوە و وەفاداری بۆ پڕۆسەی دەسەڵات دووپاتدەکاتەوە و تەنانەت ڕێگا ئەدا بە کەسایەتیەکی ڕیفۆرمخوازی وەک مەسعودی پزیشکیان وەک کاندیدی سەرۆکایەتی بچێتە ناو پڕۆسەکەوە و هەلی دەرچوونیشی بۆ فەراهەم بکات

بەڵام لە ڕاستی دا ئەم پاساو و خۆشخەیاڵییە هەرزوو بە هەوادا چوو، نەبووە جێگای بڕوا، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا، هەمووان دەزانن کە ئەوەی لە ئێراندا دەسەڵاتدارە و لە بەڕێوەبردنی حوکمڕانی و سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا بڕیار بەدەستە، ئەوە ڕابەری باڵا (عەلی خامنەئی) و ولایەتی فەقیهە و سوپای پاسداران و دام و دەزگا میلیشیاکانی سەر بەوانە و سەرۆک کۆمار هەر کەس و نوێنەرایەتی هەر بەناو ڕەوت و بزووتنەوەیەک بکات، ئەگەر بیشخوازێت (کە ناشخوازێت) گۆڕانکاری لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا بکات، هەرگیز ناتوانێ لە ژێر هەژموونی ڕابەری باڵادا جوڵەیەک بکات

لە لایەکی تریشەوە، هەموو کاندیدەکان پێشتر با پڕوپاگەندەی جۆراوجۆریشیان هەبووبێ، هەر هەموو لەڕابووردودا دەست و پەنجەیان لە خزمەتی نیزام و پاراستنی پایە بنەڕەتیەکانیدا نەرم کردووە و زۆربەیان لەوەوپێش پلە و پایە و پۆستی باڵایان هەبووە و بۆ پەسەندکردنی کاندید بوون تەنانەت دەرچوونیشیان، ئەوە ڕابەری باڵایە کە دووا مۆری پەسەندی و ڕەزامەندی ئەدات

ئەمە و لای هەمووان ئاشکرایە هیچ یەک لەو کاندیدانەی سەرۆکایەتی بە مەسعودی پزیشکیانیشەوە کە دواجار دەرچوو، لە ساڵانی ڕابووردوودا، وێڕای ئەو سەختیانەی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێران، ئەو بەکۆمەڵ لەسێدارەدانەی زۆرێک لە هاوڵاتیانی ئازادیخوازی ئێران، کوشتن و ئەشکەنجەدانی ڕۆژانەی کۆڵبەرانی سەر سنورەکان، سیخناخکردنی زیندانە باستیل ئاساکان لە هەزارەها هاوڵاتی و پێشێلکردنی هەموو مافە مەدەنی و سیاسیەکان و هێشتنەوەی ئێران لەو بارودۆخە گۆشەگیر و ناسەقامگیریەدا، هیچکات یەک لەم کاندیدانە هەڵوێستێکی ڕۆشنیان دەر نەبڕیوە و نەخێر و نایەکیان بەڕووی دەسەڵاتدارانی ئێراندا نەداوەتەوە، بە پێچەوانەوە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەر یەکەیان بەشدار و بەرپرسی هەموو ئەو بەدبەختی و بار و دۆخە نالەبارەبوون کە هاوڵاتیانی ستەملێکراوی ئێران لەژێر سایەی کۆماری ئیسلامی ئێران دا گوزەراندوویانە

# ڕەوتی مارکسیستی و ڕەوەندەکانی دۆخی ئێستای عێراق

**تێبینی: ئەم وتارە دەقێکی ئامادەکراوی ئەو باسەیە کە پێشکەشم کردووە لەو سیمینارەی کە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) پێی هەڵسا لە شاری بەسرە لە (٣١ی ئایاری ٢٠٢٤)، لەگەڵ دەستکاریکردنێکی پێویست بە مەبەستی فۆرمی نوسین (ئەدیتینگ)**

لە چوارچێوەی ململانێ جیۆپۆلەتیکی و ستراتیژییەکان و جیۆئابوورییە بەردەوامەکانی نێوان وڵاتانی ئیمپریالیست و جەمسەرە ناوچەییەکان، بۆ جێگیرکردنی نفوز و تێپەڕاندنی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دوو زلهێزی دژ بەیەک، زلهێزی نێودەوڵەتی ئەمریکا و زلهێزی ناوچەیی ئێران، هێشتا لە بنەڕەتدا ئەوانن کە دۆخی سیاسی و ئابووری و ڕەهەندە ئەمنییەکان لە عێراقدا کۆنترۆڵ دەکەن، و هەژموون بەسەر هەموو ئەم ڕەهەندانە، و سیستەمی سیاسیدا پیادە دەکەن. ڕژێمی سیاسی و هێزەکانی دەسەڵات و دەوڵەت لە عێراقدا ڕۆڵی گواستنەوەی ئەم هەژموونە بەسەر وڵاتدا دەگێڕن

ئەگەر لە گۆشەیەکی گشتگیرترەوە سەیری بارودۆخەکە بکەین، نەک تەنها لە ڕوانگەی ڕەهەندی سیاسی و ململانێ سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکانەوە، بەڵکو بە دوای قووڵایی ئابووری و بنەمای ماددی ئەو ڕەوەندەدا بگەڕێین کە عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، دەبینین کە جوڵەی سەرمایە لە ناوچەکەدا ئەم فاکتەرە ماددییەیە، و ئەمەش بناغەییترین و گشتگیرترین پرۆسەیە. هەر بەو پێیەش توخمی ماددیی بنەڕەتییە بۆ شکڵدان بە پرس و ململانێ سیاسی و جیۆپۆلیتیکییەکان لەناوخۆی عێراق و لەسەر ئاستی ناوچەکە. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەم سیاسەت و ململانێیانە لەسەر ئەم بنەما ماددییە و ئەم پێشهاتانە کە لە ڕەوەندە ئابوورییەکانی عێراق و ناوچەکەدا ڕوودەدەن، خۆیان بەرهەمدەهێننەوە

پێش (٧)ی ئۆکتۆبەر و شەڕی جینۆسایدی ئیسرائیل لە دژی فەلەستینییەکان، ڕەوەندێک لەئارادابوو بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا، لەلایەن سعودیە، ئیمارات، بەحرەین، سودان و وڵاتانی دیکەی عەرەبیەوە، و ئەم ئاساییکردنەوەش لەژێر فشاری گۆڕانی بارودۆخی ماددیدا بوو، کە مەبەستم فشاری بەرژەوەندییەکانی سەرمایە و واقیعی هەرچی زیاتری لێکهەڵپێکرانی سەرمایەی ئەم وڵاتانەیە بە سەرمایەی جیهانییەوە. هەر بەم پێیەش لەژێر فشاری بەرژەوەندییەکانی ئەم بلۆکە ئابوورییانەدا بوو کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان و هەرچی زیاتر تێکەڵاون لەگەڵ سەرمایەی ئیمپریالیستی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و ئیسرائیلدا

(٧)ی ئۆکتۆبەر هات و شۆکێکی گەورەی لێکەوتەوە بۆ ئەم بارودۆخ و ئاڕاستەیە، و بووە هۆی پاشەکشە و خاوبوونەوەی کاتیی ئەم ڕەوەندە. هەرچەند ئەم خاوبوونەوەیە ڕوویدا، بەڵام ڕەوەندە ئابوورییە بنەڕەتییەکان و لێکهەڵپێکانی هەرچی زیاتری بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی جیهانی و سەرمایەی ناوچەیی لەگەڵ یەکتری هەر بەردەوامن

هەر لەم ڕاستایەشدا، دەوڵەتی ئێران و ڕژێمی ئیسلامی ئێران، دەوڵەتی تورکیا و ڕژێمی ئەردۆغان، واتە ئەم دەوڵەتە ناوچەییانە کە زاڵن و هێژمونیان هەیە بەسەر ڕەوەندی بارودۆخی ناوخۆی عێراق، بەتایبەتی ئێران، کە ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕێت، تەنها هێزی سیاسی و سەربازی نین، بەڵکو هێزی ئابووریشن

ڕژێمی سیاسی ئیسلامی ئێران و ئامانجە سەربازی و ئەمنی و فراوانخوازیەکانی و هتد، دابڕاو نیە لەو ڕاستییەی کە کۆمەڵگەی ئێران سیستمێکی سەرمایەدارییە و هەر بەوپێیەش ناوەندێکی ئابووری و ناوەندێکی کەڵەکەبوونی سەرمایەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرمایەی نەتەوەیی ئێران لە لایەن ڕژێمی ئیسلامی واتە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەپارێزرێ، و ڕژێمی ئیسلامیی دەسەڵاتدار نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی نەتەوەیی ئێران دەکات. بە هەمانشێوە ئەو ڕژێمە سەرکوتگەرانەی کە لە کەنداودا هەن، نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی کەنداو دەکەن، واتە سەرمایەی سعوودیە و ئیمارات و وڵاتانی دیکەی کەنداو، کە زۆر تێکەڵاو و لێکهەڵپێکراو بوون لەگەڵ یەکتری

هەمان مەسەلە بە سەر سیاسەتی فراوانخوازی تورکیا و ئەردۆغان لە ناوچەکەدا تەتبیق ئەبێ و هەمان شت بۆ ئێران و سیاسەتە فراوانخوازییە ناوچەییەکانیشی دەگونجێت. هەم ئێران و هەم تورکیا بلۆکی ئابووریین و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بە پلەی سەرەکی ڕێبازی سیاسی و سەربازی و ئەمنییان لە ناوچەکەدا دەجوڵێنن و دیاری دەکەن

کاتێک باس لە عێراق دەکەین، دەبینین کە زۆریی و قەبارەی گەورەی هێزەکانی دەسەڵات و ڕژێمی سیاسی کە لە سەدان هەزار هێزی سەربازی و میلیشیایی و ئەمنی پێکهاتووە، هاوتا نییە لەگەڵ پێداویستییەکانی جوڵەی سەرمایەی نەتەوەیی عێراق لە بواری کێبڕکێی ناوچەییدا

ئەوە ڕوونە کە بەرجەستەکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی نەتەوەیی لە ڕێگەی دەوڵەت و دەسەڵاتی ئەمرۆی عێراقەوە بەربەستی گەورەی لە بەردەمدایە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە سیستەمی سیاسی لەسەر بنەمای پشکپشکێنەی نەتەوەیی و تایفەگەری دامەزراوە و لەلایەن هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی ڕکابەرەوە کۆنترۆڵکراوە، و هەروەها بەو هۆیەشەوە کە وڵاتەکە لە ژێر کاریگەری ئەمریکا و ئێراندایە، و تا ڕادەیەکیش لە ژێر کاریگەری ئابووری تورکیادایە. ئەمەش بەو مانایەیە کە بەرژەوەندی سەرمایەی نەتەوەیی، واتە بەرژەوەندیی بۆرژوازی نەتەوەیی لەسەر ئاستی عێراق، لاواز و پەرپووتە، و ئەم سەرمایە نەتەوەییە توانای کێبڕکێی لەگەڵ سەرمایەی نەتەوەیی وڵاتانی ناوچەکە و بلۆکە ئابوورییە ناوچەییەکان و وڵاتانی ئیمپریالیست نیە

سیاسەتی فەرمی بۆرژوازی حوکمرانی عێراق و بۆرژوازی نێودەوڵەتی دابەشکردن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دابەشبوونی کۆمەڵگای عێراقە لەسەر بنەمای دین و نەتەوە و تایفە، و درێژەدانە بە ڕژێمی سیاسی بۆرژوازی بەم شێوەیە

تەنانەت ئەگەر گریمانە بکەین کە دەسەڵاتی ئێستا، یان باشتر بڵێین دەوڵەتی عێراق، توانیبێتی کێشەکەی یەکلایی بکاتەوە و ستوون و باڵ و هێزە جۆراوجۆرەکانی ڕژێم لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا یەکبخات بەجۆرێک کە هەمەلایەنەتر لە ئێستای نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی سەرمایەی نەتەوەیی عێراق بکات، ئەوا ئەم دەوڵەتە، - لەلایەن بەشێک لە چەپ و ئەو ڕەوتە سیاسیانەی کە باس لە "نیشتمان" و "بەرژەوەندی نیشتیمانی" دەکەن، و دەربارەی دەوڵەتی "مەدەنی" و "دیموکراسی" ئەدوێن و برەوە بە بیرۆکەی جێگیرکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و چەکداماڵینی میلیشیاکان و بلۆکە جۆراوجۆرەکانیان ئەدەن، وا لە قەڵەم ئەدری کە خۆکارانە خزمەت بە جەماوەر دەگەیەنێت

بەڵام ڕاستییەکە وانییە، ئەگەر دەسەڵات هێزەکانی یەکبخات و دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندی دامەزرێنێت، یان وەک دەڵێن "دەوڵەتێکی کۆنترۆڵکەر"، ئەوا ئەم دەوڵەتە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی سەرمایە دەکات، واتە بەرژەوەندییەکانی چینی بۆرژوازی، هەربۆیە زەحمەتکێشان و ستەملێکراوان و کرێکاران و گەنجان و ژنان لە جەمسەری پێچەوانەدا دەبن و بەدەست چەوساندنەوەی بەرژەوەندییە چینایەتییە ناسیۆنالیستییەکانی سەرمایە و دەوڵەتەکەیەوە ئازاردەچێژن

ئەوە بەرژەوەندی سەرمایەی گەورە و سەرمایەی ئەم بلۆکە سیاسیانە و دەوروبەرەکانیانە کە دەوڵەتە دامەزرەوەکە دەیانپارێزی و خزمەت بە بەرژەوەندی جەماوەر ناکات

ئەمەش ئەوەیە کە لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە تا ئێستا بینیومانە، واتە ئەوەی کە چۆن قۆناغە جیاوازەکانی شەڕی تایفەگەری، تیرۆر، ناسەقامگیری دەوڵەت و ڕژێم، و کۆنترۆڵکردنی داعش، تێپەڕین، و چۆن هەریەکێک لەو قۆناغە سیاسی و سەربازیانە دەسەڵات و دەوڵەتی بەهێزتر کرد، و چۆن ئەم دەوڵەتە لە بەرژەوەندی جەماوەر دابڕاوە و سیاسەتگەلێک جێبەجێ دەکات کە دژی بەرژەوەندی ئەوانە

ئەوەی پێشتر ڕوویدا لە داهاتووشدا ڕوودەدات، بۆیە دەمەوێت جەخت لەسەر خاڵێک بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەر خۆشباوەڕییەک بەوەی کە گوایە کێشەی جەماوەر چارەسەر دەبێت لەگەڵ سەقامگیری دەوڵەت و دامەزراندنی بەم ناوەڕۆکە چینایەتییە بۆرژوازییەوە، دوای یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی میلیشیاکان و کێشەکانی دیکە، زیان دەگەیەنێت بە پرسی ڕزگاربوونی ئینسانی زەحمەتکێش، چونکە لە واقعدا کێشە بنەڕەتیەکانی جەماوەری بەرینی خەڵک وەک خۆی دەمێنێتەوە و گۆڕانکاری لە بەرژەوەندی ئەوان ڕوونادات. تاکە گۆڕانێک کە دەتوانێت لە بەرژەوەندی ئەوان بێت ئەوەیە کە جەماوەری ستەملێکراو و زەحمەتکێش خۆیان ڕێکبخەن و ببنە هێزێکی سیاسی کە کاریگەریان لەسەر ڕەوەندە سیاسییەکانی وڵات هەبێت. تا ئەم ساتە هێزی بۆرژوازی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی ناوخۆ و دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و ناوچەیی کۆنترۆڵی ئەو ڕەوەندانە دەکەن

بەدەر لەوانە، جەماوەری کرێکاران، زەحمەتکێشان، گەنجان و ژنان بێدەنگ نەبوون. بینیمان چۆن ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغە جیاوازەکاندا لە ساڵانی (٢٠١١) و (٢٠١٥) و (٢٠١٧) و (٢٠١٨) و پاشان ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) کە گەورەترین ڕاپەڕین بوو لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا سەریهەڵدا

ئەم هەوڵانەی گەنجان و جەماوەری ستەملێکراو کە قوربانیی دەستی سەختیی ئەم هەلومەرجانە بوون، ئامانجیان فەراهەمهێنانی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بوو لە بەرژەوەندی خۆیان، بەڵام ئەمە نەهاتەدی. ئەویش هەر تەنها بەهۆی سەرکوتکردنەوە نەبوو، هەرچەندە سەرکوتکردن ڕۆڵێکی بنەڕەتی و سەرەکی هەبوو لە سەپاندنی پاشەکشەکەدا، و سەرکوتێک بوو لە ڕابردوودا بە دەگمەن بینراوە لە ناوچەکەدا و تەنانەت بەراورد ناکرێ بە ڕادەی سەرکوتکردنی شۆڕشی میسر کە سەرکەوتوو بوو لە ڕووخاندنی ڕژێمی موبارەک. واتای ئەمە ئەوەیە کە ململانێکان و بەرژەوەندیی ئەو هێزانەی کە کۆنترۆڵی دۆخی عێراقیان کردوە زۆر گەورەن، ئەمەش مانای ئەوەیە جەماوەر پێویستی بە جۆرێکی تری کار هەیە، واتە کاری ڕێکخراوتر و دیدگای سیاسی ڕوون و ڕێکخستنی بەهێز، و بەو مانایەیە کە ئەم هەوڵە پەرشوبڵاوانەی ئیستاتیان پێویستیان بە یەکگرتوویی هەیە لە هێڵێکی سیاسی شۆڕشگێڕانە و سۆشیالیستی ڕۆشندا

## ڕۆڵی ڕەوتی مارکسیستی

سەبارەت بە ڕۆڵی ڕەوتی مارکسیستی لە ڕەوەندی بارودۆخی عێراقدا، هەروەک لە ناونیشانی سیمینارەکەدا هاتووە، پێویستە دوو بابەت لەبەرچاو بگیرێت.

یەکەم، جەماوەر بە بێدەنگی دانەنیشتووە، و کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی زەرەرمەند لەم بارودۆخانە ناڕەزایەتیان دەربڕیوە و بەردەوام دەنگیان هەڵبڕیوە، و دووەم، ئەرکی بنەڕەتیش گۆڕینی ئەم ڕەوندە و یەکخستنی خەبات و ڕێکخستنییەتی

خۆتان ئەوە دەبینن کە ڕەوتی ناسیۆنالیستی هەیە و بەرچاوە، و خەڵکی تێدا ڕێکخراوە و دەسەڵات و حزبیان هەیە و کاریگەرییان لەسەر ڕەوەندی بارودۆخەکە هەیە. هەروەها، بزووتنەوە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان، لە ئاراستە جۆراوجۆرەکان، نفوز و سیاسەت و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە هەیە، بەڵام ئەگەر سەیری ڕەوتی مارکسیستی بکەین، دەبینین تا ڕادەیەک لاوازە، هەرچەندە بەسروشتی ڕەوتێکە لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە و پەیوەندیدارە بە خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوەکان لەبەرامبەر چەوساندنەوە و نادادپەروەری و ستەمکاریدا، و پەیوەندیدارە بە خەباتیان لە پێناو بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی و یەکسانی و ئازادیدا. ئەمانە توخمە ماددییەکانی ڕەوتی مارکسیستین و توخمگەلێکن کە بە زۆری لەناو کۆمەڵگادا بوونیان هەیە، بەڵام لە فۆرمێکی سیاسی ڕێکخراو و کاریگەردا نین

بێگومان گوشاری هێرشەکانی بۆرژوازی نێودەوڵەتی و هێرشی هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان بۆ سەر کۆمۆنیزم، تا ڕادەیەک ئیمیجی کۆمۆنیزمی شێواندووە لەنێو جەماوەردا بەڵام تاکە هۆکاری نێگەتیڤ نیە لەسەر ڕەوتی مارکسیستی

ئەو پارتانەی کە بە ڕووکەش بانگەشەی کۆمۆنیستی و مارکسیستی دەکەن، پاشەکشەیانکردووە، و ڕۆڵی نێگەتیڤیان هەبووە، ئەویش بەهۆی سیاسەتی سازشکارانە لەگەڵ بۆرژوازی دەسەڵاتدار، سیاسەتی سازشکردن لەگەڵ نەریت و بەها کۆنەپەرستانەکان کە لە کۆمەڵگادا هەن، هەروەها سیاسەتی تێکەڵبوونیان لەگەڵ دەسەڵات و ڕەوتە دەسەڵاتدارە ئیسلامییەکان و ئەوانی تر، ئەوەش بۆ ئەوەی ڕژێمی سیاسی بورژوازی بنیات بنێن و بەسەر کۆمەڵگادا بیسەپێنن

ئەوە ڕوونە کە ڕژێمی سیاسی قەت لەسەر بنەمای گشتی و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگا بنیات نەنراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای چینایەتی بنیات نراوە. هیچ دەوڵەتێک و ڕژێمێکی سیاسی نیە لە جیهاندا کە چینایەتی نەبێت. دەوڵەت یان لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و چەوساوەکانە، یان لە بەرژەوەندی بۆرژوازیە، واتە بەرژەوەندی سەرمایە. بڵاوکردنەوەی خۆشباوەڕی لەم بارەیەوە، بەربەستدانانە لەبەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی زەحمەتکێش زیانگەیاندنە پێی، و یەکێک لەو هۆکارانە بووە کە بۆتە هۆی زەربەدان لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕەوتی مارکسیستی

لە هەمان کاتدا ڕەوتی تریش هەن وەک چەپە ڕادیکاڵە سیاسییەکان هەرچەندە ئەوان دوورن لە کۆمەڵگا، بەڵام ڕەخنەی سیاسییان دانەپچڕاوە لە ڕەوتی ناسیۆنالیستی و لیبراڵی بۆرژوازی، و شێوازی کارکردن و سیاسەت و ئاسۆکانیان جیا نییە لەو ڕەوتانە، و ئەم دانەپچڕانەش هۆکاری سەرەکی ناکامییەکانی ئەم جۆرە چەپەیە

بەشێکی تریش هەیە، کە ئەوانە ڕۆشنبیران لێکدانەوە بۆ جیهان دەکەن و هۆگری سیاسەت و کولتوورن، بەڵام بەکردەوە هەنگاو نانێن بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری، واتە مارکسیزم و ڕەوتی مارکسیستی گرێنادەنەوە بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە و بەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە پێشتر ئاماژەم پێکردن

ئەوە ڕوونە کە بوونی ڕەوتی مارکسیستی شتێکی بابەتییە و تەنیا سوبژێکتیڤ نییە و پێکهاتەکانی ئەم ڕەوتە لەناو کۆمەڵگادا بوونیان هەیە

هەروەها سپێکترۆمێک (طیف) لە ڕۆشنبیران و ڕەوت و گرووپگەلێک هەن کە لەسەر بنەمای چینایەتی بیر لە سیاسەت ناکەنەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای جەماوەر بەگشتی و بەرژەوەندییە گشتییە هاوبەشەکان بیر لە سیاسەت دەکەنەوە، وە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو ناگرن کە کۆمەڵگا دابەشبووە بەسەر چین و توێژەکاندا کە بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە و ناکۆکەکن. پێویستە هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان ڕەوتی مارکسیزم و ئەم جۆرە ئاراستانەشدا بکێشرێت

ئاشکرایە، پێگەی سیاسی و فیکری هەر کەس و لایەنێک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئەم چینە یان ئەو چینە دیاریدەکری، و هەربۆیە بە گشتی بژاردەی سێیەم نییە، بەڵام هەندێک لە بەناو مارکسیستەکان ئەم ڕێبازە سێهەمیە هەڵدەبژێرن. هەڵبژاردنی ئەم ڕێگای سێهەمە تەنیا ئاکامەکەی دوورکەوتنەوەیە لە چینە کۆمەڵایەتیەکەیان، و گەنجان و ژنان و لە پرسەکانی ئەم چین و توێژانە

سەبارەت بە ڕۆڵی تیۆری مارکسیستی، گەر بە کورتی باسی بکەم؛ مارکسیزم لە جەوهەردا تیۆری خەباتی چینایەتییە، تیۆری ڕزگاری شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارە، و تیۆری و ڕەوتی ڕیفۆرمیستی سوود بە چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و بەهەژارکراوان ناگەیەنێ. ڕەوتی مارکسیستی، پەیڕەوی لە تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکس دەکات، وە ئەم ڕێباز و تیۆرییە بەکاردەهێنێ بۆ لێکدانەوەی واقیع و لایەنگریکردن لە هەوڵەکانی ستەملێکراوان و بەهەژارکراوان و خەباتەکەیان. ئەمەیە گرنگی تیۆری مارکسیزم، ئەم تیۆرییە تەنیا کۆمەڵێک دەق و بابەتی تیۆری و زانستی نییە، بەڵکو ئامرازێکی ڕەخنەیە لە دەستی چینی کرێکار و ستەملێکراواندا کە پێویستیانە بۆ تێگەیشتن لە جیهان و فەراهەم هێنانی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگادا. ئەگەر کرێکاران و زەحمەتکێشان لەژێر کاریگەری بیرۆکەکانی بۆرژوازیدا دەستبەرداری ئەو تیۆرییە ببن، ئەمە مانای ئەوەیە کە بەدەستی خۆیان خۆیان لە چەک دادەماڵن، و خۆیان ئەم چەکە فیکرییە وەلادەنێن کە پێویستیانە بۆ گرتنەبەری تیۆری و بەرنامەیەکی کاری شۆڕشگێڕانە بۆ گۆڕانکاری

---



مونەیەد ئەحمەد

## جارێکی تر ڕەوەندی سیاسی بارودۆخەکە

جارێکی تر دەگەڕێمەوە بۆ باسی ڕەوەندەکانی دۆخی سیاسی عێراق و ئەو خاڵە بنەڕەتییەی کە دەستم پێکرد، مەبەستم بەرژەوەندیی سەرمایەی نەتەوەیی عێراق و لاوازیەکەیەتی لە نێو کێبڕکێی وڵاتانی ناوچەکەدا، هەروەها بۆ تاوتوێکردنی هەندێک لایەنی دیکەی بابەتەکە. بە نموونەی ئێران دەست پێدەکەم: ڕژێمی ئێران پێویستی بە هێزێکی سەربازی و ئەمنی و میلیشیایی زۆر بەهێز هەیە، بۆچی، چونکە بەرژەوەندیی سەرمایەی نەتەوەیی ئێران گەلێک قەبەیە و توانای کێبڕکێی لەسەر ئاستی ناوچەکە هەیە، هەروەتر سەبارەت بە تورکیا کە سوپا و هێزی سەربازی گەورە و بەهێزی هەیە، و ئەمەش ڕێکدێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی سەرمایەی نەتەوەیی و وەبەرهێنانەکانی و بەرژەوەندییە ئابوورییە گشتییەکانی لە ناوخۆی وڵات و لە ناوچەکەدا. هەمان شت بۆ دەوڵەتانی کەنداو و ستەمکاری و میلیتاریزم و شەڕیان لە یەمەن و فراوانخوازیەکانی دیکەشیان دەگونجێت کە دێتەوە لەگەڵ قەبارەی گەورەی سەرمایە و قەبارەی گەورەی بەرژەوەندییەکانیان لەم وڵاتانەدا

بەڵام کاتێک سەیری عێراق دەکەین، بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی نەتەوەیی لە بنەڕەتدا پەرشوبڵاوە، و وەک ئاماژەمان پێدا، تاڕادەیەک دابەشبووە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، و سەرمایەی ناوەندی و سەرمایەی ڕۆژئاوای عێراق، وە ڕژێمی سیاسیش لەلایەن ڕەوتە نەتەوەیی و تایفگەرییەکانەوە باڵی بەسەردا کێشراوە، و دەوڵەتی ناوەندیش دەستی بەسەر ڕەوەندە سەربازی و سیاسی و ئەمنییەکانی ناو وڵاتدا نەگرتووە بەتەواوی.(بڕوانە پەراوێزی 1)

ئەو پرسیارەی کە دێتە ئاراوە ئەوەیە؛ لەکاتێکدا جوڵەی سەرمایە لە عێراقدا بەم شێوەیەیە و لە ژێر هێژمۆنی ئێران و ئەمەریکا و کاریگەریی ئابووری تورکیادایە، کەوایە بۆچی ئەم قەبارە گەورەیەی میلیشیا و هێزی سەربازی و ئەمنی و هەواڵگری و پۆلیسیان هەیە، کە بە سەدان هەزارن ؟ هۆکاری ئەم زۆرییەی هێزی سەرکوتگەرانە چییە؟ بێگومان هۆکاری سەرەکی بۆ بەکارهێنانیەتی لە ناوخۆدا، بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی هەنووکەیی و ڕێگرتنە لە سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی بەهێز لە وڵاتێکدا کە دەرگیری قەیرانی هەمەچەشنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییە

سەرەڕای ناکۆکییەکانی نێوانیان، هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان، بەرژەوەندیی سیاسی و ستراتیژیی هاوبەشیان هەیە لە پاراستنی ڕژێمەکەیان و ڕووبەڕووبوونەوەیان بەرامبەر جەماوەر. بەدەر لەهەر جیاوازییەکی نێوانیان هاوبەشن لە چەوساندنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و سەرکوتکردنی ناڕەزایەتیی جەماوەر و زەوتکردنی مافەکانی ژنان و سەرکوتکردنی بەرهەڵستیان. ئەو هێزانە هاوبەشن لە سیاسەتی ئابووری دەوڵەت کە بێکاری و هەژاری دروست دەکات، و هەروەها هاوبەشن لە خنکاندنی خواستەکانی گەنجان و فراوانکردنی ڕادەی دواکەوتوویی فیکری و مەعنەوی لە وڵاتدا

هەروەها ئەو حزبانەش کە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن لە واقعدا بەشێکن لە دەسەڵات تەنانەت گەر وەزارەتێکیشیان نەبێت و نەگێشتبنە پەرلەمان. فەلسەفەی هەبوونیان لەبرەوخستنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و نەهێشتنی هەر جوڵەیەکی جددییە بەرەو گۆڕانکاری

ئێمە لە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) ئەم سیمینارەمان سازداوە لە بەسرە و شانازی دەکەین کە لەم شارە دێرین و کریکارییەدا لەگەڵتاندایین. ئێمە ئەو ئاراستە بنچینەییانەمان گرتۆتەبەر کە باسمانکردن، هەروەها لە کار و تێکۆشانێکی بەردەوامیش داین بۆ گەشەپێدانی بزووتنەوە و ڕەوتێکی مارکسیستی بەهێز، و بۆ زیندووکردنەوەی مارکسیزم و گۆڕینی بۆ هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکریی بەهێز لە کۆمەڵگەدا

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) کراوەیە بۆ هەموو کەسێک، بۆ هەر مارکسیستێک، هەر شۆڕشگێڕێک، و هەر کەسێکی کرێکار و زەحمەتکێش و هەر کەسێک کە بیەوێت سەرکەوتنی خەباتی جەماوەری کرێکاران، زەحمەتکێشان، گەنجان و ژنان سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) ئامرازێکی ڕێکخراوەییە بۆ ئەوان، و بەشێکە لەوان، خەباتی ئێمە لەگەڵیان هاوبەشە

٢٠٢٤-٧-٤

پەراوێز:

ناکامییە سیاسییەکانی بورژوا ناسیۆنالیستی کورد لە هەرێمی کوردستانی عیراق و کێشەی دوو ئیدارەیی و دەسەڵاتی میلیشیا و ناکامیی ستراتیژی (پارتی دیموکراتی کوردستان) سەبارەت بە ئابوری سەربەخۆی کوردستان، بە هەمان شیوە پەیوەندیدارە بە مەسەلی سەرمایەی نەتەوەیی کوردەوە لە هەرێم و ئەمش پێویستی بە باسێکی تایبەتە (ئەم پەراوێزە زیاد کراوە- مونەیەد ئەحمەد)

---

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی سلێمانیی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

## نا بۆ ڕاگواستنی حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران لە ئۆردوگاکانیانەوە بۆ کەمپەکانی ئاوارەیی.

ئەو حزب و ڕێکخراوانەی کوردستانی ئێران کە لە ئۆردووگاکانی دەورووبەری شاری سلێمانی، واتا لە (زرگوێز و زرگوێزەڵە و بانە گەورە)ن، (ئاسایشی گشتی حکومەتی هەرێم) ئاگاداری کردوونەتەوە کە دەبێ ئۆردووگاکانیان چۆڵ بکەن و لە کەمپی ئاوارەکانی (عەربەت) و (سورداش) نیشتەجێ بن

تا ئێستا ئەم حزب و ڕێکخراوانە لەم ئۆردووگایانەدا هەوڵیانداوە ئاسایشی خۆیان بپارێزن لە دەست تیرۆری ڕژێمێک کە هیچ جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی فکری و سیاسی قبوڵ ناکات، و مێژوویەکی هەیە لە پاکتاوکردنی چالاکوانانی سیاسی و فڕاندنی نەیارانی خۆی، بۆیە ڕاگواستنیان بۆ ناو کەمپی ئاوارەکان، ڕاستەوخۆ گیانی ئەندام و کادر و لایەنگرانیان دەخاتەبەر مەترسی تیرۆر و فڕاندن

ساڵی پار (٢٠٢٣) حکومەتی عێراق و ئێران، ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کردووە، بە هاوکاری (حکومەتی هەرێم) و هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی، بۆ کۆتایی هێنان بە ئامادەیی و نیشتەجێ بوونی حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران، لە هەرێمی کوردستانی عێراق، وە لەو پێناوەدا چەندین سەردانی هاوبەشیان بۆ لای یەکتری کردووە، کە دواتریان سەردانی سەرۆکی هەرێم (ئایاری ٢٠٢٤) بۆ تاران و سەردانی سەرپەرشتیاری وەزارەتی دەرەوەی ئێران (عەلی باقری) بوو لە (حوزەیرانی ٢٠٢٤)دا، بۆ بەغدا و هەولێر و سلێمانی، بۆ کۆبوونەوەی لەگەڵ (سەرۆکی هەرێم) و (سەرەک وەزیرانی حکومەتی هەرێم)، و سەرۆکی (پارتی) و سەرۆکی (یەکێتی)، بە مەبەستی گوڕ پێبەخشینی پەروەندەی ڕێککەوتنامە ئەمنییەکەی نێوان (تاران- بەغدا- هەولێر)

گواستنەوەی ئەندام و لایەنگر و خانەوادەکانی ئەو حزب و ڕێکخراوانە کە پەنابەری سیاسین نەک ئاوارە، بۆ ناو کەمپی ئاوارەکان و هەڕەشە لێ کردنیان بەوەی کە مۆڵەتی مانەوەیان بۆ تازە ناکرێتەوە، پێشێلکردنی مافی ئازادی سیاسی و مەدەنییانە، وە پێچەوانەی هەموو ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەیە سەبارەت بە مافی پەنابەری سیاسی کە دەوڵەتی عێراق مۆری کردوون و حکومەتی هەرێمیش پابەندی خۆی ڕاگەیاندووە پێیانەوە

گەرچی میدیاکانی لایەنگری حکومەتی هەرێم و هەردوو حزبی دەسەڵات پاساوی ئەوە دەهێننەوە بۆ ئەم ڕێککەوتنامەیە کە گوایە بۆ ڕێگری کردنە لە چالاکی سەربازی لەسەر سنورەکانی هەرێم دژ بە ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بەشێکە لە واقعیەتی حکومەتی هەرێم و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار کە ئاگاهانە مانەوەی خۆیان لەو ڕۆڵەدا دەبیننەوە کە پیادەکەری بەرژەوەندە جیۆپۆلیتیکییەکانی بورژوا ئیسلامی و قەومی دەسەڵاتدار بن لە ئێران و تورکیا و عێراق دژ بە جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە

کۆمیتەی سلێمانیی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی، ئەم هەوڵانە بە پلانێکی مەترسیدار لە باری ئەمنییەوە دەبینێت و سەرکۆنەی دەکات، وە بانگەوازی خەڵکی ئازادیخواز لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەری و مەدەنییەکان، و کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکان دەکات، کە هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەم پلانە لە ڕاگواستنی ئۆپۆزسیۆن لە ئۆردووگاکانیانەوە بۆ کەمپەکانی ئاوارەیی. ئۆپۆزسیۆنی ئێران لە هەرێم مافی خۆیەتی ئازادانە کار و چالاکی سیاسی ئەنجام بدات

پاراستنی ژیان و ئاسایشی ئەم پەنابەرە سیاسییانە و ئەم حزب و ڕێکخراوانە لە ئەستۆی هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم و هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەیدایە و هەر ڕووداوێکی نەخوازراویش ڕوویدات ئەوان لێی بەرپرسن

٢٠٢٤-٦-٢٤

ڕێوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# ستراتیژە سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق



نادر عەبدولحەمەد

### 1. ڕاست و چەپی ناسیونالیزم، دەستاودەستی دەسەڵات

هاورای ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئابوورییەکان و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، نەک هەر ئۆپۆزسیۆنی قەومی لیبراڵ و ئیسلامی سیاسی وەک فشار بەسەر حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتدارەوە هاتوونەتە مەیدان، بەڵکو ناسیونالیزمێکی چەپی سەر بە ئایدیاکانی ئۆجەلان و ئەزموونی کوردستانی سوریا و تورکیای ئەو ڕەوتەش، گەشەیەکی کردووە لەبەرمبەر ناسیونالیزمی ڕاسترەوانەی زاڵ لەناو کۆمەڵگەی کوردستانی عێراقدا، بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنییەوە

گەرچی لە ئێستادا ئەم ناسیونالیزمە چەپە وەک ئۆپۆزسیۆنێکی بەرجەستەی سیاسی و عەلەنی خۆی نەخستۆتەڕوو، بەڵام هێزێکی یەدەک و حەشاردراوی بزووتنەوەی ناسیونالیستییە بۆ جێگرتنەوەی دەسەڵاتی ناسیونالیستی ڕاسترەو، لە کاتی هاتنەئارای قەیرانی دەسەڵات و لە توندیپێچە مێژووییەکاندا، بەمانایەک دەستاو دەست پێکردنی دەسەڵات، لە نێوان ڕاست و چەپی یەک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، کە ئەویش بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردە لە هەرێمەکەدا، بەڵام بەشکڵ و شێوازێکی جیاوازتر لەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی ڕاسترەوی لیبراڵ قەومی (نەوەی نوێ) و لایەنی تر، وەیا ئیسلامی سیاسی کۆنەپەرست لە ئێستادا لە هەوڵدان بۆی

### 2. سنوری ئەم وتارە

لەم وتارەدا ناچمە ناو باسی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەکەی، ناچمە ناو باسی ناسیونالیزمی چەپ و ڕاست لە هەرێم، بەڵکو دەمەوێت تیشکێک بخەمەسەر بارودۆخی ئێستای بزووتنەوەیەکی چەپی دەرەوەی ڕەوتی ناسیونالیزمی چەپ، واتا ئەوەی کە ناسراوە بە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق. ئەمەش بە مەبەستی دەرخستن و بەرجەستەکردنەوەی ستراتیژە سیاسییەکانی ناو ئەم بزووتنەوەیە کە لە بەرامبەر گشت ئەم بارودۆخە سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی هەرێمدا خراونەتەڕوو. وە لێرەشدا ناچمە ناو هەڵسەنگاندنی خەتە فکرییەکانەوە، بەڵکو باسەکەم پەیوەستە بە خەتی سیاسی و ستراتیژی سیاسییەوە. ئەوەش کە تا چەند خۆشباوەڕی (تەوەهومات) لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا هەیە بەرامبەر بە ناسیونالیزمی چەپ، یان کاریگەری ناسیونالیزمی چەپ لەسەر ئەم بزووتنەوە چەپ و کۆمۆنیستییە چەندە و چۆنە؟ ئەمەش باسێکی ترە و لێرەدا ناچمە ناویەوە

### 3. ئایە (حزبی شیوعی کوردستان) بەشێکە لە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستان؟

بۆ ئەوەی ڕۆشن بێتەوە کە مەبەستمان لە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق چییە، پێویستە بزانین ئایە ئەم حزبە بەشێکە لەو بزووتنەوەیە یان نا؟

(حشک)، نە لە مێژووی ڕاستەقینەی خۆیدا و نە لە ڕێبازە سیاسییەکەیدا، سەر بە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق نییە، لە ڕووی مێژوویەوە درێژکراوەی (ڕێکخراوی کوردستانی حزبی شیوعی عێراقی) یە، کە ئەو حزبە عێراقییە هەمیشە سازشکار و هاوکاری حزبە ناسیونالیستە کۆنەپەرست و سەرکوتگەرەکانی کورد بووە، بەتایبەتیش باڵی عەشایەر و هەرە کۆنەپەرست و دواکەوتووەکەی (پارتی)، چ لە ساڵانی شەستەکان و چ لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە بزووتنەوەی چەکداری ناو شاخەکانی سەرسنوردا، کاتێکیش (لە ١٩٩٣دا) ئەم ڕێکخراوی کوردستانە دەبێتە (حزبی شیوعی کوردستان) بەردەوامی بەهەمان خەت و ڕێبازی سیاسی دەدات لە نەوەتەکان سەدەی بیستەوە هەتا ئێستا

سەیرکەن لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا و لە (٣١ی ئابی ١٩٩٦) کە (پارتی) بەهاوکاری سوپای (بەعس) هەولێر دەگرێتەوە، (حشک) خاوەنی وەزیر بووە لەو حکومەتەی کە (پارتی) پێکیهێناوە لە هەولێر! سەیرکەن لە کاتێکدا لە (١٧ی شوباتی ٢٠١١)دا خەڵک ڕاپەڕیوە و (١٠) خۆپێشاندەر کوژراون، وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم و قسەکەری حکومەتی هەرێم ئەندامێکی مەکتەب سیاسی ئەو حزبە بووە! گەرچی لە کۆنگرەی حەوتەم (٢٠٢١) ەوە بڕیاردرا کە ببێتە حزبێکی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئۆپۆزسیۆنێک کە هەندێک لە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی و مەکتەب سیاسییەکەی ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم و ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتن! سەرەتای کۆنگرەکەشیان بە (سرودی ئەی ڕەقیب) کە سرودێکی قەومی ڕەگەزی (ئیسنیتکی) کوردە، نەک سرودێکی نیشتمانی کوردستانی، دەستپێکرد، سرودی ئینتەرناسیونالیان خستەناو تەنەکەی خۆڵەوە

(حشک) هەتا حزبێکی ڕیفۆرمیستیش نەبووە و نیە، بەڵکو بەشێک بووە و ئێستاشی لەگەڵ بێت بەشێکە لە بزووتنەوەی کوردایەتی، هەتا لەناو کوردایەتیشدا باڵی چەپ نەبووە و نیە، ئەم حزبە بە چەمکی سیاسی لە ئەوروپای ڕۆژاوا، پێی دەڵێن حزبێکی ڕاسترەوی مامناوەندی قەومی (یمین الوسط القومي)، لە کاتێکدا یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا، هەستیاری و دوژمنایەتییە سیاسییەکەیەتی بەرامبەر بە حیزبە نەتەوەییەکان، کەچی مێژووی (حزبی شیوعی کوردستان) مێژووی پاشکۆیەتییە بۆ ناسیونالیزمی کورد و حزبە فەرمانڕەواکان، هەروەک حزبی دایکی خۆی (حزبی شیوعی عێراق) کە پاشکۆی ناسیونالیزمی عەرەب و ڕژێمە سەرکوتگەرەکانی وەک (بەعس) بوو. بۆیە ئەم حزبە نەک هەر کۆمۆنیست نیە، بەڵکو چەپێکی بورژوازی ناو کۆمەڵگەش نیە

### 4. چوارچێوەی گشتی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی

بزووتنەوەی چەپ لە کوردستانی عێراق، دەرئەنجامی جیابوونەوەی ڕۆشنبیرانی مارکسیستە لە حزب و ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان لە ناوەڕاستی حەفتاکان بەدواوە تا نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو. لە سەرەتای نەوەتەکاندا خۆی لە (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) دا کۆکردۆتەوە، پاشان بە جیابوونەوەی بەشێکی بەرچاوی کادرەکان و بە هەڵمەتی سەرکوتگەرانەی حزبە ناسیونالیستەکان و ترۆری کادر و ئەندامانی و بنبەست و شکستی سیاسی، نەک هەر حزبەکە، بەڵکو گشت بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی بردە دواوە و پەرتەوازە بوو، هەڵسوراوان و کادر و ئەندامانێکی زۆر دەستیان لەکار کێشایەوە و کۆچیان بەرەو دەرەوەی وڵات کرد

دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەک (٢٠٠٠-٢٠١٠)، دەیەی پوکانەوە و پاشەکشەیەکی بەرچاوی ئەم بزووتنەوەیە بوو، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان و وەرێکەوتنی بزووتنەوەی بەرگری لە ئازادییە سیاسییەکان دژ بە ترۆری ڕۆژنامەنوس (سەردەشت عوسمان) لە (٢٠١٠) و پاشان (١٧ی شوباتی ٢٠١١) کە هاوکاتی شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا (تونس) و (میسر) بوو، ڕەوەندێکی ڕوو لە گەشە و چوونە پێشی بەخۆیەوە بینی، و نەوەیەکی تازەش بە ئەڵقە و کۆڕوکۆمەڵی مارکسیستییەوە هاتە مەیدان لە (٢٠١٣) بەدواوە

لە دە ساڵی ڕابردوودا (٢٠١٤-٢٠٢٤)، بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا گۆڕانکارییەکی بەخۆوە بینیوە، وێڕای ڕووهێنانی نەوەیەکی تازە بۆ مارکسیزم، ئەو حزب و ڕێکخراوانەش کە پێشتر لەئارادابوون (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری) و (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، دەستەجاتی تازەی وەک (ئاڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی) و (ڕەوتی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان-کوردستان) هاتوونە ئاراوە و ڕێکخراوی وەک (بەدیلی کۆمۆنیستی) هاتۆتە مەیدان

دیارە کە چەند ئەڵقە و دەستەجاتی تریش لە ناو سۆشیال میدیادا هەن، کە کاری پروپاگەندەی سۆشیالیستی ئەنجام دەدەن، یان بەکارێکی دیاریکراوی وەک وەرگێڕانی بەرهەمە فکری و سیاسییەکانی کەلەپوری مارکسیزمەوە مەشغوڵن. ئەمە جگە لە ژمارەیەکی زۆروزەوەند لە هەڵسوراوانی چەپ و کۆمۆنیست کە پێشووتر ئەندامی کارا و چالاکی حزب و ڕێکخراوەکان بوون و ئێستا لەبەرخۆیانەوە بە فەردی یان لەناو ڕێکخراوەیەکی جەماوەریدا، چالاکی ئەنجام دەدەن و مەیلی ڕێکخراو بوونی کۆمۆنیستانە (تەحزووبی کۆمۆنیستی) و چالاکی ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستیان زۆر لاوازە، لە ئەوروپا بۆ ئەو جۆرە کۆمۆنیستانە چەمکی "کۆمۆنیستی بێ خانەولانە--Homeless Communists" بەکار دەبرێت

تێبینی: (ئەڵقە) و (کۆڕوکۆمەڵ) وەک گردبوونەوەیەکی سەرەتایی، و (دەستە) وەک ئاستێکی بەرزتری گردبوونەوە بەکاردەهێنم. (حزب) (گرووپ)، (ڕێکخراو)، بۆ ئەو گردبوونەوانە بەکاردەبەم کە کارێکی سیاسی ڕێکخراو بەپێی ستراتیژێک ئەنجام دەدەن

### 5. بەراوردێک

بە پێچەوانەی ساڵانی هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی بیست، کە کێشمەکێش (جەدەل)ی فکری و سیاسی لە نێوان ئەڵقە و گروپ و ڕێکخروەکاندا تاوی سەندبوو، لەم دوورەیە لە ژیانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق زۆر کەمتر ئەو خەباتە فکری و سیاسییە ناوخۆییەی نێوان حزب و ڕێکخراوەکان و گرووپ و ئەڵقەکان لە ئارادایە و هەر لایە سوورە لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەوانی تر و سەرگەرمی دنیای خۆیەتی. ئەڵبەتە ڕەخنە وەک دەستپێشەکەری کەسەکان لە سیاسەت و خەتی فکری ئەم یان ئەو حزب و ڕێکخراو لەئارادا بووە، ئەوەی مەبەستی منە ئەوەیە ئەو کارە وەک سیاسەتێکی دیاریکراو لە لایەن خودی حزب و گروپ و ڕێکخروەکانەوە بەرامبەر یەکتری نەگیراوەتەبەر

گەرچی ئەم کارە بۆی هەیە ببێتە گرژی و ئاڵۆزی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ئەو بزووتنەوەیە زیاتر لەوەی کە ئێستا لە ئارادایە، بەڵام مارکسیزم و کۆمۆنیزم نەک هەر لە ڕێگەی کێشمەکێشە فکری و سیاسییەکانەوە، دژی ڕەوتە زاڵ و سەرەکییەکانی فکری بورژوازی دێتە مەیدان و خۆی ئەزموون دەکات، بەڵکو دژی ئەو ڕەوت و مەیلە فکری و سیاسیانەش کە ڕەنگدانەوە و سێبەری ڕەوتە ئەسڵییەکانی بورژوازین لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا، خۆی مشتوماڵ دەکاتەوە، پێشڕەوی دەکات و کاربوردەکەی واتا شیاوی بەکارهێنانی مارکسیزم لەسەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەزموون دەکرێت و وەک مێسۆد و جیهانبینییەکی گشتی لێکهەڵدەپێکرێت بە تایبەتمەندی جوگرافیایەکی دیاریکراووەوە

### 6. ئێستای بزووتنەوەکە

• لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بەشێک لە کەسان و لە ئەڵقە و کۆڕوکۆمەڵە مارکسیستەکانی نەوەی تازە کە ڕوویان هێنابوو بۆ مارکسیزم، ئێستا یا دەستبەرداری مارکسیزم بوون، یا خاوبوونەتەوە و نەیان توانیووە گەشە بکەن و بەرزببنەوە بۆ ئاستی خۆ ڕێکخراوکردن و هاتنەمەیدانی کاری سیاسی جدی، و وەک ئەڵقەی تاوتوێ کردنی باسە فکرییەکانی مارکسیزم درێژە بە خۆیان دەدەن

شکستی پرۆژەی ڕۆشنبیرانی ناسیونال لیبراڵ کە سوپایەک لە قەڵەم بەدەستان و میدیاکارانیان هەڵخراند بوو (بەسیج و تەحشید کردبوو) بۆ هەڵهەلە لێدانی هێنانەدی "دەوڵەتی یاسا" بە دەستاودەستپێکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی پەرلەمانەوە و چووبوونە پشت (بزووتنەوەی گۆڕان)ی ئەو کاتە، بەڵێ شکستی ئەم پرۆژەیە بەشێک لە ڕۆشبیران و نوسەرانی تازە لاوی ناو ئەو سوپایە و دەرەوەی ئەم سوپایەی توشی هەڵوێستە و تێرامان کرد و ڕوویان هێنا بۆ مارکسیزم. ئێستا جێگەی داخە پاش تێپەڕبوونی لانی کەم دەهەیێک (دە ساڵ) بەسەر هاتنەئارای ئەم نەوە تازەیەی مارکسیزمدا، نەیتوانی بگاتە ئەو ئاستە لە گەشە و پێشڕەوی کە چاوەڕوانی لێ دەکرا ببێتە "خوێنێکی تازە" بۆ ناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق

• دەستەی (ئاڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی)ی ڕۆژنامەکەیان (ڕێچار) دوو ساڵ زیاترە وەستاوە، ماوەیەکیشە ماڵپەڕی سەرەکی ئەم دەستەیە و ماڵپەڕی ڕۆژنامەکەشیان لەکار کەوتووە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم دەستەیە پێشتریش هەر لە ساڵی شکڵگیرییەکەوە (ئەیلولی ٢٠١٦) تا ئێستا (کە نزیک بە هەشت ساڵە)، پەنای نەبردۆتە بەر خستنەڕووی ستراتیژێک بۆ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی، و دەرکردنی بەیاننامە و هەڵوێست نواندن، وە زیاتر مەشغوڵی پروپاگەندەی سۆشیالیستی بووە دژی سەرمایەداری و بورژوازی بە شێوەیەکی گشتی. لە باشترین حاڵەتدا دەکرێ بڵێین ئەم پروپاگەندەیە ستراتیژیان بووە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا، و نەیانتوانیوە لەو ئەڵقە سەرەتاییە واوەتر بڕۆن و بێنەدەرەوە بۆ ناو جیهانی مارکسیزمی پراتیک و چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستی، لە شوێنی خۆیان گیریان کردووە و هیچ دۆکیومێنتێکی ڕەسمیشیان ڕانەگەیاندووە کە بۆچی ڕۆژنامەکەیان وەستاوە؟ بۆچی ماڵپەڕەکانیان وەستاوە؟ بۆچی هیچ شتێک بەناوی دەستەکەوە لە ئارادا نەماوە؟

• دەستەی (ڕەوتی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان-کوردستان)، سەربە سونەتێکی فکری و سیاسی دیاریکراون، کە ئەویش هێڵی فکری ترۆتسکی - تۆنی کلیف و (حزبی کرێکارانی سۆشیالیست-بریتانیا)یە، و چالاکن لە سۆشیال میدیا و پروپاگەندەی سۆشیالیستی و ڕەواجدان بە بەرهەمەکانی ئەو خەتە فکریە و بەگشتیش بە بەرهەمە مارکسیستی و سۆشیالیستییەکان. ئەم دەستەیە هەنگاوی هەڵێناوەتەوە بۆ دیاریکردنی هێڵی بەرنامەیی و سیاسی خۆی لە ئاستێکی زۆر گشتیدا، لە دۆکیومێنتێکدا بەناوی (هێڵی گشتی سیاسەتەکانی ...)، بەڵام هێشتا ستراتیژی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی؛ ئەوەی کە لە کوردستاندا دەیەوێت چی بکات و چۆن ئەنجامی بدات و بۆی هەڵسوڕاو بێت، بە دیاریکراوی نەیخستۆتەڕوو، هەر بۆیە ئەمیش هەڵوێست نواندنی سیاسی نییە، وەک دەرکردنی بەیاننامە بەناوی گرووپەکە خۆیەوە، لەسەر بارودۆخی سیاسی و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و خۆپێشاندانەکان لە هەرێمی کوردستان، وەیا بۆنەکانی هەشتی مارس و یەکی ئایار. لە نێوان هاوڕێیانی ئەم دەستەیە و هاوڕێیانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) دا، پەیوەندییەکی هاوڕێیانە بۆ دیالۆگ و بیرورا گۆڕینەوە، ناوەناوە لە ئارادایە، بەڵام پەیوەندیەکی فەرمی و ئامانجدار بە مەبەستێکی دیاریکراو نییە، وەک ئەوەی کە پێشتر لە نێوان (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) و (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)دا هەبوو

• ڕێکخراوی (یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق)، دوای چەند دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) لە کۆتایی تشرینی دووەم (نۆڤێمبەر)ی (٢٠١٨) بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد، کە تیایدا هاتووە [.... مەبەستی سەرەکی ئەم دانیشتن و گفتوگۆیانە واوەتر بوو لە کاری هاوبەش و هاوکاری نێوان دوو ڕێکخراوی سیاسی، و لە بنچینەدا ئامانج لێی پێکهێنانی هاوفکری و هاوڕایی سیاسی و بەرنامەیی و چونەناو پرۆسەیەکی سیاسی عەمەلییە بۆ یەکگرتوویی و هەنگاونان بەرەو هێنانەدی حزبێکی کۆمەڵایەتی مارکسیستی شۆڕشگێڕ]، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەوە کە هاوڕێیانی (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) مەیلیان بەلای ئەزموونی سیاسی (پەیەدە -پارتی یەکێتی دیموکرات) لە کوردستانی سوریا و ئایدیا و ئایدیۆلۆژیای پشتی ئەم ئەزموونە پەیدا کرد، بە عەمەلی کشانەوە لەم پەیوەندییە و لەم پرۆسەیەی کە بڕیاربوو بچنەناویەوە لەگەڵ (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)دا

ئێستا (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) نزیک بە دوو ساڵە، هیچ چالاکییەکی عەمەلی و عەلەنی ئەنجام نەداوە بەناوی ڕێکخراوەکەوە، هیچ بەیاننامەیەکی دەرنەکردووە لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناو هەرێمی کوردستان و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و خۆپێشاندانەکان و بۆنەکانی وەک هەشتی مارس و یەکی ئایار، کە ساڵانی پێشووتر ئەو کارەی دەکرد. وە هیچ ڕاگەیاندنێکیشان دەرنەکردووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو "ڕێکخراوە" و کۆتایی هاتنی

• هەرچی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق)ە لەلایەن (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان)ەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق) و (ئاڕاستەی مارکسستی هاوچەرخ)، تا ئێستا نەک هەر لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی هەرێم و لەناو ناڕەزایەتییەکاندا، بەڵکو لەناو خودی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیشدا، چالاکییەکی سیاسی ئەوتۆیان نییە لە کوردستانی عێراق

### 7. سێ ستراتیژ لەناو بزووتنەوەکەدا

سەرەتا ئەوە بڵێم کە ناوەڕۆک و جەوهەری هەر ڕەوتێک، هەر حزب و ڕێکخراوێک، ئەو پراتیکە سیاسییەتی کە لە جیهانی واقیعیدا پیادەی دەکات، نەک ئەوەی سەر بە چ خەتێکی فکرییە و بانگەوازی چ فکر و ئایدیۆلۆژیایەک دەکات

پراتیکی سیاسی هەر حزب و ڕێکخراوێکیش بەدەوری تەوەرەێک (چەقێک،ناوەندێک،میحوەرێک)دا دەسوڕێتەوە. واتە کێشەیەک، گرفتێک، یا مەسەلەیەک دادەنرێت بە گرێ و کێشەی سەرەکی و جەوهەری کە کۆمەڵگە گیریخواردووە بەدەستیەوە، جا لێرەوە چالاکی و کاری سیاسی ئەنجام دەدرێت بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەو کێشە و گرفتە و مەسەلە ئەسڵی و جەوهەرییە

ئەوەی پێی دەوترێت ستراتیژ بریتییە لە کۆیەکی ئۆرگانیکی تەوەرە و پراتیکەکە وەک یەکەیەکی لێکهەڵپێکراو، واتا بریتییە لە یەکەیەکی پێکهاتووی ئۆرگانیک لەو ناوەندە کە بەدەوریا پراتیک ئەنجام دەدرێت، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتیش تاکتیک دەگیرێتەبەر لە قۆناغە جیاوازەکان و لە هاوسەنگی هێزی جیاواز و لە ئاستە جیاوازەکانی خەباتدا بۆ ئەنجامدانی ئەو پراتیکە، بەم پێیە تاکتیک بەشێکە لە ستراتیژ و پێکهێنەرێتی و لێی جیانابێتەوە

تا ئەو شوێنەی کە پەیوەست دەبێتەوە بە ستراتیژی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئەمڕۆی کوردستانی عێراقدا ڕووبەڕووی دوو هێڵ و ڕێبازی سیاسی جیاواز بە یەکترین. کە یەکێکیان ستراتیژی (حکک کوردستان)ە و ئەوی تر هی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)یە

پێشتر ستراتیژێکی تر کە (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) لەسەری دەڕۆیشتن لە ئارادا بوو، بەڵام ئێستا بەو پێیەی کە ئەم ڕێکخراوە هیچ جۆرە چالاکییەک لە خۆی نیشان نادات و هاوڕێیانی ئەو ڕێکخراوەش ڕوویان هێناوە بۆ ستراتیژ و بەرنامە و ئایدیایەکی تر کەسەر بە ئەزموونی کوردستانی سوریایە، بۆیە خودی ستراتیژەکە لە مەیداندا نەماوە، بەڵام ئێمە لە کۆتاییدا بۆ بەرجەستەکردنەوەی هەرچی زیاتری ستراتیژی کۆمۆنیستی و جیاوازی لە ستراتیژەکانی تر باسی لێوە دەکەین وەک ستراتیژی سێیەم

• ستراتیژی سەربەخۆیی کوردستان، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان.

ئەم ستراتیژە لە بەڵگەنامەکانی دامەزراندنی ئەم حزبەدا لە (٢٠٠٨) و لە بەرنامە و چەندین بەیاننامە و ڕاگەیاندنی پلینۆمەکانی کۆمیتەناوەندی و بڕیارنامە و پەسندکراوەکانی حزبیدا هاتووە، وە لە ڕووی کردەی سیاسیشەوە، ئەم حزبە نەک هەر چووە پشتی "ڕیفراندۆم" لە ئەیلولی (٢٠١٧)دا، بەڵکو بە بەشداری کۆڕ و سمینارێش لەلایەن کادرەکانی ڕابەری حزبەوە چالاکانە بۆی هەڵسوڕاو بوو. ئەمە و سەربەخۆیی کوردستان و ڕیفراندۆمەکە جێگەی پشتیوانی حزبە کۆمۆنیستییە کرێکارییەکانی تری وەک (حکک عێراق) و (حکک چەپی عێراق) و حزبە کۆمۆنیستە کرێکارییەکانی ئێرانیشە

(حکک کوردستان) بۆ ماوەی دە ساڵ (٢٠٠٨-٢٠١٨) پافشارییەکی یەکجار زۆر زەقی لەسەر سەربەخۆیی کوردستان کردۆتەوە، بەڵام شکستی ناسیونالیزمی کورد بەدوای "ڕیفراندۆم"ەکەدا ئەوانەشی توشی داماوی کرد کە لە لای چەپیەوە وەستابوون، بۆیە هێواش هێواش مەسەلەی پێداگرتن و باسکردنی سەربەخۆیی کوردستان لای حزب، ساڵ لەدوای ساڵ کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە لە بەیاننامە و ڕاگەیاندنی پلینۆمەکان و بڕیارنامەکاندا تا دەگات بە دوایین کۆنگرە (کۆنگرەی شەش/ مارسی ٢٠٢٤)، کە لە جیاتی پێداگری لەسەر سەربەخۆی لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەکەدا هاتووە [پێویستی بەرجەستەبوونی حزب وەک حزبێکی ئۆزسیۆنی سەرەکی ... و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی گەندەڵ و ... دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆراکانی خەڵک. ... پێداگری لەسەر بردنەسەری یەکدەستی زیاتری هەردوو حزبی

بۆ ل٥

# دەربارەی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## جەلال ئەلسەباغ



ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕۆژنامەگەری، ساڵانە ڕێکەوتی سێی ئایارە، وە بەم بۆنەیەوە دەتوانین بڵێین کە عێراق یەکێک لەو وڵاتانەیە کە زۆرترین سەرکوتی ڕۆژنامەنووسانی تێدایە؛ کە ڕووبەڕووی مردن، دەستگیری و هەراسانکردن دەبنەوە، یان ناچار بە هەڵهاتن و خۆشاردنەوە دەکرێن

هەبوونی ژمارەیەک لە سەندیکا و ڕێکخراو لە بواری کاری ڕۆژنامەوانی و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان، نەک هەر نەیتوانیووە بەر بگرێت بە هەوڵەکانی تەنگەبەرکردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامە نووسان، بەڵکو "سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق"، کە چاوەڕێ دەکرێت ئەو لایەنە بێت کە بەرگری لە مافەکانی ئەم توێژە بکات، ئۆرگانەکانێکی ئەم دەسەڵاتەیە و خۆی ڕۆڵی کۆنترۆڵ کردنی کاری ڕۆژنامەگەری دەگێڕێت بۆی. ئەم سەندیکایە، بە سەرۆک و بەڕێوەبەرایەتییەکەیەوە، زورناژەنی ئەم ڕژێمە و داروودەستەکانیەتی، جا یان لە ڕێگەی دەهۆڵ لێدان بۆ دەسەڵات و هەوڵدان بۆ جوان کردنی سیما و ڕووخساریەوە بێت، یان لە ڕێگەی هەڵوێستە بێ ئابڕووەکانیەوە بێت بەرامبەر بە پلانە بەرنامەڕێژکراوەکانی دەسەڵات بۆ تەنگەبەرکردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین و میدیا، ئەمە جگە لە هەڵوێستە هەلپەرستەکانی کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی بەڕێوەبەرییەکەی و ئەوانەشە کە بەهرەمەندن لەم ئۆرگانە

هێزە تائیفی و قەومییەکانی فەرمانڕەوای عێراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، توندتر دەستدادەگرن بەسەر جەمگە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و هەر ئێستا خەریکی دارشتنی چەند یاسایەکن تا دەستیان ئاوەڵا بکاتەوە بۆ هەرچی زیاتر سانسۆر کردن و ڕێگری کردنی هەر کەسێک کە هاوڕای سیاسەتەکانی ئەوان نەبێت وەیا دژ بە پرۆژە ئایدیولوژیەکانیان بێت، وەک یاسای (ناوەڕۆکی داتای دیجیتاڵی - المحتوى الرقمي)، کە بەپێی یاساکە، هەر کەسێک ڕەخنە بگرێت لە لایەنێکی سیاسی یان دینی، لێ پرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و سزا دەدرێت بە بڕە پارەیەک (غرامة) یان زیندانی کردن. هەر بەپێی ئەم پرۆژە یاسایە، ئەو کەسانەی کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بابەتێکی ڕەخنەگرانە بڵاو دەکەنەوە، وای بۆ لێکدەدەنەوە کە گوایە ئەمە دژ بە "بەرژەوەندیە ئابووری، سیاسی، عەسکەری و ئەمنییە باڵاکانی وڵات"ەکەیە و سزاکەشی دەگات بە زیندانی هەتاهەتایی. ئەم هەوڵانە بۆ دارشتنی یاساگەلێکی لەو چەشنە سەرەتایەکن بۆ چەسپاندنی فاشیزم لە عێراقدا

هەروەها ئەو پرۆژە یاسایەی کە پێشنیار کراوە لە پەیوەند بە ئازادی ڕادەربڕین و گردبوونەوەی ئاشتیخوازانە، بەجۆرێک داڕێژراوە کە بیانوو دەداتە دەسەڵاتداران بۆ دادگایی کردنی هەڕەمەکی و ناڕەوای هەرکەسێک کە کۆمێنتێکی گشتی نووسیبێت بەو بیانووەوە کە گوایە "داب و نەریت" و "ڕەوشت"ی گشتی کۆمەڵگای لەکەدار کردووە. ئەم دەستەواژە لاستیکی و ناڕوون و نادیارانە ڕێگە دەدات بە دەستگیرکردن و لێپرسینەوە لە هەر کەسێک کە هاوڕای ڕژێم نەبێت و ئۆپۆزسیۆنی بێت. "داب و نەریت" و "ڕەوشت"ی گشتی کۆمەڵگا، ئەو کۆت و بەندانەن کە دامودەزگای دەوڵەت دای دەسەپێنێت لە پێناو دژایەتی کردنی نەیارانی خۆی

ژمارەی ڕۆژنامە نووسانی کوژراو لە عێراق، لە سەرەتای هێرشی ئەمریکاوە ساڵی (٢٠٠٣) هەتا ئێستا، زیاتر لە (٥٠٠) ڕۆژنامە نووسە لە هەردوو ڕەگەزی ژنان و پیاوان، کە لە کاتی چالاکییە سەربازیەکانی ئەمریکا و هاتنە ناوەوەی هێزەکانیدا بۆ ناو عێراق کوژراون، وە یان لە کاتی جەنگی تائیفی ساڵی (٢٠٠٦) و پاشان لە هەڵمەتی جەنگ دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، کوژران. هەروەها لە ڕاپەڕینی ئۆکتوبەری (٢٠١٩)دا ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی لەلایەن میلیشیاکان و دامودەزگا ئەمنییەکانی تری دەسەڵاتەوە کوژران. ئەمە جگە لەوەی کە فڕاندن و زیندان کردنی ئەو ڕۆژنامەنووس و چالاکوانانەی ڕەخنەگرن لە پیاوانی ئاینیی و سەرۆک عەشیرەتەکان هەر بەردەوامە و بە بەرچاوی هێزە ئەمنیەکانیشەوە بە دۆکیومێنت دەکرێت، بەبێ ئەوەی کە هیچ لێپرسینەوەیەک لە ئەنجامدەرانی ئەم تاوان و پێشێلکاریانە بکرێت. ئەمە و هەمیشە تاوانەکانی فڕاندن و کوشتنی ڕۆژنامەنووس و چالاکوانان بەناوی فڕێنەری نادیار و بکوژی نەناسراوەوە تۆمار دەکرێن و هیچ کات ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە ئاشکرا ناکرێن و سزا نادرێن، بە پێچەوانەشەوە تاوانباران زۆربەی کات ئازاد دەکرێن، هەروەک لە کوژرانی ڕۆژنامەنووس (هیشام ئەلهاشمی) دا بینیمان. هەروەها هەندێ لە تاوانەکانیش بێدەنگیان لێ دەکرێت و پەردەپۆش دەکرێن، وەک کوژرانی ڕۆژنامەنووس (ئەتوار بەهجەت) و ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) لە هەولێر و تاوانی کوشتنی ڕۆژنامەنووس (ئەحمەد عەبدولسەمەد) لە گەرمەی (ڕاپەڕینی ئۆکتوبەر) دا لە بەسرە، ئەنجامدرا

ئەڵبەتە بارودۆخی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامە نوسان لە هەرێمی کوردستاندا باشتر نیە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، بەڵکو دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزبی قەومی و بەشدارانی تری دەسەڵات هیچ کات دەست ناپارێزن لە خستنەگەڕی تەواوی ئامرازە سەرکوتگەرەکانیان لە دەستگیرکردن و ئەشکەنجە و دادگایی کردنی میدیاکان بۆ تەنگەبەرکردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین. ئەمەش کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر مافی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، وە دەبێتە پاڵنەرێک بۆ پاشەکشە و دوورکەوتنەوە و خۆشاردنەوە وەیان دەست کێشانەوەی یەکجاری لە کاری ڕۆژنامەگەری، ئەمە لە کاتێکدا کە زۆرێک هێشتا لە زیندانەکاندان

هەروەها ئەگەر سەیرێکی بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین دەبینین لە ئەنجامی ئەو جەنگ و کێشمە کێشانەی لە ئارادایە لە زۆرێک لە وڵاتەکاندا ڕۆژنامەنووسان لە دۆخێکی یەکجار سەختدا کاری ڕۆژنامەگەری دەکەن

جەنگی فاشیستانەی ئیسرائیل کە هەڵیکوتاوەتە سەر کەرتی غەززە تا ئێستا زیاتر لە (١٥٠) ڕۆژنامەنووس تیایدا کوژراون

لە سوریاش لە تەقینەوەی کێشمەکێشەکانەوە، لە ساڵی (٢٠١١)ەوە هەتا (٢٠٢٣)، ژمارەی ڕۆژنامە نووسە کوژراوەکان لە ماوەی (٧) ساڵدا وە بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، گەیشتۆتە (٦٣٤) ڕۆژنامەنووس

هەرچی یەمەنە هەتا ساڵی (٢٠٢٢) ژمارەی ئەو کوژراوانەی کە لە بواری ڕۆژنامەگەری دا کاریان دەکرد گەیشتە (٥٠) کەس

لە سودان بەپێی ڕاپۆرتاکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنوسانەی کە ڕووبەڕووی پێشێلکاری ڕاستەوخۆ بوونەوە گەیشتۆتە (٣٩٠) کەس، جگە لەوەی کە (٥) ڕۆژنامەنووسی پیاو و (٣) ڕۆژنامەنووسی ژن بریندار بوون و دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەریان. وە (٣٩) حاڵەتی فڕاندن و دەستگیرکردن ڕوویداوە هەر لە سودان کە (٥) لە ڕۆژنامەنووسەکان ژن بوون، لەگەڵ (٢٨) حاڵەتی تاقە کردن لە ڕۆژنامە نوسان کە (١٠) یان ژن بوون. هەر ئەمساڵ هەتا مانگی ئازار (٦) حاڵەتی کوژرانی ڕۆژنامەنووس تۆمارکراوە

لە ئێران و لوبنان و لیبیاشدا بارودۆخی ڕۆژنامە نوسان تادێت سەختتر دەبێت، بەهۆی سنورداركردنەوەکانەوە لە لایەن حکومەتەکانیانەوە، وە بەهۆی توندبوونەوەی ئەو کێشمەکێشانەوە کە لە ئارادان لە نێوان حزب و هێزە لۆکاڵییەکانی هەر دەوڵەتێک لەو دەوڵەتانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هێزە سەرمایەدارە جیهانییەکان

ئەو لایەنە جیاجیایانە لە میلیشیاکان و حکومەتەکان کە هەوڵی بێدەنگ کردنی ڕۆژنامەنووسان دەدەن لە ڕێگەی کوشتن و فڕاندن و زیندانی کردن و دارشتنی یاسا و ڕێسایکەوە بە بەرگی تائیفی و قەومی و دینی، مەبەستیانە ئەو دەنگە ناڕازییانە بخنکێنن کە ڕووبەڕووی سیاسەتە بورژوازیەکانیان دەوەستنەوە. هەموو تەنگەبەرکردن و سنووردار کردنێکی ڕۆژنامەگەری و ئازادی ڕادەربڕینیش، لەدوا شیکردنەوەدا ڕاستەوخۆ دژی چینی کرێکارە. بۆیە ڕۆژنامەگەری چینی کرێکار کە ئاوێنەی ئامانج و بەرژەوەندی ئەم چینە و خەباتەکانیەتی، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر درێژەدان بە خەبات دژ بە هەموو هەوڵێکی ڕژێمە بۆرژواکان، کە ڕێگری دەکەن و بەربەست دادەنێن لەبەردەم ئەو ڕادەربڕینانەدا کە ڕەنگدانەوەی خواستەکانی جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوەیە

# سەرمایەداریی نیولیبراڵ

(بەشی یەکەم)

ناجی ئەفراسیاو

[ڕوونکردنەوەی ڕەوت: ئەمە بەشی یەکەمە لە سێ بەشی نامیلکەیەکی هاوڕێ ناجی بەو ناوەوە. خوێنەران، مارکسیستەکان و کرێکارانی پێشڕەو بانگەواز دەکەین بۆ خوێندنەوە و بەدواداچوونی]

ئەو ساڵەی پاپا فرەنسیس وەک پاپای کەنیسەی کاسۆلیک هەڵبژێردرا، وتی بەڵێنەکانی سەرمایەداری هەمووی ساختە و درۆ دەرچوون؛ بەڵێنیان دابوو، کە پەرداخەکە پڕبوو ئیدی خێروبێرەکەی بڕژێت بەسەر هەژاراندا، بەڵام بینیمان کاتێک پەرداخەکە پڕبوو، لەبری ئەوەی لێیبڕژێت، ئەوەتا بەشێوەیەکی جادووگەرانە ڕۆژبەڕۆژ قەبارەی پەرداخەکە گەورەدەبێت، و هیچیشی لێ نەهاتە خوارەوە بۆ هەژاران. بۆیە چەندجارێک و لە چەند بۆنەیەکدا دەستەواژەی سەرمایەداریی جڵەونەکراو (Unbridled Capitalism)ی بەکارهێنا

پیشاندانی ئەم هاوسۆزییەی پاپا، بەشێکە لەو کەرەستانەی بەردەوام سیستەمی سەرمایەداری بەکاریان دەهێنێت، تاکو وا پیشان بدات بەشێکی زۆر لە دارودەستەکەی لەگەڵ شەپۆلی نارەزایەتییەکاندا دەڕوات. بۆیە کاتێک ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵی لێی دەپرسێت بۆچی ئەمریکییە کۆنزەرڤاتیڤەکان دەڵێن ئامۆژگارییەکانت مارکسییانەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێت؛ مارکسیستەکان ئاڵای بەرگریکردنیان لە هەژاران، لە مەسیحییەت دزیوە

دەشێت دیوێکی تری ئەم هاوسۆزییە، ترس بێت لە دروشم و ئایدیاکانی سۆشیالیزم، کە هەرگیز دارودەستەکەی سیستەم ناتوانن نکوڵیی لە ڕەوایەتیی ئایدیاکانی مارکس بکەن. جگەلەوەش بەپێی کتێبەکەی ماکس ڤیبەر "ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری"، نزیکایەتییەکی بەردەوام لە نێوان هەندێک لقی ئایینی مەسیحی و کەرتی تایبەتدا هەیە. بەوپێیەی مژدەبەخشە مەسیحییەکان سەروەت و سامان بەنیشانەی نیعمەتی خودایی دەزانن بۆ سەر توێژێکی دیاریکراو. دیارە ئەم تێڕوانینە بەتەنها لای یەک ئایین نییە، باشترین و تازەترین گوزارشتێک لەم "نیعمەتە ئیلاهییەی" کەڵەکەکردنی سامان، ئەو قسەیەی عومەر فەقێ (عومەر چوزەر)ە کە دەڵێت "ئەگەر ببمە سیاسی یان پەرلەمانتار هەوڵدەدەم سامانەکە سەدقات بکەم، چونکە ئەوە نیعمەتی خودایە و لەو دە کەسەی مژدەی بەهەشتیان پێدراوە، حەوتیان بازرگان بوون"

مارکس دەربارەی کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە دەڵێت؛ کەڵەکەبوونی سەرەتایی لەلای ئابووریی سیاسی هەمان ڕۆڵی تاوانی یەکەمی مرۆڤ دەگێڕێت. لەوێدا ئاماژە بە میتۆلۆژیا و ئەفسانەکەی نێو تەورات دەکات، گوایە مرۆڤ باجی هەڵەکەی "باوەئادەم" دەدات، بەهەمان شێوەش سیستەمی سەرمایەداری لۆمەی هەژاران دەکات بەوەی باوانیان زیرەک و کارامە نەبوون، و هیچ سەرمایە و سامانێکیان بۆ کەڵەکە نەکردوون

سەرباری ئەمانەش، نیولیبراڵیزم ڕۆچۆتە نێو هەموو کایەکانی تری ژیانەوە؛ ئەمڕۆ چیتر کولتور، هونەر و وەرزش بوونەتە کەرەستەی بازاڕی سەرمایەداری. سەدە و نیوێک پێش ئێستا مارکس گوزارشتی لە ئەمڕۆی سەرمایەداریی نیولیبراڵیزم کردووە: "بۆرژوازی، بەهای کەسایەتی لە بەهای ئاڵوگۆڕدا تواندۆتەوە، هەرچی ئازادی هەیە کە خەباتی بێوچان لە پێناویاندا کراوە، گۆڕیویەتییەوە بە یەک ئازادی کە ئەویش ئازادیی بازرگانییە. بۆرژوازی خەرمانەی لەسەر هەموو ئەو چالاکیانە لاداوە کە پێشتر بەڕێزەوە تەماشا دەکران. پزیشک، یاساناس، قەشە، شاعیر و زانای کردۆتە کرێگرتە و خزمەتکاری خۆی"

چەند ساڵێکە بە وتار، کۆڕ و سیمینار خەریکین کوشندەترین و دڕندەترین ئایدیای نوێی سەرمایەداریی بە خەڵک دەناسێنین، چونکە هێشتا ئەدەبیاتی دژە سەرمایەداری و ئەکتی بەرەنگاری نەبۆتە کولتوری کۆمەڵگەی ئێمە، زۆرینەیەک؛ بەبێ هیچ هۆشیارییەکەوە ستایشی خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەت دەکەن. بۆیە بە باشمانزانی پوختە و کرۆکی ئایدیاکانمان دەرهەق بەم پرسە لەم نامیلکە بچکۆلەدا بخەینە بەردەم خوێنەری کوردی

## یەک: نیولیبراڵیزم و ئایین

ماتیۆ گێست نووسەری کتێبی (ئایینی نیولیبراڵ: ئیمان و دەسەڵات لە سەدەی بیست و یەکدا) دەڵێت؛ لە وڵاتانی سەرمایەداریی ڕۆژئاوادا، بازاڕی ئازاد ئەو پێگەیەی بەدەستهێناوە کە سەردەمانی زوو ئایین بەدەستیهێنابوو، ئەوکاتیش ئایین بە شتێکی حەتمی و بێهاوتا دەبینرا. ئێستاش بازاڕی ئازاد بووەتە کاریگەرترین ئامراز بۆ دیاریکردنی ناسنامە و بەهای کۆمەڵایەتیی مرۆڤ. پێشتر ماوتسی تۆنگ وتی؛ بۆرژوازی و ئایدیالیزم کۆنەپارێزن، بەومانایەی کە سەرمایەداری لەگەڵ سەرجەم هێزە کۆنەپەرست و کۆنزەرڤاتیڤەکاندا خۆی دەگونجێنێت. هیچ ئایینێک نییە، لانی کەم

(ئایینە ئیبراهیمییەکان) کە بازرگانی و بەدەستهێنانی قازانج نەبووبێتە بەشێکی سەرەکی لە پیادەکردنی تقوس و عورفەکانی. ڕەنگە پرسی "حەجی قاچاخ" تازەترین مژار بێت، کە لەم ماوەی دواییدا هەڵایەکی زۆری نایەوە؛ لەلایەکەوە بەشێکی موسڵمانەکان پێیانوایە بە فیزەی گەشتیاری حەج بکەیت یان فیزەی حەج، ئەوا هەر بۆت "دەنووسرێت"، بەڵام لەولاوە دەسەڵاتدارانی مەککە ئەو کەسانەیان دەستگیردەکرد کە بە فیزەی حەج نەهاتبوون. گوایە کاتێک حەجەکەت بۆ حسابە کە پارە و ڕسوماتی حەج بە دەوڵەتی سعودیە دەدەیت. تەنانەت ئەو بەردانەی موسڵمانان دەیگرنە "شەیتان"، دەبێ پارەی پێبدرێت، وردە بەردەێک "کە ئازاری مرۆڤەکان نادات و تەنها ئازار بە شەیتان دەگەیەنێت"، ئەم بەردەش تێچوویەکی کەمی هەیە و ساڵانە لەبەرپێی شەیتان کۆدەکرێتەوە و دەکرێتەوە کیسەوە، ئەمەش سەرچاوەیەکی ترە بۆ سەر داهاتەکانی تری پرۆسەی حەج لە ئیسلامدا

لە سەردەمی میسرییە کۆنەکاندا، پیاوانی ئایینی (کاهینەکانی ئاموون) بانگەشەی ئەوەیاندەکرد؛ کە لە خواوەندەکانەوە نزیکن و خەڵکیش لە خواوەند نزیکدەکەنەوە، بەمهۆیەوە خەریکی مشەخۆری بوون، و بەشدارییان لە دەسەڵاتی پاشاکاندا دەکرد. کاتێکیش پاشای چوارەم (ئاخناتون) هاتە سەر حوکم، داوای یەکتا پەرستیی خواوەندی خۆر (ئاتون)ی کرد، چیتر کاهینەکان هەستیان بە دروستبوونی مەترسیی لەسەر پێگەکانیان کرد، بۆیە هێرشیان کردە سەر شاری عەمارنە و ئاخناتونیان کوشت، دواجار بەناوی ئایینەوە




گەڕانەوە سەر هەمان ڕیتمی سەرکوتکاری

پاش هاتنی ئایینی یەهود، جولەکەکان کتێبی (تەلمود)یان تەقدیسکرد، و حاخامەکان جیاواز لەوەی لە تەوراتدا هاتبوو بەپێی حەز و ئارەزووی خۆیان ڕێنماییان دەردەکرد، بەپێی شەهوەتی خۆیان حەڵاڵ و حەرامیان دیاریدەکرد. کاتێکیش مەسیحییەت لە ئەوروپا بڵاوبووەوە و کڵێسا دەسەڵاتی باڵای گرتەدەست، هەژموونی تەواویان بەسەر دەسەڵاتی پاشاکانەوە هەبوو، توانییان ڕێکخراوێکی نیمچە سیاسی دروستبکەن. لەوەوە پرسیارێک لای خەڵک گەڵاڵە ببوو؛ (ئایا کێ دەسەڵاتی باڵای هەیە، پاشا نوێنەری دەسەڵاتی شەرعی، یان پاپا نوێنەری دەسەڵاتی ڕۆحی؟). دواتر قەشەکان دەستیاندایە جادوگەری و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی سادە، کە بوونە مایەی تەشەنەسەندنی نەخوێندەواری و جەهالەت. کاتێکیش ئیسلام دەگات، لە سەرجەم ناوچەکانی ژێرهەژموونیدا، هەمان کولتووری بازرگانیکردن بە ئایینەوە درێژەی دەبێت. هەمیشە لەگەڵ هاتنی فۆرمی نوێی سەرمایەداری، فۆرمی ئایینییش لەگەڵ خۆی دەگۆڕێت؛ سەرهەڵدانی ئایینی سیاسی و نیوڵیبرالیزم لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، هاوکات بوون، ڕیگان و تاچەر، خومەینی و حەسەن تورابی، ئەم ناوە سیاسی و ئایینییانە تەواوکەری دوودیوەکەی سەرمایەداریی نوێ بوون

ئەمڕۆ کۆمەڵگەی مۆدێرنە لە قەیراندایە، قەیرانێکی ئابووریی کۆمەڵایەتی. هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەویی سەرمایەداری و ئایینی سیاسی. توندڕەویی ئایینی بریتییە لە ئایینی سیاسی، توندڕەویی سەرمایەدارییش بریتییە لە نیولیبراڵیزم. ئەم دووانە یەک پێکهاتەیان هەیە، هاوپەیمانیی نێوانیشیان سەیر نییە. نیولیبراڵەکان دەتوانن بەهەمان شێوەی بانگخوازی ئایینەکان، چینەکانی خوارەوە بۆ دۆزی خۆیان ملکەچ بکەن و کۆبکەنەوە. بەشێوەیەک نیولیبراڵیزم ڕاستییەکانی دڕندەیی خۆی و ڕادەی ئیستغلالکردن لە پشت پەردە بشارێتەوە. بانگەشەی مافی مرۆڤ دەکات و لە واقیعدا ڕەگەزپەرست و فاشیستە

کەمبوونەوەی بەهای مرۆڤ لە سیستەمێکی



جیهانیدا "کە خودا بەڕێوەی دەبات"، پرسیارێکی گەورە لای هەژاران و چینەکانی خوارەوە دەوروژێنێت کە زۆرینەی ڕەهایان ئیماندار و دیندارن. ڕقێک لەوانەی دەستیان بەسەر ئاسمان و سامانی خەڵکدا گرتووە. دەبینین هەرکات سەرمایەی دارایی گەشەدەکات، بەهای مرۆڤ کەم دەبێتەوە، مرۆڤێک کە "سەرجەم ئایینەکان ڕێزیان لێناوە". لەم بارودۆخەدا؛ مرۆڤ تەسلیمی چارەنووسێک دەبێت کە خۆی دروستی ناکات. ڕێزگرتنی خەڵکیش لە پارە، وایلێکردوون باوەڕیان بە جۆرێک لە سیحر هەبێت، کە پەیوەندیی بە کەڵەکەبوونی پارەوە هەیە، سیحری "بەشتبوون" کە سەرەنجام "نامۆبوون"ی کۆمەڵگەی مرۆیی دێنێتەئاراوە

دواتر دەبنە جەماوەرێک کە مەیلیان بۆ "پەرستن"ی ئەستێرەکانی سینەما و ملیۆنێرەکان هەیە. ئەو ئەستێرانەی لەسەر زەوی و ئاسمان کێبڕکێ دەکەن. ئەوان بەقەد ئەوەی گرنگی بە بەهەشت دەدەن، گرنگی بەو شتانە دەدەن کە لەسەر زەوی ڕوودەدەن. بەڵام کاتێک کرێکاران سکاڵا لەبەدبەختیی خۆیان دەکەن، پیاوانی ئایینی پێیان دەڵێن ئەوەی لەسەر زەوی هەتانە ببەخشن، لە ئاسمان زیاتر لەوە وەردەگرنەوە. پێشەوا ئایینییەکان دەڵێن: لەسەر زەوی ئاشتیخوازانە ڕەفتار بکە (واتە گوێڕایەڵی یاسا و ئەخلاقی سەرمایەداریی ببە)، دواتر پشکی خۆت لە بەهەشتدا بەدەست دەهێنێت. جگەلەوانەش، مەترسیدارترین شت کە فۆرمێکی نوێ لە ئیسلامی سیاسی دەیکەن، بریتییە لە پرۆسەی "لەسیاسەتخستن"، واتە داماڵینی خەڵک لە سیاسەت و دەرهێنانی بڕیار لە دەستخۆیان. بێبەشکردنی مرۆڤەکان لە مافی چارەی خۆنووسین؛ و ملکەچکردنی مرۆڤەکان بۆ "وەلی ئەمر"، واتە پابەندوونی ڕۆحی گرووپێک بەو سیستەمەی لەگەڵیدا ئاوێزان بووە.

لەلایەکی ترەوە؛ هێشتا مرۆڤی هاوچەرخ و پێشکەوتوو، لەوە دڵنیا نەبووە کە ئەم دەستکەوتانەی ئەمڕۆ هەنە، دەرهاویشتەی توانا و ماتەوزەی خۆیەتی، پەنا دەباتە بەر هێزێکی شاراوەی میتافیزیکی. کاتێک یەکەمین مرۆڤ بەدەوری مانگدا دەخولایەوە، بەسەر کەشتییە ئاسمانییەکەوە پەیامێکی هەڵبژارد تاکو ئاراستەی گەلی ئەمریکای بکات، لەنێو هەموو ئەدەبیاتی جیهانییدا، کتێبی یەکەمی (سفری پەیدابوون)ی هەڵبژارد. لەکاتێکدا کەشتییەکەی پڕبوو لە ئامێری مۆدێرن و بەرەو بۆشاییەکانی ئاسمان هەڵدەفڕی، ئەم وشانەی دەوتەوە "لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەویی بەدیهێنا". سەرەتای سەدەی بیست، قوتابخانەی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی خەریکی داماڵینی فەلسەفە و زانستەکان بوون لە میتافیزیک و مەسەلە بەتاڵەکان، و هەوڵی دروستکردنی بناغەیەکی زانستییان بۆ هەموو زانستەکان دەدا، پێیانوابوو ئامرازی لۆژیکی و ئەزموونی دەیسەلمێنێت کە مەسەلە میتافیزیکییەکان هیچ مانایەکیان نییە، بەوپێیەی مرۆڤی مۆدێرن بڕوای بە عەقڵ هەیە نەک نەقڵ، بۆیە دەبێت هەموو شتێک تاقیبکرێتەوە و کار بە میتۆدی سەلماندن بکرێت و مشتومڕەکان بەڵگەئامێز بن. بەڵام لەدوای هەردوو جەنگی جیهانی و کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا (پاش سەرهەڵدانی ڕەوتی پۆستمۆدێرنیزم و ئایدۆلۆژیای نیولیبراڵیزم)، گۆڕانێکی سەیر بەسەر پەیوەندییەکانی ئەم دوو فەلسەفەدا دێت، واتا مەسەلەی هەڵکردن و "یەکگرتنی دژەکان" دێتە ئاراوە. سەمیر ئەمین پێیوایە گوتاری پۆستمۆدێرنیزم گوتاری ئایدۆلۆژیای لیبراڵیزمە، کە هەوڵی دووپاتکردنەوەی پرۆژەی لیبراڵیزم دەدات، بانگەشەی ئەوە دەکات ملکەچی ببن [پلورالیزم و تۆلێرانس و ئاوێتەبوونی ئایین و زانست و ئەفسانە]

## دوو: نیولیبراڵیزم، ئابووری و جەنگ

ماویەتی ...

## مەسعود ئەنوەر ئیسماعیل: کەمئەندامان وەک بەشێکی زۆری ناوکۆمەڵگا لە باروگوزەرانێکی هەژاری و بێ خزمەتگوزاریدا ژیان بەرێ دەکەن

دیداری ڕۆژنامەی (ڕەوت) لەگەڵ بەڕێز مەسعود ئەنوەر، سەرۆکی (کۆمەڵەی ژین) تایبەت بە کەمئەندامانی دەست و پێ

__ڕەوت: زۆر سوپاس کاک ئەنوەر بۆ ئەم دەرفەتە کە پێتان بەخشین، تا ڕۆژنامەکەمان پێتە دیدارتان. سەرەتا دەمانەوێت کورتەیەک لە ژیانی تایبەتی خۆتمان بۆ باس بکەیت، لەگەڵ ئاوات و ئاسۆ و ئارەزوویەک کە هەتانە بۆ کارکردن لە بواری ڕێکخستن و کۆمەگی کردن بە کەمئەندامان__

مەسعود ئەنوەر ئیسماعیل: لە ساڵی (١٩٦٠) لەدایک بووم، لە ماڵیەوە توشی نەخۆشی بووم، هەر ئەو نەخۆشییە بووە هۆکاری لەکارکەوتنی قاچەکانم و توانای ڕۆیشتنی لێم بڕی، بەڵام خۆشبەختانە بەهۆی باوەڕبوونم بەهێز و توانای خۆم، توانیم تا ئەندازەیەک بەسەر بەشێکی زۆری ئەو بەربەستانەی ڕۆژانە دەهاتنە ڕێگام، کەموزۆر بەسەریاندا زاڵ بم. ئێستاش نزیکەی بیست ساڵە وەک کەمئەندامێک سەرۆکی ڕێکخراوێکی تایبەت بەکەم ئەندامانم لەژێر ناوی (کۆمەڵەی ژین)، تایبەت بە کەمئەندامانی دەست و پێ، وە لە هەمان کاتدا فەرمانبەریشم لە پەیمانگای نابینان

وەک کەسێکی کەمئەندام ئارەزوومە و گیانی ئەوە لەخۆمدا بەدی دەکەم کە بتوانم کاری مرۆڤدۆستانە دریژەپێ بدەم، سەرباری هەر تەنگوچەڵەمە و بەربەستێک کە بەهۆکاری کەمئەندامییەکەمەوە دێتە ڕێگام، بەڵام کارکردن و خزمەتکردنم لەلا ئاسانترە لەوەی ژیانی تایبەتی خۆم بەرێکەم

__ڕەوت: کۆمەڵەکەتان (کۆمەڵەی ژین) تایبەت بەکەم ئەندامانی دەست و پێ، کەی دامەزراوە؟ بنکە و ئۆفیسەکانتان لە چ شارێک هەیە؟، چالاکی و پەیوەندییەکانتان و شێوەی بەڕێوەبردنتان چۆنە؟__

مەسعود ئەنوەر ئیسماعیل: مێژووی دامەزراندنی (کۆمەڵەی ژین) دەگەڕێتەوە بۆ (٤-٨-١٩٩٩). ئامانج لە دورستبوونی کۆمەڵەکە تێکەڵکردنی کەم ئەندامانە بە کۆمەڵگەوە و هەوڵدانە بۆ هێنانەدی پێداویستییەکانیان و خوڵقاندنی کەشێکی گونجاو و ئاسانکارییە لەناو کۆمەڵگەدا بۆ ژیانی کەمئەندامان، تا هەست بە جیاوازی و هەڵاواردن نەکەن و متمانەیان بە خۆیان بەهێز بێت کەوا لە توانایاندا هەیە هەموجۆرەکارێک ئەنجام بدەن. ئەمە و ئامانجی کۆمەڵەکە هەوڵدانە بۆ فشارخستنەسەر لایەنی دەسەڵات و پەیوەندار بۆ ئەوەی مافەکانیان لەسەربنەمایەکی یاسایی دابین بکرێت، وەک لایەنی بژێوی ژیانیان و لایەنی تەندروستی و لایەنی دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کار

هۆکاری هەرە بەهێزی دروست بوونی کۆمەڵەکە، پەرشوبڵاوی کەمئەندامان بوو، تا بتوانێت مەڵبەند و سەنتەرێک بێت بۆیان بەتایبەت بۆ ئەو مرۆڤانەی کەوا بەشێک لە لەشیان توانای کارکردنی نیە ئەویش ئاماژەی پێ کراوە دەست یاخود قاچەکانیەتی ئەوەش لەسەر بنەما زانستییەکانی پزیشکی پێ دەگوترێت کەم ئەندامانی (فیزیکی)

ئۆفیسی سەرەکی ڕێکخراوەکە لە هەولێرە و لقی سلێمانی و دهۆک و ئاکرێش هەیە. ژمارەی ئەو کەمئەندامانەی تەنها دەست و قاچیان تەواو نیە بەکۆی گشتی لە سەرووی بیست هەزار کەمئەندام ناوی خۆیان تۆمارکردیە. هەڵبژاردنیش پەیڕەو دەکرێت بۆ ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە. وە لەلایەنی هاوکاریشەوە بەشیوەکی فەرمی لە ساڵی (٢٠١٢) بەدواوە هیچ بودجەکی دیاریکراویان نیە، بەشیوەکی گشتی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و بەڕیوەبەرانی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان کاری خۆبەخشی ئەنجام دەدەن



هەر لەدوای دەمەزراندنەوە چەندین چالاکی جۆراوجۆرمان ئەنجام داوە بۆ بەدەستهێنانی داواکاریەکانمان. لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ناوخۆی هەرێم و عێراقی و نێودەوڵەتی بەشداری چەندین خولی جۆراوجۆر و وەرکشۆپمان کردووە. هەروەها چەندین پرۆژە و پرۆپۆزەلی کارکردن و فێرکردن و هۆشیاری و پەروەردەیی و پێ گەیاندنی کەسانێک بۆ کاری ڕێکخراوەییمان ئەنجامداوە

لەسەر ئاستی کوردستان لەگەڵ گشت ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی لەبواری کەمئەنداماندا هەن پەیوەندیمان باشە. لەسەر ئاستی عێراقیش ئەندامین لە کۆکاری ڕێکخراوە کەمئەندامیەکانی عێراق کەوا بارەگای سەرەکی لە بەغدایە

بەشێوەیەکی سەرەکی کار لەپێناوی جێ بەجێکردنی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) دەکەین کە تایبەتە بە ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە و پەسندکراوە. حکومەت وەک پێویست بەدەنگ داواکاریەکانی کەمئەندامانەوە نەهاتیە، نمونەش ئەوەیە کەوا ئامادە نیە ئەو بەند و برگانەی لە یاساکە ئاماژە پێکراودا هاتووە هیچی نەخستۆتە بواری جێبەجێکردنەوە

__ڕەوت: بارودۆخی کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستاندا چۆنە؟ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکییەکان لە ئیمکانیات و تەندروستی و پەروەردە و کار لە چ ئاستێکدایە؟__

ڕێژەیەکی بەرچاوی کەمئەندام هەن لە هەرێمی کوردستان، کە لە بارودۆخێکی نەخوازراودا گوزەران دەکەن و حکومەتیش لە ئاست داخوازی و داواکارییەکانی کەمئەندامان بێ باکە

یاسای (ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان) دوای چەندین هەوڵ لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا هیچ لە برگە و مادەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ نەکراوە

بەشێوەیەکی گشتی توێژی کەمئەندامان وەک بەشێکی زۆری ناو کۆمەڵگا لە باروگوزەرانێکی هەژاری و بێ خزمەت گوزاریدا ژیان بەرێ دەکەن، وە بەکورتی دەتوانم بەم جۆرە دەست نیشانی بکەم

یەکەم نەبونی خەرجی پێویست بۆ ژیانی ڕۆژانە، هەندێک کەمئەندام هەن داهاتی مانگانەیان تەنها (١٥٠) هەزار دینارە کە لە ئێستادا بۆیان زەحمەتە چۆن بژین؟ چی بخۆن؟ چۆن پێداویستییەکانی خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن؟ ئەو بارودۆخە زۆر کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەرانی تێکرای کەمئەندامان کردیە، هەتاوای لێ هاتیە شیرازەی کۆمەڵایەتیشی گرتیتەوە، چەندین خێزاندار لەبەریەک هەڵوەشاینەتەوە و بویتە هۆکاری لێک جیابونەوەیان! دووەم نەبوونی دەرمان و چارەسەرکردنە تەندروستییەکانی بێ بەرانبەرە لە کاتی نەخۆشکەوتندا. سێیەم کەمی یاخود نەبوونی ژینگەیەکی گونجاو و بێ گرفتە بۆ ژیانی ڕۆژانە لە شوینەگشتییەکاندا، بۆئەوەی کەمئەندام بەبێ هاوکاری بتوانێ ئەرکی تایبەت بەخۆی ئەنجام بدات. چوارەم دابین نەکردن و ئاسانکاری بۆ ئەوەی بتوانن وەک هەرکەسێک بخوێنن وە یاخود ئارەزووەکانیان بۆفەراهەم بکرێت لە ڕووی یاساییەوە

ئەوەی زۆر ئێمەی نیگەران کردیە لە ڕووی ژینگەییەوە، کەمئەندامان بەتەواوی بێ بەشکراون، ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان جوڵە بکەن بەهۆی نەگونجاندنی ڕێگاوبان و شوینەگشتییەکان! ئەوەش وای لە کەمئەندامان کردیە کە زۆر بەسەختی تێکەڵ بەژیانی ناو کۆمەڵگا ببن

__چوارەم. ڕەوت" پەیامتان بۆ کەمئەندامان و خانەوادەکەیان، بۆ کۆمەڵگە چییە؟__

مەسعود ئەنوەر ئیسماعیل: پێویستە کەم ئەندامان پێداگر بن لەسەر جێ بەجێ کردنی یاسای (ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان)، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نابێت واز لە داخوازیەکانمان بێنین چونکە بە خێر و سەدەقە و کاری خێرخوازی ژیانی کەمئەندامان بەڕێوە ناچێت، بەڵکو ئەوە ئەرکی حکومەتە

وە لەم منبەرەوە لەپێناو ژیان و خۆشگوزەرانی کەم ئەندامان دا دەڵێم: هاوڕیان خانەوادەی کەم ئەندامان ژیان بەردەوامە بۆیە ئێمەش دەبێت بەردەوام بین و هێز و تواناکانمان دەربخەین، دەبێت بیرکردنەوەکانمان، تواناکانمان بکەین بەکردار و هێز و توانا و ئیرادەمان بکەین بە دروشمێک بۆ خۆمان و تەنانەت نەوەکانیشمان بۆ ئەوەی هەمووان بزانن کەسانی کەمئەندامیش کەسانی ئاسایین و دەتوانن گەر ئاسانکاریان بۆبکرێت خۆیان بژێنن و کاروبارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن

من دەڵێم شەرم نیە کەسێک دەستێکی نەبێ، یان نابینا بێت، شەرم ئەوەیە لە سروشتی مرۆڤایەتی لابدەیت و ڕێز لە خۆت و ئەوانی تر نەگریت. ڕوویەکی تری پەیامەکەم ئاراستەی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەکەم کاتی ئەوە هاتووە بەجدی کار لەسەر ژیان و داهاتی کەمئەندامان بکرێت و بارودۆخیان لەبەرچاو بگیرێ

دوا پەیامیشم ئەوەیە کە کەمئەندامان توێژێکی کۆمەڵایەتی گرنگ و دانەبڕاوی کۆمەڵگەن، لە سەرانسەری جیهاندا کەمئەندامان پێویستیان بە گرنگ پێدان و ڕێنمایی و یاسای تایبەت هەیە بۆ ئەوەی گوزەرانیان باشتربکرێت، لەو بارودۆخەشدا ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی کەمئەندامان کە تاوەکو دوایین سات پێداگر بن لەسەر داواکردنی ماف و پێداویستییەکانیان

__ڕەوت: سوپاس هاوڕێ ئەنوەر گیان، ماندوومان کردی و هیوادارم هەمیشە وەها پڕ ژیان و پڕ ووزە و ئایدیا و بیرکردنەوە بیت__

## پاشماوەی ......... ستراتیژە سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق

کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان]. وە لە بڕیارنامەی بارودۆخی سیاسی و سەرخەتی سیاسەتەکانی حزب پەسندکراوی کۆنگرەکەدا هاتووە [چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا،... یا جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ] تا ئێستا هیچ دۆکیومێنتێک لە ئارادا نییە کە بڵێت ستراتیژی سەربەخۆیی وەلانراوە و ستراتیژێکی تر خراوەتە جێگەی. دواتر باس لەم بێدەنگییە دەکەین

کاتێک شەپۆلێک لە خۆپێشاندان سەریهەڵدا لە تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)ی (٢٠١٥)دا و جەماوەری تورە و ناڕازی بارەگای زۆرێک لە حزبەکان نەک هەر ئەوانەی دەسەڵات، بەڵکو بارەگای (بزووتنەوەی گۆڕان) و حزبە ئیسلامییەکان و (حزبی شیوعی کوردستان) و (حزبی سۆشیالیستی کوردستان)یشان سوتاند، وە کەوتنەبەر هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتگەرەکانی دەسەڵات و چەند لاوێکیش تیا کوژران، ئا لەو بارودۆخەدا، سەیرکەن (حکک کوردستان) بەیاننامەیەکی دەرکرد لە (٣٠-١٠-٢٠١٥)دا بە ناونیشانی (دەسەڵاتی بورژوا-ناسیونالیستی کورد مایەپوچ بوو، ڕێگاچارە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە). من لە هەمان کاتە بە زنجیرە وتارێک بەناوی (دوو بەڵگەنامە. ئاناتۆمی کۆمۆنیزمی کرێکاری

کوردستان) ڕەخنەم هەم لەم بەیاننامە و هەم بەیاننامەی (١٥-١٠-٢٠١٥)ی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق) گرتووە کە ئەویش هەمان ستراتیژی خستبۆ ڕوو

پێنج مانگ بەر لەو بەیاننامەیەش، لە (٢٠١٥/٥/٣٠) لە ڕاگەیاندنی پلینۆمی (١٨) هەژدەهەمی حزب باس لە (زەرورەتی خەباتی لێبڕاوانەی بۆ پاکردنەوەی داعش) دەکات کە (بەربەستێکە لەسەر ڕێگا گەیشتنی کۆمەڵگای کوردستان بەدەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازاد و سکولار و بەدیهێنانی ئازادی ...). بەم پێیە تاکتیکی خەباتی لێبڕاوانە دژی داعش سەرچاوەکەی لە ستراتیژی (گەیشتنی کۆمەڵگای کوردستان بەدەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازاد و سکولار) دایە

بیست و یەک ڕۆژ دوای پلینۆمەکەش لە (٢٠-٦-٢٠١٥)دا بەیاننامەیەک بە هەمان تام و چێژی پڕ لە ترش و خوێی ڕاگەیاندنی پلینۆمەکە دەرچووە بەناوی [سەبارەت بە: بارودۆخی سیاسی کوردستان و ئاراستەی ڕووداوەکان!] و دەڵێت: [حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بڕوای وایە کە کۆتاییهێنان بە تاڵان و بڕۆی قوتی خەڵک لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە بەبیانوی شەری داعش و نەناردنی بودجە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، بڕینی بیانووەکان و دەرهێنانی کوردستان لەو گێژاو

و بنبستە سیاسی و ئابوریەی تێی کەوتوە و هەروەها ڕزگارکردنی خەڵک لە هەڵواسران لەنێوان ململانێ و کێشمەکێشی دەسەڵاتێکی بێ ئاسۆی بۆرژوازی کورد و حکومەتی ناوەندی، و ئەو هەموو گرفت و کارەساتەی ڕوبەڕووی خەڵکی کوردستان دەکرێتەوە، زەرورەتی دەستبەجێی جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کردۆتە ئەولەویەتی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان. لەم پێناوەدا حیزب لێبڕاوانە کاردەکات بۆ ئامادەکردنی تواناییەکان و ڕێکخستنی ڕیزەکانی جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆ کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە و شکاندنی تەوقی گریدانەوەی ئاسایش و ئارامی و ژیان و ئایندەیان بەدیار ڕێگاچارەکانی ئەحزابی بۆرژوازی کورد و دەوڵەتانی ناوچەکە و وڵاتانی ئیمریالیستیەوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان تێدەکۆشێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان.

ماویەتی ... لە بەشی داهاتوودا دێینەسەر:

- لە گێژاوی سیاسی کوردستانەوە بۆ گێژاوی خەتی ستراتیژ لەناو حکک کوردستاندا
- ناوەڕۆکی ستراتیژەکەی ئەم حزبە چ جۆرە سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمێکە؟

تەمووزی ٢٠٢٤

# ئەو کاتە زانیم!



شیعری : تاڤگە سابیر

ئەو کاتە زانیم دووسەرابین بۆیەک
لە دەشتەکانی خەڵوزا بۆ یەکتر نەگەڕاین و
لە مەنزڵە تاریکەکانی تەپوتۆزدا
ئەمان ویست ماچەکان بگۆڕینەوە
ئەوکاتە زانیم سەفەرمان
دەبێتە وڕینی گەلایەک
بەلێوی تینوو لەسەر دەریاکان
ئەمان نووسی ئەبەدییەت و پێکەوە بوون
خێرا شەپۆلە توورەکان ئەیان سڕییەوە
ئای ئەوکاتەی من لە شارەکان یاخی دەبووم
تۆش لەودیوی پەنجەرەکانەوە
شووشەکانت ماچ دەکرد
کەسمان نەی ئەتوانی خەوی شەوانەی بۆ ئەوی دی بگێڕێتەوە
چ ئامادە بوونێکی گوناهاوی بوو
من و تۆ لە تاعوونستانێکدا کۆبووبینەوە
ویستمان عاشقانە یەک بناسین
درۆکانی دەمی یەکتر بکڕینەوە و
بیان فرۆشین بەدەریاوانە پیرەکانی ئەودیوی ئاو
دوو عاشقی کۆن بووین
لەخەراباتەکانی گوڵدا
بۆ عەشقێکی دی دەگەڕاین
دوو سێبەر بووین
بەدووی سێبەرێکی تردا وێڵ بووین
نەفامانە گۆرانیمان بۆ ئاوێنەکان دەوت
تۆ کوڕی خێڵێک بوویت لەشەرم و پەپولەکانی گژوگیا
من پاڵەوانی قەبیلەیەکی ترسنۆک
هەر یەکەمان لە ڕێگایەکی ڕەنگاو ڕەنگەوە
بەهێمنی درۆیی ئۆقیانووسەکان
بەتەم و ڕەشەباکانیانەوە
لە نێوانی هەردووکماندا لەشەپۆلێکی ئەبەدیدا بوون
لەوێوە دەستمان پێکرد
لەبرسا لەگوڵە گەنمە یاخییەکان ئەپاڕایەوە
دوای پەشیمانی باران دەستمان پێکرد لە بارین
دوای پەشیمانی ئاهەنگەکان کەوتینەڕێ لەچۆڵ بوون
دوای کۆچ کردنی دەریا وەدەر کەوتین
دوای سیس بوونی گوڵەکان هاتین
گەیشتین بەم ئایندەیە
کە سەراپا پڕە لە بەلەمی بێ سەوڵی مێژووی
کەسمان کەس نا ناسێتەوە
هەریەک لە کۆڵانێکەوە دەڕۆین
هەریەک بارانێک دەخواتەوەو
تووڕەیە لە ڕووخسارێک
لەوانەیە بگەین بەدارستانە تازەکان
چەپڵە بۆ هەڵفڕینی باڵندەیەک لێبدەین.

# گەڕان



شیعری : خولیا حسێن

بەرامپیلێک پڕ لە نێرگزی
تاسە و غوربەتەکانی دووری بە ملمەوە
چارۆگێک پڕ لە قەسەری وشکەوەبووی
ئومێدە هەڵپڕووکاوەکانی بەر هەتاوی
پێدەشتەکانی عەشق بە پشتمەوە
ماکی سەدان هەزار برینە قووڵەکانی لێکدابڕان بە دڵمەو
هەر دەڕۆم و دەڕۆم و دەڕۆم و دەڕۆم
شار بەشار
شاخ بە شاخ
قەراخی دەریا
و لێواری ڕووباکان و
ناو دارستان و
تەختایی و بەرزی و نزمی و پانتاییەکانی ئاسمان
لە سەردانی شارەکان و
لە سەرکەوتنی شاخەکان
لە ڕاکشانی قەراخ دەریا و
لە پیاسەی دوور و درێژی لێواری ڕووبارەکانیش
لە فڕینەکانی سەر هەور و
ناو قووڵاییەکانی ئاسمان
لەو کاتانەی لەگەڵ خۆمم
یان لە نێوان کەسانێکی زۆریش ون بم
مەلۆتکەیەکی سەقەتە تەنیایی بە باوەشمەوە
هەر دەڕۆم و دەڕۆم و دەڕۆم لە بەرۆکم نابێتەوە.

# پۆشین



شیعری : ستار ئەحمەد

دیوارێک سێبەرم دادەپۆشێ
پۆشین راوم دەنێت بەرەو دوا
گیانم لەجەستەم دەرباز دەبێت
تارماییەک بۆ ڕۆچوونی عومرم دەبا
هێند پەرۆشی چرکەساتێکی ژوانتم
چەمکێک لەهەڵچوون عومرم ڕادەگرێ
بزەیەک لەئەدگار لەجەرگم دەگەڕێ
لەگەرداودا هەڵکشان زاری ئاماژەیە
دووری دیدەی فریودانەو
هەنسک نیگای هەرزە حەزێکی بادەیە
لەنێو تەرمی کۆرپەی شەوا
بۆ قومێک ئاونگی لاسکێک
دەنووکی چڵ ڕادەمووسم بەبێداری
تارمایی مەرگ دوام دەکەوێ
پەنجەرەی دڵ درز دەبات و
بولبول دەگری بۆ هێلانە
نەورەس دەفڕێت بۆ هەواری شوێن پێم وێڵی زایە لە یە
دەنگێک نامبات
بۆ ئاوازی بارانێک زامم تەڕ ناکاو
شەوگار بەفوو بەڕێدەکەم
بەجگەرەو وشەسازی لەخۆم تووڕەم وەک ڕەشەبای سلێمانی
کتێبێکی هەڵڕژاوم تۆ دەکەمە ناونیشانی.

# تاریکە: بەڵام گۆرانی دەڵێم



شیعری : ثیاگۆ دومیلۆ(*)

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە : گۆران عەبدوڵا

## کورتەیەک سەبارەت بە شیعری ( تاریکە بەڵام گۆرانی دەڵێم)

لە نێوانی ١٩٦٢ بۆ ١٩٦٣ بەرەی چەپ لە بەرزایل دەسەڵاتدارێتی وڵاتی بە سەرۆکایەتی جەۆ گولارت گرتبووە دەست و هیوایەکی گەورە هەبوو بەرەو گۆرانکاری. لەم کاتەدا شاعیر ثیاگۆ دومیلۆ کە بەشاعیری ئەمەزۆنی ناسرابوو شیعری ئاسۆی جووتیارانی نووسی کە زۆر بەباشی توانی نەک هەر ماندوبوونیان لەکاری جووتیارییدا لە پێناوی بژێوییدا، بەڵکوو ئومێدیشیان بۆ ژیان لەو شیعرەدا بخاتە ڕوو. دۆخی سیاسی دەسەڵاتدارێتی بەرەی چەپ درێژەی نەکێشا و لە ١٩٦٤ بە پشتیوانی ئەمەریکا کودەتای سەربازی کرا و دۆخەکە بۆ خەڵکی کرێکار و جووتیاران بەرەو خراپی وەرچەرخا. لە ١٩٦٥ ئەم شیعرە بڵاوبووەوە و لەلایەن گۆرانی بێژ (نارا لیۆ)وە کرا بە گۆرانی بە ناوی ( تاریکە بەلام گۆرانی دەڵێم) دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناو و وەک سروودی نیشتمانی سەیر دەکرا

### تاریکە بەڵام گۆرانی دەڵێم

خاکەکە هێشتا تاریکە
لە کازیوەی جووتیاراندا،
بەڵام پێویستە بچێنرێت.
شەوە زەنگە،
بەڵام بەیانی بەڕێوەیە

جێگایەک نییە بۆ گۆرانی
کە لە ترس و لاساییکردنەوە چێکرابێت
بۆ دابڕاوێکی گەمژە

ئێستا کاتێکە بۆ ڕاستی
بە بەردەوامی و بەسادەیی گۆرانی بڵێ
ئێستا کاتێکە بۆ شادی
کە ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەر یەکنراوە
لەگەڵ نان و گۆرانی.

ها ئەوە کە ڕوودەدات ( لە هەوادا هەستی پێدەکەم
کاتی پێگەشتنی گەنمە
کاتی درووێنەش دێت.
موعجیزە هەڵدێ هەروەکوو
بارانە شینەکانی سەر کێڵگەکانی
گەنمە شامی
لاسکی فاسۆڵیاکان گوڵەکانیان دەپشکوێت
شیلەی تازە دەڕژێت
لە درەختە پلاستیکییە دوورەکانمەوە.(١)

کازیوەی هیوا،
کە کات بۆ خۆشەویستی زۆر نزیکە.
قرچەی هەتاو لەسەر خاک درووێنە دەکەم و
ڕووناکیش لەگەڵ قامیشی شەکر دەکێڵم
روحیشم دەبێتە بەیداغی خۆی

کازیوەی جووتیاران
خاکەکە تاریکە ( بەڵام زۆریش نا)
کاتی کارکردنە
تاریکە بەڵام گۆرانی دەڵێم
چوونکە سپێدە بە ڕێوەیە
( تاریکە، بەڵام گۆرانی دەچڕم).

(١)درەختێکە لە جەنگەڵەکانی ئەمەزۆن بوونی هەیە. شیلەیەک لە دارەکە دێتە دەرەوە وەک مادەیەکی پلاستیکی وایە

(*)ثیاگۆ دومیلۆ (مارس ٣٠- ١٩٢٦ – ١٤ی کانونی دووەم-٢٠٢٢) شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و ژینگەپارێزی ناسراوی بەرازیلییە و وەک شاعیرێکی ئەمازۆنی ناسراوە. کارەکانی بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون

سەرچاوە:

https://mronline.org/2022/07/22/it-is-dark-but-i-sing-because-the-morning-will-come-the-twenty-ninth-newsletter-2022/?utm_source=rss&utm_medium=rss&utm_campaign=it-is-dark-but-i-sing-because-the-morning-will-come-the-twenty-ninth-newsletter-2022&mc_cid=9acf07719b&mc_eid=25ab8c34a3&fbclid=IwZXh0bgNhZW0CMTAAAR1Kf15ryhCGZrjZ5Oz-b9s3T2PpM4wqEvcRZhBFSS6e31gcnmOm8wFsRxQ_aem_AcoryWn33NrQ8juJnSehy1Yu_JRHxHpyblZ4pSRK5o_4fCpUNb6rK8dWc5e4XjQOtPwavxtDhHIVIDZ_UwDnbFCR

# گوڵی زەرد



شیعری : گوڵ پشدەری
ئامستردام ٢٠١٨/١٢/٣

وا نیوەشەوە و
خەولە چاوانم تۆراوە و
بە یادی هەنار و
بزەی شیرین و
چایی بەرسەماوەر و
شەوانی بارانی
جارانم
***
گوڵی زەرد
ئەمن
هەزارویەک شەو
تا بەرەبەیانی،
لە تەنیشت،
یارۆ و
گەرمای و
سۆبەی ئەشتاردا،
سەرەداوی،
سەرهەڵدانی،
پێک ئەلکاندنی،
داستانی خۆمانم،
گرێداوە وڕستە بە ڕستە،
وەک ڕستەکانی زەردی،
هەڵواسراوی تووتن بە کارێتەوە،
بۆسووتاندن و
چەند قوومێک هەڵمژین و
بە با..دا کردن و ڕەواندنی،
خەمی ئاشقێکی ڕەنگ زەرد و
لێو بە بار،
بۆ مێژووی ئەوشەوم دەنووسییەوە و
بێ ئاگا،
لە پسانی ڕستەکانی هۆنراوەم،
لە هەڵوەرین و
سووتانی گەڵاکانی گوڵی سوورم
***
گوڵی زەرد
ئاااخ...،
ئەگەر دەمزانی،
ڕۆژگار ئەمشەو هێندە دەمگریەنێ و
قەدەر،
خاڵێکی ڕەشی لە دوا ڕستەم داناوە،
زووترخۆم لە خەم ڕەها دەکرد و
کۆتا لاپەڕەم بە خێراتردادەخستەوە
***
گوڵی زەرد،
دەزانم ئێستا ئەو خەوتووە،
وەک نابینا یەک،
کە شەوی نەدیوە و
چۆن بزانێ،
شەو چییە و
ئەو لە بەهاری نێرگزی خۆی دایە و
لەمێژە،
ئاگای لە زستانی بەفرینی من نەماوە
***
گوڵی زەرد،
ئەی گوڵی ئاشقانی خەمبار،
ئیدی دڵی من میراتگرنییە و
کەڵکی بلێسەی نەماوە بەلام
دەمەوێ،
لێت دەپرسم،
ئەو ئێستا ئاخۆ لە چ خەونێک دایە،
لای خوای من و تۆ ڕوو زەردە و
داوای بەخشین،
یان بەردەوامە،
لە هەڵپەی ڕەشی نەفرین؟!.

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسییە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# گوزەرێك بەناو چوارینەکانی مامۆستا عەباس داودیدا






نووسینی : ساڵەح هەلاج

هەڵبەتە شیعر یان هۆنراوە لەوەتی زمانی مرۆڤ پژاوە شیعریش پەیدا بووە, ڕەنگە یەکەم داهێنانی ناخی مرۆڤ هەڵبەست و هۆنراوە بێت. پێگەی هۆنراوە بەپێی هۆشمەندی هەڵبەستبێژ گوێگرەکانی تووشی هەستێکی چێژ لێوەرگرتنی کردووە. گەلی کوردیش وەکو تەواوی مرۆڤایەتی هەر لەگەڵ پەیدابوونی زمانەوە هۆنراوە بووە بە بەشێک لەژیانی کۆمەڵگە ( بەخۆشی و شایی و شین و شەپۆر و ئازایەتی جەڤەنگی و لاواندنەوە و گۆرانی) وتراوە . بەپێی هەلومەرجی پێشکەوتنی زمانی شیعر خشتەی هۆنراوەیش بەچەندین شێواز دارێژراوە, یەکێک لەو دارشتنانە چوارخشتەکییە, ئەوەی بەنووسین بۆ ئێمە مابێتەوە لەهۆنراوە چوارخشتەکییەکانی ( بابا تایری هەمەدانی) واتە هەزار ساڵ پێش ئێستا ئەو زاتە هۆنراوەی چوارخشتەکی بەنووسین ماوەتەوە. لەناوشاعیرانی کوردیشدا زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی و شاعیرانی هاوچەرخیدا ئەم قاڵبە شیعری چوارینەیان نووسیوە. خوێنەری کورد دەمێکە ئاشنای چوارینەکانی ( عومەرخەیامی نیشاپووری و حسێن قودسی نەخعی) ین بەزمانی فارسی و پاشتر وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی. هۆنراوە بەگشتی گوزارشتە لەهەست و خەیاڵی مرۆڤ, ئەمە تەنها قسەی من نییە پێشتر زۆرێک لەلێکۆڵەرەوانی شیعر و هۆنراوە لەسەری دوواون, هەرکەسە و جۆرێک باسی کردووە و لەسەریان نووسیوە، بێگومان هۆنراوە هەستێکی پەنگ خواردووی ناوەوەی هۆزناڤەوانە و بەتوانا و سەلیقەی خۆی دەری بڕیوە. ئەوەی دەمەوێ لێی بدوێم کۆمەڵە چوارینەی (گوڵشەنێک لەچوارینەکان)ی هەڵبەستووان مامۆستا عەباس داودی و چەن سەرنج و بۆچوونێکی لام دروستکردووە. هۆنراوەی چوارینە تایبەتمەندی خۆی هەیە کە خۆی لەچوار ڕستەی هاوتەریبی واتاداری سەرواداره بەکێشی شیعری دەبینێتەوە لەسێ دێڕی سەروادار و دێڕی پێش کۆتایی سەربەستە. وەکو لەپێشەوە ئاماژەمان پێداوە لەشیعری کوردی عەرەبی و فاریسدا خوێندوومانەتەوە من ئاماژەم بەیەکەم چوارینەکانی بابا تایری هەمەدانی دا هەڵەنەبم باباتایر هەمەدانی لەپێش عومەر خەیامی نیشاپووری بەسەد ساڵ هۆنراوەی چوارینەی نووسیوە, بەڵام خەیام لەدنیا شیعری جیهانیدا زیاتر بەناوبانگ بووە چونکە بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕاون . مامۆستا عەباس داودی لەم کۆمەڵە چوارینەدا ڕێچکەی هۆنراوەی چوارینەی لەهۆنراوەی کوردیدا زیندووکردۆتەوە بە ١٦١ پارچە چوارینە, هەڵبەت هۆنراوە سەردەم و قۆناغی خۆی هەیە و لەهەست و ئەندێشەکانی هەڵبەستوانان‌دا چرۆدەکات. هەڵبەستوانمان بێبەشی نەکردووین لەهۆنراوەی خۆشەویستی و پەند و ئامۆژگاری و ڕەخنە و توانج و سرووشت و نیشتمانیدا, چوارینەکانی مامۆستا لەهەرچەپکێک وردەکاری و لەهەر مەڵۆیەک هەست بزواندن و لەهەر شارایەک سەلیقەی وردی کردۆتە خەرمانێک. لەم چوارینەدا دەڵێت:

غافڵگیرمەبە، لەنەخشەی نەیار

پیلانی ژەهرە، کوشندە وەک مار

دەرفەت بڕەخسێ، زوو فەنات دەکا

چارەت یەکبوونە دەرچی لە بن بار.(١)

گەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی وردبینەوە خەمێکی ترسناک پاڵمان پێوەدەنێ لەپیلانی نەیارانمان، بەئافەرین و پێهەڵدانی ئەوان غافڵگیرنەبین چونکە پیلانەکەی ژەهراوییە.

نەریتی قەڵپە ڕۆچۆتە ڕۆحمان

خزمەت بێگانە، فەرامۆش دۆستمان

بەسیە ترازان. دووری لەسازان

پشت و پەنایە، هاوحوێنە کەسمان(٢)

لەم چوارینەدا هەموو ململانێکی ناوخۆمان بیردەهێنێتەوە لەپێناو بەرژەوەندی توێژێک دەردە کوشندەکەی لێکترازانمان بۆدەهێنێتەوە کەساڵەهایە پێوەی دەناڵێنین

تامەزرۆی لێوی سوور هەڵگەڕاوم

پڕ بەدڵ بیمژم، گەنج نەگۆڕاوم

پەپێکی ئیشق، مەست و دێوانە

کۆرپەی بەردایک، لەشیر بڕاوم(٣)

کاتێ مرۆڤ دەگاتە ئەوەی بە ئەندێشەکانیدا بچێتەوە وردەکاری هاوکێشەکانی تەمەن دەیباتەوە بۆ قۆناغەکانی پێشتر و بەراوردی جوانییەکانی بەشێوەیەکی دیکە ئاوەژۆدەکات، ئەها تامەزرۆی مژینی لێو تادەڕواتەوە بۆ سەردەمی شیرخواردنی منداڵی, بێشک ئەمە حەزێکی کۆنینە و لەناخی مرۆڤدا سەرهەڵدەداتەوە

گرنگی بدەن بەهزر و فەرهەنگ

ڕێگا ڕوون دەبێ، وەچەتان هۆشەنگ

گەلێک زیندووبێ وایە ئامانجی

باڵا دەست دەبن، زرنگ و قەشەنگ.(٤)

ئەمیش جوانییەکی دیکەیە چی لەئامۆژگاری و زماندا, وشەی هۆشەنگ واتە هۆشیاری بەڵام ئەم بەدەنگێکی دیکە هۆش و هەنگی ئاوێتەکردووە لەکرداری مێشهەنگدا, کە مێروویەکە بەنەریتی خۆیان چۆن هەر کۆمەڵەیەک بەرپرسیارن لە ئەرک و فەرمانی نیشتمانەکەیاندا کە کورەی هەنگە، لەلایەکی دیکەوە وشەی هۆشیاری و خۆ ڕۆشنبیریمان پێنیشاندەدات.

دیسان نەورۆزە، جەژنی کوردانە

سیمبوڵ ئازادی، ڕۆژی مەردانە

تا کوردێ مابێ، بەرزە مەشخەڵی

وەرن یەکگرن، ڕوو لەمەیدانە.

جەژنی نەورۆز لەکوردەواریدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لەناخی هەرتاێکیدا, خاڵێکی هاوبەش هەیە لەسەرکەوتن و گیانبازیدا, وەرزی گەشانەوەی سرووشت و خاوێنکردنی ناخی برینداراکانە، بۆنەیەکە هەموومان بەیەکگرتووی تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆژە لەوەرزی گۆڕانکاری و کەش و هەوا و دەربازبوونە لەبەستەڵەکی سەرما و سۆڵە، بەچوواندنی ڕزگاری پاش کۆست و کۆسپ و نائارامی ژیان. چوارینەکانی مامۆستا عەباس زۆر هەڵدەگرن هەر وشەیەک یان ڕستەیەک یان چوارینەکان پێویستی بەزۆر زۆر زیاتر لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن هەیە, ئێمە ناتوانین مافی خۆیان بەبابەتێکی وادا بدەینێ بەلای منەوە شیکاری تەواوی دەوێ

تێبینی : (١) و (٢) و (٣) و (٤) گوڵشەنێک لەچوارینەکان ، عەباس داودی، کەرکووک، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم ٢٠٢٤.

# نەنە خورشید

نووسینی : عەلی محەمەد






نەنەخورشید؛ ناوونیشانی ئەو هۆنراوە دوورودرێژەیە کە هۆمەر پێنجوێنی ( عومەر محەمەد فەرەج ) چەند ساڵێک پێش مەرگی ناوادەی بۆ نەنەخورشی نووسیوە، ڕاستە نەنە خورشید بۆخۆی لە پێنجوێندا ، کەسایەتییەکی ناسراوی حیکایەتخوان بووە، بەڵام هۆمەر لەم هۆنراوەیەدا ،کە نزیک بە بیست لاپەڕەیە، بە هۆی نەنەخورشید و هەم و خەمەکانییەوە، زۆر بە وردی و هەستیارانە باس لە لێکەوتەکانی ئاوارەیی و دەربەدەری دەکا، باس لە شەڕو ماڵوێرانی دەکا. هۆمەر نەک هەر لێکەوتەکانی شەڕو ئاوارەیی لە سیمای نەنەخورشید و تەواوی گیرۆدەبووانیدا دەبینێتەوە، بەڵکو شارەزایانە لە سروشت و جوگرافیا و کەشوهەوای پێنجوێن و داب و نەریت و هونەرمەند و کەسایەتییەکان ئەدوێ. شەڕ لای هۆمەر دوورکەوتنەوەیە لە زێدی باوباپیران، لە شاخ و هەردو دۆڵ و دەشت و چەم و کانی و حەوز و مزگەوت و نەزرگا و گەڕەک و کوچەو کۆڵان و بازاڕ، دوورکەوتنەوەیە لە کەسوکار و ئازیزان و گرتنی ڕێگای هات و نەهاتە و کۆچە بۆ هەندەران و وڵاتانی دەوروپشت، بەجێهێشتنی کلتوور و داب و نەریتی ئاسوودەبەخشە، دوورکەوتنەوەیە لە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و مەجلیس و حیکایەتی شەوانەی گوێ ئاگردان. شەڕ فەرامۆشکردنی خود و کەسوکار و خۆدانە بەدەست لێکترازان و پەرش و بڵاوییەوە. جێگای ئاماژەیە کاتێ هۆمەر باس لە هەموو ئەمانە دەکا، هەریەکە و نموونەی بەرجەستەی بۆ دەهێنێتەوە و زۆر بە وردی ناوی کەسایەتی ، هونەرمەند، شوێن دەبا و بەکورتی و بەکوردی ، کەسێک زۆر شارەزای پێنجوێنی ئەوکاتە نەبێ، یاخود تەمەن ڕێی نەدابێ ، ئەوا لەڕێگای ئەم هۆنراوەوە بەکۆمەڵێک زانیاری هەمەجۆر لە بارەی پێنجوێنەوە لێوان لێو دەبێت

شایانی باسە وێرای ئەوەی هۆمەر بەشی هەرەزۆری هۆنراوەکەی بۆ وەسفی شەڕو ئاوارەیی و دەربەدەری و لێکەوتەکانی داناوە، بەڵام هەر لە ڕێگای ڕووکردنە نەنەخورشیدەوە وەک سیمبولی ئاوارەیی و نەهامەتی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەوە هەر نەنە خورشید نییە دووچاری ئەم بارودۆخە سەخت و پڕ نەهامەتییە بووە، بەڵکو هەزاران نەنەخورشید و دایەو بابەو کوڕ و کچ و منداڵ گیرۆدەی لێکەوتەکانی شەڕو ماڵوێرانین، ئەوە هەر پێنجوێن نییە گیرۆدەی شەڕو کاولبوون بووە، بەڵکو سەدان شاروشارۆچکەو هەزاران گوند دووچاری وێرانبوون و کاولکاری بوون

هۆمەر بەم باس و خواس و هۆشداریانەشەوە ناوەستێ، بەڵکو تین ئەداتە خۆی و نەنە خورشید و نەنەخورشیدەکان و گشت بابەو دایەو هاو شارییەکانی، هیوادارانە دەڵێ خۆ خواردنەوە و خۆ لاواندنەوە ڕێگا چارە نییە و دەبێ ئاسۆی ڕزگاری لە ڕاپەڕین و هێزو توانای گەلدا ببینین، بە دڵنیاییەوە کاتێ دەبێ مافی چەندین ساڵەی زەوتکراو دەسەنرێتەوە، ئاوارەو بێ خانەو لانەکان بۆ زێدی باوو باپیرانیان دەگەڕێنەوەو قۆڵی نۆژەنکردنەوە و بنیاتنانەوەی لێ هەڵدەماڵن و کۆڕو مەجلیسی شەوانە گەرم دەکرێتەوەو شایی و لۆغان و هەڵپەڕکێ و گەشت و سەیران و ئازادی و ئاشتی و ئاوەدانی دێتەوە ناو ناوان

تێبینی:

کەشکۆڵی هۆمەر پێنجوێنی ( عومەر محەمەد فەرەج ) ، لەلایەن ( شێرزاد عومەر ) ەوە ئامادەکراوەو لە ساڵی ٢٠١٩ بەچاپ گەیەنراوە. هۆمەر لەساڵی ١٩٤٦ لەدایکبووەو لە ٦ / ٨ / ١٩٩٧ بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات

نەنەخورشید: حیکایەتخوانێکی ناسراوی پێنجوێن بووە و شەوانە بە گێرانەوەی حیکایەتەکانی زۆر کۆڕو کۆمەڵ و مەجلیسی شەوانەی گەرمکردووە، ناوی تەواوی ( خورشیدە میرزا حەمە ئەمین سۆفی ڕەسوڵ )ە و لە ساڵی ١٨٨٤ لە شارۆچکەی پێنجوێن سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایکبووەو ساڵی ١٩٩٨ کۆچی دوایی کردووە

-دووای ئامادەبوون لە کۆڕی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی ( پێنجوێن و دەڤەرەکەی ، لە سێبەری ڕووداوە مێژوووییەکان و یاداشتی گەڕیدەکاندا )ی نووسەر( شێرزاد عومەر) لەگەڵ ئەم کتێبەدا کتێبی ( کەشکۆڵی هۆمەر پێنجوێنی )مان وەک دیاری پێشکەشکرا بەسوپاسەوە

# خانمباز: ڕۆمانێک بۆ شکاندنی شکۆی ژن!

نووسینی : سەدیق سەعید ڕواندزی

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، تێڕوانینێکی میللییانە، خێڵەکی و دواکەوتوو هەیە، کە ژن تەنها وەک ئامرازێک بۆ تێرکردنی پیاو دەبینێت. بەدەر لەوە، هیچ جۆرە شوناسێکی دیکەی نییە. ئەم شێوە تێڕوانینە بۆ ئەو ڕەگەزە، درێژبووەوەی ئەو ئەقڵە ڕۆژهەڵاتی و پیاو سالاری و ئایینیەیە، کە تاکی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و لە نێویشیاندا بەشێکی زۆر لە پیاوی کوردی بە تایبەتی، پێ دەناسرێنەوە. ئەقڵییەتێکە لە زۆرکاتدا هیچ پێشکەوتن و زەمەن و شوێن و کولتووری جیاواز و ڕوئیای جیاواز، ناتوانن بیگۆڕن، چونکە ئەوەندە ڕەگی بە ناخی تاکەکاندا چووە و بۆتە بەشێک لە شوناسی بوونیان لە ئاستی هزریی و جەستەیی. بۆیە سەیر نییە کاتێ دەبینین پیاوی کورد دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆریش لە خۆرئاوا دەژیت، کەچی دیدی بۆ ژن لەو سنوورە تێنەپەڕیووە کە ئامرازێکە بۆ تێرکردنی پیاو. تێڕوانینی هەمان تێڕوانینی باوی کۆمەڵگەیە، کە ژن وەک هاوڵاتی پلە دوو دەبینێت. بێگومان نکۆڵی لەوە ناکرێت ڕەمەکەکان بەشێکن لە پێداویستییە فسیۆلۆژی و جەستەییەکانی مرۆڤ، بەڵام دوواجار، مرۆڤ بەتەنها غەریزە نییە، بەڵک ئاوەز و هەست و سۆز و بیرکردنەوەی ئەقڵانی و مرۆییانەشە،کە جیای دەکاتەوە لە گیانەوەرانی تر. مرۆڤ وێرای جەستە،ڕوح و بوونە


ئافرەت وێرای جوانییەکانی سنگ و مەمک و جەستە و لەشولار، کە بەردەوام لەڕووبەری هونەری گۆرانی و تێکستی ئەدەبی کوردی گوێبیستی دەبین، ئەوا لە پێش هەموو ئەوانەوە مرۆڤە. بۆیە بەرلەوەی سنگی ببینین، دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێت کە مرۆڤێک دەبینین. کە وەک مرۆڤیش بینیمان، ئیدی لێرەوە ئەو تێگەیشتنە یەکسانیخوازەمان بۆ دروست دەبێت. ئەو یەکسانخوازییەی کە دەبێ لە سەر هەموو ئاستەکانی ژیانمان لە نێویشیاندا ئەدەبیات و هونەر، ئامادەیی هەبێت. لەڕۆمانی (خانمباز) یشدا، شەوکەتەفەندی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، وێرای ئەوەی ساڵانێکی زۆر لەدەرەوە ژیاوە،کەسێکی خوێندەوار و گوایا تێگەیشتووە !،کەچی دیدی بۆ ژن، هەمان دیدی ئەو پیاوە دواکەوتوو، خێڵەکی و میللی و بیر داخراوانەیە،کە ژن وەک ئامێرێک لە خزمەت سێکسی پیاودا دەبینن. ئەویش بوون و شوناسی ژن، تەنها لە جەستە و سنگ و مەمکی دەبینێتەوە

بۆیە بە شانازییەوە باسی هەوەسبازیی و خانمبازی خۆی لەگەڵ ژنان دەکات، لە سەرەتای گەنجیەتییەوە تاکو ئێستا،کە ئەگەرچی توانای جووتبوونیشی نەماوە، وەلێ هەر چێژ لەو خانمبازییە دەبینێت. ئەمەیە کە کورد دەڵێت:(خووی شیریی تا پیری) لەو ڕۆمانەدا، شەوکەتەفەندی، بە شانازییەوە باسی دەستبازی و ڕابواردن و زگپڕکردنی ژنان دەکات. ئەمەش وەک مێژوویێکی جوان، قارەمانییەتی، شکۆی کەسی و کۆمەڵایەتی دەبینێت. بێ ئاگا لەوەیکە ئەمە نەک بوێری و جوامێریی نییە، بگرە شوورەیەکی گەورەشە بۆکەسێک کە شوناسی (ئەفەندی) هەڵگرتبێت،کەچی هاوشێوەی پیاوە میللی و نەخوێندەوارەکان، بیر بکاتەوە و ژن ببینێت

شەوکەتەفەندی، کە تینووی ژن و دەستبازییە، لە بری ئەوەی وەک پیاوێکی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی بەرز،ڕێز لە ژن وەک مرۆڤێک بنێت، بە پێچەوانەوە هەمیشە بە چاوێکی سێکسی تەماشایان دەکات. تەنانەت توانجی لەکچ و خوشکەکەشی داوە. ئەو وەک خۆی دەڵێت:(هیچ بۆ هیچ کەسێک بێ بەرانبەر ناکات) بۆیەشە ئەو هەڵوێستەی دەقۆزێتەوە و لە پەراوێزی خواستە خانمبازییەکانییەوە، وەڵامی ئەو کچ و ژنانە دەداتەوە کە سەردانی گەلەرییەکەی دەکەن. لە هەموو دنیادا، گەلەری هێمای پێشکەوتن، ڕابردووی پڕشکۆی گەلان، پێشکەوتن و نوێکارییە،کەچی گەلەرییەکەی شەوکەتەفەندی، وەک میلێک بۆڕاورکردنی ژنان وایە. ئەو گەرچی خۆی وتەنی، توانای سێکسیشی نەماوە، وەلێ هەر چێژ لەو دەستبازی و خانمبازییە دەبینێت، بۆیە ڕۆژانە سەرگوزشتەی ژیانی تایبەتی خۆی دەگێڕێتەوە و نووسەری بە ناو ڕۆمانەکەش یاداشتی دەکات

تا دواجار دەیکاتە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی. لە خانمبازدا، خوێنەر بەر دەیان دەربڕین و گوزارشتی بێ بەهاو نا مۆڕاڵ دەکەوێت. زمانی ئەو ڕۆمانە، زمانێکی هێندە بازاڕیی و میللییە، بگرە چەند ئاستێک لە خوار زمانی بازاڕیشەوەیە. هیچ نەبێت لە نێوەندە میللیی و کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگەدا، زۆرجار بە زمانێک باس لە ئەندامی زاوزێی ژن و پیاو دەکەن،کەڕەچاوی ئادابی گشتی و ئاکاری کۆمەڵایەتی دەکرێت. بۆ نموونە دەڵێن:( هەرامەی - هینەکەی) بەڵام لەو بە ناو ڕۆمانەدا، زۆر بێ شەرمانە،کارەکتەرەکان دەیان جار ناوی عەورەتی ژن دێنن، باسی تووکی بەر و پشت و پێشی دەکەن. بگرە یەکێک لەوکارەکتەرانە، کە سەباح بەقرەجە، ناوەکەی لەوەوە هاتووەکەڕۆماننووس دەڵێت:(هەمووجاریەک بەقرەج ئاویان بۆتێ دەکات) مەبەستی ئەوکاتانەیە،کە لەگەڵ ژنان ڕادەبوێرێت

گێڕەرەوەی ڕووداوەکان، ئەمسەر و ئەوسەری دنیا دەکات، تەنها بۆ ڕابواردن و شەوبازیی و هەوەسبازیی لەگەڵ ژناندا. کە لە سەفەریش دەگەڕێتەوە، هەموو ئەو گەشتانەی خۆی، بۆ سەباح بەقرەج و هاوڕێکانی دەگێڕێتەوە. ئەو چەندکەسە،کە هاوشێوەی هەزاران پیاوی دیکە، سێکس بۆتە گرێیەکی دەروونی گەورە لایان، چێژ لەو سووکایەتیکردنە بە ناو و پێگەی ژن دەبینن. تەنانەت بەلایانەوە ئاساییە ژن وەک لەشفرۆش و سۆزانی ببینن. بۆیە باسی ئاوارە و پەنابەران و ژنانی دەستگێڕ و سواڵکەریش دەکەن. بێگومان، من وەک خوێنەرێک لە بنووسی ڕۆمانەکە زۆر باشتر دەزانم،کە ئەم دیاردانە هەن و دەشبن، دەشزانم چۆن کەسانێک هەن خانمبازو ژنبازن، وەلێ ئەمە هەرگیز نابێتە پاساو بۆ ئەوەی لە نووسینی ڕۆماندا،کە ژانری جوانی و چێژە، ئەو هەموو سووکایەتییە بە ژن بکرێت. یاخود ژن تەنها وەک کاڵانی شمشێری پیاو ببینرێت. بنووسی ئەو ڕۆمانە،ئەوەی بە خەیاڵدا نەهاتووە، کە ئەمە دواجار وەک تێکست دەچێتە بەر دیدەی خوێنەران، دەیخوێننەوە، ئەوکات چ دنیابینییەکییان بۆ ژن لا دروست دەبێت؟




نووسەری بە ناو ڕۆمانەکەکە پارێزەریشە، دەبوو لە هەموو کەس زیاترڕێز و شکۆی ژن وەک مرۆڤ بزانێت، نەک ئەو هەموو سوکایەتییەی لە بەناو ڕۆمانێک پێ بکات. تەنانەت ناونیشانی ڕۆمانەکە، خۆی لە خۆیدا لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە دەلالەتی چی دەگەیەنێت. لەوە سەیرتریش ئەوەیە،کە ناوی ڕۆمانەکەی بە فۆنتێکی بچووک نووسیوە، وەلێ ناوی خۆی بە فۆنتێکی گەورە نووسیوە، وەک ئەوەی داهێنانێکی لە نووسینی ڕۆماندا کردبێت. باسکردن لەژن، مانای وانییە، نەبێتە تیمەیەکی نووسینی ڕۆمان. زۆربەی ڕۆمانەکانی ( شێرزاد حەسەن ) باسی ژن دەکەن، وەلێ ئەو باسکردنە بۆ شکاندن و سووکایەتیی نییە، بەڵکو باسکردنە لە نەهامەتی و سەختی و ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و خێزانییەی ڕەگەزی مێ لەکۆمەڵگەی ئێمەدا تێیدا دەژیت. کەسمان لاریمان لەوە نییە کە سێکس یەکێکە لە پێداویستییە ماکی و جەستەییەکان،کە لە دەرەنجامی بەریەککەوتنی ئەو دوو ڕەگەزە جیاوازە تێر دەکرێت وەک هەر پێداویستییەکی دیکەی فسیۆلۆژی ژیان، تا ئێرە ئاساییە، وەلێ ئەوە دەبێ ڕەت بکرێتەوە ئەوەیە،کە ژن تەنها بۆ سێکس ببینرێت،یاخود ژن وەک لەشفرۆشێک و پیاویش وەک کڕیارێک ببینرێت

مرۆڤ دەبێ دژی ئەو بیرکردنەوە دواکەوتووە بێت. لە دەیان شوێنی ئەو ڕۆمانەدا، ئەو ڕوانگە لەشکرییە زاڵە. لە هەموو شوێنێک گێڕەرەوەی ڕووداوەکان، بە ژنەکان دەڵێت: (لەگەڵم بمێنەرەوە و مافی خۆشت بە زیادەوە وەربگرە) ئەمە مرۆڤ فێری کلتوورێکی هێندە قێزەوەن و نائاکاری دەکات،کە تیایدا پێگە و دەسکەوتی ماددی پیاو، وەک ئامرازێک و بەخششێک بۆ هەڵخەڵەتاندن و کڕینی لەشی ژن ببینرێت. لەو بەناو ڕۆمانەدا، وێنەیەک بە جەستەی ژن دەدرێت،کە وەک هەرکاڵایەکی دیکە، دەتوانرێت بخرێتە زیادکردنەوە و کێ پارەی زیاتری پێدا، ئەو دەتوانێت بیکرێتەوە

ئەم ڕوانینە بۆ ژن، ڕوانینێکی دیماگۆجی، بێبەها و دوورە لە هەموو ئاکارێک. ئێمە نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە نووسین پەیامە، ئەم پەیامە، لە ژانری ڕۆماندا جوانتر و قووڵتر دەردەکەوێت، وەلێ ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەو بە ناو ڕۆمانە دەیبینین، جگە لە قسەکردنێکی بێ پەیام و بێ ناوەڕۆک، کە کارەکتەرەکانی بۆ کات کوشتن و شکاندنی شکۆی ژن دەیکەن، هیچی تری تێدا نییە. دەکرێ کەسانی لەو شێوەیە، لە زەمینەی واقیعدا بوونییان هەبێت. دەشێ بەشێکی زۆر لە پیاوەکان، وەها بیر بکەنەوە و بەم شێوەیە ژن ببینن، وەلێ ئەوان تا ئەو سنوورە ئازادن لە باسکردنی ئەو بابەتە بێبەهایانە،کە لە چوارچێوەی زمانی میللی و بازاڕی خۆیان دەرنەچووە، هەرکاتێک کرا بە تیمەی ڕۆمانێک، بێگومان ئەوکات دەخوێندرێتەوە و دەبینرێت. گریمان، ژنان ئەم ڕۆمانەیان بینی و خوێندەوە، ئەوکات چ هەست و ڕوانینێکییان لادروست دەبێت؟

ئاخر لە ئەوروپای نێوەندی ئازادی و سەربەستی و مافەکانی تاک، هێشتا هیچ پیاوێک ناتوانێت بە بێ خواست و ویستی ژنەکە لەگەڵی جووت بێت، کەچی کارەکتەرەکانی ڕۆمانی خانمباز، هەر ژنێک ببینن، تەماحی تێ دەکەن و دەیانەوێت لەگەڵی جووت بن. ئەمە وێرای باسکردن لە جەستە و ئەندامی زاوزێی ژن، بە بێ هیچ ڕتووش و ڕەچاوکردنێکی ئادابی گشتی. بۆ من ئەوە گرنگ نییە،کە کارەکتەر و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، واقیعین یان دروستکراوی خەیاڵی نووسەرن، هەرچەندە نزیکە لەوەی واقیعی بن، بەڵکو تیمە و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە گرنگە. زمانی نووسین، هەمیشە بەکۆمەڵێک خاسییەتی فەرهەنگی و زمانەوانی لە زمانی میللی و بازاڕی جیا دەکرێتەوە، چونکە نووسین هەر تەنها دەربڕین و گوزارشتکردن نییە وەک هەر گوزارشتکردنێکی دیکەی ئاسایی شەقام، بەڵکو ناوەڕۆک، ئامانج و پەیامە. گوتارێکە ئاراستەی خوێنەر دەکرێت

هەموو دەقێکی ئەدەبیی، هزری خوێنەر دەدوێنێت. دەکرێ خوێنەر لە میانەی خوێندنەوەی ڕۆمانێکدا، بەر هیچ چێژ و جوانییەک نەکەوێت، بەڵام ناکرێت لە پەراوێزی بە ناو ڕۆمانەوە، بە زمانێکی بازاڕییانەوە باسی سێکس و ژن و خانمبازیی بکرێت. ژن هەرچییەک و هەر چۆنێک بێت، دواجار مرۆڤە. هەر مرۆڤێکیش ئازادە لە هەڵبژاردنی ژیانی تایبەتی خۆی. بۆیە بۆ هیچ کەسێک نییە لە پێناو تیمەیەکی نووسیندا، ئەو ژیانە تایبەتییە بە گشتی بکات. بە داخەوە بەشێک لە نووسەرانی ئێمە، چونکە توانای نووسینی جوان و داهێنەرانەیان نییە، ئیدی هەر شتێک بە خەیاڵییان داهات، دەیکەنە نووسین. بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو نووسینە چەند بەهایەکی فەرهەنگی و مەعریفی هەیە. بۆیە زۆر بەلامەوە سەیر بوو، کاتێ ئەوەم بیست کە ئەکادیمیای کوردی لەکۆڕێکدا ئەو بە ناو ڕۆمانەی ناساندووە! تۆبڵێی ئەندامانی ئەو دەزگا ئەکادیمی و گرنگ و بە شکۆیە! ئەو ڕۆمانەیان خوێندبێتەوە؟! گومان دەکەم

تێبینی : ئێمە، وەک کارەکتەری ڕۆمان قسەمان لەسەرکەسایەتی شەوکەتەفندی و کارەکتەرەکانی دیکە کردووە. ئیدی چەند واقیعین، بۆ ئێمە جێی بایەخ نییە

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# دوکەڵێک لەپشتی پەتەکەوە؛ نمایشێک پڕاوپڕ لە واقیعییەت

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)



دوای زیاتر لە سێ مانگ لە ڕاهێنان و مەشقی چڕوپڕ، دواجار شانۆنامەی دوکەڵێک لەپشتی پەتەکەوە بەزمانی ئینگلیزی هاتە نمایش کردن. (١) ئەم شانۆنامەیە لەلایەن نووسەر و هونەرمەند ڕزگار حەمەڕەشید نووسراوە و هەر خۆیشی دەریهێناوە.(٢) ئەم کارە هونەرییە لەلایەن گرووپی شانۆی سکای (٣) بە هاوبەشی لەگەڵ شانۆی پشتبەستوو بە توێژینەوە لە زانکۆی بریتیش کۆڵۆمبیا، لە ڕۆژانی ٥ — ١٠ی ٧ی ٢٠٢٤ لەسەر شانۆی ڕاوندهاوس لە شاری ڤانکووڤەر پێشکەش کرا و ژمارەیەکی بەرچاو لە شەیدایانی شانۆ ئامادەی بینینی بوون. ئەم نمایشە باس لە درێژترین و تاریکترین شەوی ژیانی دوو کەسی گەنج دەکات ( گوڵناز و فەرهاد) کە ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و مردن دەبنەوە. "دوکەڵێک لەپشتی پەتەکەوە" دوای چیرۆکەکانی دوو هەڵسوڕاوی سیاسی دەکەوێت کە کەوتوونەتە زیندانەوە و لە تاریکترین و درێژترین شەوی ژیانیاندا کە مەترسی لەسێدارەدانیان لەپێشە، لەپشتی دیوارەکانی زیندانە تاکە کەسییەکانیانەوە، ڕێگەیەک دەدۆزنەوە تا ئازار و خۆشی و ترس و گاڵتەکردنەکانیان بۆیەکتر بگوازنەوە. ڕێگەکە سەرەتا بە ترس و دەست پێدەکات و پاشان وردە وردە لەگەڵ هەڵکشانی هێڵی درامی نمایشەکە ترسەکە کاڵ دەبێتەوە یان دەڕەوێتەوە و زیندانییەکان لەڕێگەی کێشان بە دیوارەکاندا دەکەونە گفتوگۆیەکی نادڵنیایی و دواتر ئەو نادڵنیاییەش بۆ یەکجاری سەر تەختەی شانۆکە چۆڵ دەکات. غەزال و ناڤید کە ڕۆڵی گوڵناز و فەرهادیان یاری دەکرد،(٤) بەوپێیەی ئەوانیش بە باگگراوندی دەقەکە نامۆ نەبوون، توانیبوویان ڕۆڵەکە جوان بەرجەستە بکەنەوە. ئیتر لەمیانی گفتوگۆی فەرهاد و گوڵناز لە ژوورەکانی زیندانەوە کەچاوەڕوانی لەسێدارەدانی سبەینێن، چارەنووسیان بۆ چەند ساتێک فەرامۆش یان پشتگوێ دەخەن و دەکەونە سۆراخی کێشەکانی یەکتر. تا سەرەنجام ئەو ترسەی کە ژیانی گووشیبوون، لەئارادا نامێنێت و کێشە گشتییەکانی ژیان و کۆمەڵگە دەبێتەوە خەمی ئەو قوربانییانەی زیندان کەلەئەنجامی چالاکی سیاسییەوە دووچاری ئەوڕۆژڕەشییە هاتوون. دەهێنەریش لێزانانە بەسوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی شانۆ، توانیبووی ئەوپەیوەندییە تووندتۆڵەی نێوان بینەر و نمایشەکە تاسەر بپارێزێت



## پانتایی دەقی دوکەڵێک لەپشتی پەتەکەوە

شانۆنامەی دوکەڵێک لەپشتی پەتەکەوە پانتاییەکی گەورە لە واقیعی ژیانی میللەتی کورد؛ داگیر دەکات، یان وردتر بڵێم لەهەناوی واقیعی ژیان و خەباتی میللەتی کورد لەدایک بووە. واقیعێک کە لەلایەکەوە لێوانلێوە لە ستەم و نایەکسانی و سەرکوتی ملهوڕانەی ڕژێمە دیتاتۆرەکان و لەلایەکی تریشەوە لێوڕێژە لە خەبات و بەرخوردان و تێکۆشانی بەردەوام لەپێناو بەرگریکردن لە ژیان و مافەکانی ئینسان و ئازادی. باکگراوندی دەقەکە مێژووی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردستانە. کارەکتەرەکانیشی هەر لەو تێکۆشەرانەی نێو زیندانە تاریکەکانی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرانەن کە ڕۆژانە بە مەرگ و سێدارە وەڵامی داخوازییەکانیان دەدرێتەوە. ناوەڕۆکی نمایشەکە لالێکردنەوەیەک بوو لە کۆمەڵێ پرسی گرنگ وەکو پرسی ئازادی و زیندان و لەسێدارەدان و خۆشەویستی و جێندەر و بزووتنەوەی ( ژن ، ژیان، ئازادی) و تا دەگات بە پرسی گشتی و شمولی ئینسان لە یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕەتکردنەوەی سنوورەکان و خەبات دژ بە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، لەوێشەوە تا دەگات بەو بەهەشتەی کە ناوی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە کە لەوێدا باڵندەکان دەجریوێنن و ڕووبارەکان هاژەیان دێت و باخچەکان هەمیشە سەوزن و مرۆڤەکانیش بەمانای وشەکە بۆ هەمیشە ئازادن. ئەمە خاڵی جیاکەرەوەی ئەم نمایشەیە لەگەڵ نمایشە هاوشێوەکانی تری. بانگەواز بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە تەنها بە نەمانی ستەمی چینەکان دێتە دی، یا وردتر بڵێم تەنها و تەنها لە کۆمەڵگەی بێ چین و بێ ستەم و چەوسانەوە بواری جێبەجێبوونی هەیە لەمیانی ڕستە و پەرەگرافی گفتوگۆکاندا هەستی پێدەکرا. شوناسی نمایشەکەش لە گفتوگۆکانی ساتەوەختی خۆشیگێران و شایی و سەمای کارەکتەرەکانەوە تۆختر خۆی دەنواند. واتە ئەم کۆتایی شادیهێنەرەی نمایشەکە لەڕێگەی خەیاڵ، بەتەکنیکی سلاید بوو بە شادەماری چڕبوونەوەی شوناسی نمایشەکە کە دەرهێنەر بەمەبەستەوە وەک هاویشتنی دوا تیری نێو کەوانی خۆی، ئامانجە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی پێی پێکا. دەقی دوکەڵێک لەپشتی پەتەکەوە؛ دەقێکی واقیعییە بە ئامانجێکی کۆمەڵایەتی کە دەخوازێت ئەم ستەم و چەوسانەوەیەی لەسەر میللەتی کورد و مرۆڤایەتییە کۆتایی پێبهێنرێت، ئەویش نەک بە ترس و خۆخواردنەوە و گۆشەگیری و تەنیایی، بەڵکوو بەخەباتی دەستەجەمعی نەپساوەی مرۆڤەکان لەپێناو سبەینێیەک کە نەک پەتی سێدارە نەگرێتە ملی گەنجەکانمان، بەڵکوو سبەینێیەک کە لێوڕێژ بێت لە پێکەنین و هیوا و خۆشی و داهێنان و شکۆ. ڕووبەری نمایشەکە یان با بڵێم ڕووبەری پەیامی دەقەکە گەرچی خاڵی لێوەهەستانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوینە، بەڵام ئەم خاڵە نابێتە چوارچێوەیەکی تەنگ بەبەری مەبەستە کۆمەڵایەتییەکە، چونکە خودی ئەم خاڵی لێوەهەستانە لەگەڵ خەمە گشتی و سەرتاسەرییەکانی مرۆڤایەتی ئاوێتەی یەکتر دەکرێن و لێرەوە نمایشەکە سیفەتی لۆکاڵبوونی خۆی لەدەست دەدات و وەک بەرهەمێکی فراوانتر و جیهانیتر دێتە بەر دیدە

## تەکینک لە نمایشی دوکەڵێک لەپشتی پەتەکەوە

شانۆ زۆر بەسادەیی بەجۆرێک دزاین کرابوو کە لەچەندین پەردەی سپی پێکهاتبوو کە هێمای دیوار و ژووری تاکەکەسی بوون، کە زۆرترین ڕووبەریان لە شانۆکە داگیر کردبوو. دیارە دانانی ئەم پەردە سپییانە مانا و هێمای خۆیان هەبوو. دوو دەرگاش لە هەردوو لای ڕاست و چەپی شانۆوە هەبوون کە دەرگای ژوورە تاکەکەسییەکان بوون. جووڵەی بەردەوامی ئەکتەرەکان ( فەرهاد و گوڵناز) هەر لەسەرەتاوە جۆرە هارمۆنییەکی تێدا بوو کەلەگەڵ دەقەکە یان گفتوگۆکان تەریب بوون. ڕووناکیش ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە نیشاندانی گەیاندنی مەبەست بە بینەران. دەنگیش چی دەنگی ئەکتەرەکان یان دەنگە خواستراوەکان هەمئاهەنگانە لەگەڵ جووڵە و مەبەستی دەق بەرز و نزم دەبوونەوە و ڕەوتی کەش و ئەتمۆسفیری نمایشەکەیان دەگۆڕی. بەکورتی تەکنیکی نمایشەکە ڕێک بەباڵای دەقەکە بوو

## دوواجار

دوواجار دەقی دوکەڵێک لەپشتی پەتەکەوە، وەک دەقێکی واقیعی کە لەلایەن ستافێکی بەئەزموون، بەرپرسیارانە نمایش کرا، بانگەوازێکەوە بۆ سەرنجراکێشانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ واقیعی تاڵی ژیان وخەباتی ئازادیخوازان و شۆڕشگێران لەژێر دەستی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵات، کە ڕۆژانە لەهەمبەر داواکردنی ئازادی و مافە ڕەواکانی خۆیان، دووچاری ئازار و ئەشکەنجە و گرتن و لەسێدارەدان دەبنەوە. نمایشەکە بە تەکنیکێکی جوان و گونجاو لەگەڵ دەقی شانۆنامەکە هەڵگری پەیامێکی کۆمەڵایەتی ئینسانیی مەزنە کە دەیهەوێت دۆخی کۆمەڵگە بشڵەقێنێت و ڕاچڵەکینێک بهێنێتە ئاراوە تا مرۆڤەکان لەدەوری خەم و خۆزگەکانی خۆیان کۆببنەوە بکەونە تێکۆشان بۆ بەدیهاتنی ئەو خەونانە پێش ئەوەی درەنگ بکەوێت و مرۆڤایەتی لەسەردەستی سەرمایەداری تەماحکار و چاوچنۆک و ژینگەکوژ، دووچاری کارەساتێکی نەخوازراو ببێتەوە

## ژێدەرەکان :

(١)ڕزگار حەمەڕەشید نووسەری دەقەکە دەڵێت( دەقەکە بە کوردی نەنووسراوە، بەڵام پشتی بە کۆمەڵێک ڕووداوی ڕاستەقینە بەستووە. ڕستەکانی سەر دیوارەکان، ڕستە ڕاستەقینەکانی سەر دیوارەکانی زیندانن، ئەوەم وەک خۆی وەرگێڕاوە. چەندین نوسخەی جیاوازم لێ نووسی چ بە کوردی و چ بە ئینگلیزی، بەڵام دواجار بڕیارم دا چونکە لێرە کاری تێدا دەکەم هەر بە ئینگلیزی بینووسم.)

(٢)ڕزگار حەمەڕەشید؛ خەڵکی شاری سلێمانی کوردستانی عێراقە و دانیشتووی شاری ڤانکۆڤەرە. ڕزگار شانۆنامەنووس و دەرهێنەری شانۆ و ئەکتەر و نووسەرە، ئێستاش وەک دەرهێنەری هونەری بۆ گرووپی شانۆی سکای کاردەکات. لە ساڵی ١٩٨٤ ژیانی هونەری خۆی دەستپێکردووە، یەکەم پرۆژەی وەرگێران و دەرهێنانی ڕزگار لە ساڵی ١٩٨٧، شانۆگەرییەک بوو لەسەر بنەمای چیرۆکی ڕاستەقینەی شاری لینینگراد لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا. بەرهەمەکانی ڕزگار وەک دەرهێنەر بریتی بوون لە: سپارتاکۆس، زیندووکردنەوەی سەگەکان، تابلیۆ، باران، سیامند، هاوار، دوا یاری و شانۆگەرییەک کە لەسەر بنەمای شیعرەکانی ئارسەر ڕیمبۆد، وەرزێک لە دۆزەخدا. ڕزگار لەگەڵ زۆرێک لە تیپە شانۆییەکان لە ڤانکۆڤەر، مۆنتریال، تورکیا، عێراق، و کوردستان کاری کردووە. هەروەها بۆ ماوەی نۆ مانگ تاقیگەیەکی نواندنی بەڕێوەبرد، کە سەرنجی لەسەر تەکنیکەکانی ئیمپرۆڤیزەیشن و ڕاهێنانی ئەکتەرەکان بوو بۆ یارمەتیدانی ئەکتەرە بەشداربووەکان بۆ دۆزینەوەی تواناکانیان بۆ پەرەپێدانی شانۆنامە و نمایشکردن. ڕزگار لە زۆر شوێنی جیهاندا چەندین سیمینار و وۆرک شۆپی سەبارەت بە شانۆ و تەکنیکی نواندن و نمایش و هونەر نووسیوە و ئەنجام داوە.ڕزگار پێی وایە شانۆ دەتوانێت ڕۆڵێکی شایستە بگێڕێت لە پەرەپێدانی کۆمەڵگایەکی تەندروستتر بۆ نەوەکانی داهاتوو، شانۆش شوێنێکە بۆ فراوانکردنی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ بۆ بنیاتنانی ژیانێکی باشتر

(٣)گرووپی شانۆی سکای؛ تیپێکی تۆمارکراوی قازانج نەویستە کە جەخت لەسەر گفتوگۆی هونەری و ئیستاتیکا دەکاتەوە. ئەندامانی ئەم گرووپە هەوڵ دەدەن سنوورەکانی داهێنان فراوانتر و هەوڵدانی بەردەوام بەردەوام داهێنان لە جیهانی شانۆدا. ئەم گرووپە لەلایەن تیمێکی لە خۆبەخشەکانەوە بەڕێوەدەبرێت کە بە قووڵی پابەندن بە ئەرکەکانیانەوە. گرووپی شانۆی سکای پشت بە کۆمەکی تاکەکان و کۆمپانیاکان و یارمەتییەکانی حکومەت دەبەستین تا بتوانین تێڕوانینەکانیان بگەیێنین بە شوێنی مەبەست. هەر کۆمەکێک کە وەریدەگرن توانای ئەوەیان پێدەبەخشێت تا بتوانین بەرهەمی شانۆی کاریگەر و بەشدار لە پەیکەری کلتووری کۆمەڵگەکان، بەرهەم بهێنن

(٤)هونەرمەند غەزال ئازەرباد کە لەدایک بووی شاری مەشهەدی ئێرانە کە ڕۆڵی گوڵنازی بەرجەستە دەکرد و هونەرمەند ناڤید چەرخی لەدایکبووی وڵاتی ئێرانە و ڕۆڵی فەرهادی نمایش دەکرد.

دەق و ڕەخنە

# ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵ: لە شیعری (منداڵی درۆزن)ی ئەحمەد عارفدا

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

٦ ی نیسانی ٢٠٢٤

ئەم شیعرەی کاک ئەحمەد عارفی شاعیر ( منداڵی درۆزن)، مێژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢، بەڵام بەوپێیەی کە جارێکی تر لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دایناوەتەوە، مانای وایە کاک ئەحمەد هیچ کێشەیەکی لەسەر شیعرەکە و ناوەڕۆکەکەی نییە. من لێرەدا هەوڵ دەدەم شیعرەکە داڕنێمەوە و ئینجا وردە وردە دەچمە سەر ئەسڵی بابەتەکەم کە کێشەکانی پەروەردەیە و لەڕێگەی شیعرەکەوە کە شیعرێکی تەعلیمییە، تیشکێک دەخەمە سەر تێڕوانینی شاعیر بۆ پەروەردە و بنەماکانی پەروەردەی منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا

دەقی شیعری منداڵی درۆزن

منداڵێکی چاو چنۆک

پیس و چەپەڵ ، گرینۆک

لە کۆڵانا لاسار بوو

ئازای گیانی زامدار بوو

لەم گۆلاوێ بۆ ئەو گوفەک

هاوڕێی تانجی و توولە و سەگ

کەسێ نەبوو خۆشی وێ

دڵێ نەبوو بۆی سووتێ

ڕۆژێ ڕێکەوت ئاوا بوو

چاو چنۆک لە ئاوا بوو

بەوپەری بێشەرمییەوە

لە دێو ناسڵەمێوە

منداڵانی بێزار کرد

هێندەی بە درۆ هاوار کرد

تا لەناکاو گابەردێ

بۆی بوو بە بەڵاو دەردێ

خوێنی تێکەڵ بە ئاو بوو

خەڵکی و خۆشی ڕزگار بوو.(١)

ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵی کورد

ئەم حیکایەتە تراژیدییەی کاک ئەحمەد عارفی شاعیر، هەر تەنها حیکایەتی منداڵێکی درۆزنی نێو دەقەکە نییە، بەڵکوو حیکایەتی دەیان و سەدان منداڵی نەبوون و هەژارن، کەلە گەڕەکە هەژارنشینەکان و لە پەراوێزی شارەکاندا ژیاون و دەژێن. ئەو گەڕەکانەی کە جگە لە خانووی نزم و شێدار و بێ خزمەگوزار کە دیمەکانیان ڕەنگدانەوەی بێدەرامەتی و دەستکورتییانە، شتێکی تری تیا نابینیت. لێرە لەم گەڕەکە تاریکانەی قەراغ شارەکان، منداڵە بزێو و شەڕانیی و کراس و شەرواڵ دڕاو و چەقاوەسووەکان دەژین، ئەو منداڵانەی کە خێزانەکانیان ڕۆژ تا ئێوارە لە هەوڵی ئەوەدان بتوانن پاروونانێک بۆ ئەو منداڵە چەقاوەسووانە پەیدا بکەن. سیستەمی دڵڕەقی سەرمایەداری بەجۆرێک کۆمەڵگەی شێواندۆتە سەرێەک و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگەی بە جۆرێک لەقاڵبداوە کە مرۆڤەکان هەر فریای ژیانێکی مەمرەومەژی بکەون، نەک ژیانێکی ئینسانیی شایستە بە مرۆڤی سەردەم. کاک ئەحمەد عارف ئەم ڕاستییە نابینێت یان دەیبینێت و خۆی لێ لادەدات و هاتووە منداڵێکی بە موجەڕەددی وەرگرتووە و وێنای کردووە. وەک ئەوەی منداڵانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان هەموو پۆشتە و پەرداخ و خاوەن ڕەوشتی بەرز و ڕاستگۆ بن و تەنها ئەو منداڵە درۆزن بێت. با بزانین چۆن؟

با سەرەتا لە ناونیشانەکەوە دەست پێبکەین. کاتێک دەقێک دەنووسرێت، جا شیعر بێت یان چیرۆک یان ڕۆمان یان شانۆگەری، یەکەمین بەریەککەوتنی خوێنەر و دەق، لەڕێگەی ناونیشانەکەیەتی. ناونیشان گرنگییەکی زۆری هەیە. هەڵبژاردنی ناونیشان هەر بەتەنها وابەستە نییە بە ناوەڕۆکی دەقەکەوە، بەڵکوو وابەستەشە بەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مەعریفییەی ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەی کە دەقەکەی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە. شاعیر لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا ( منداڵێکی درۆزن) دەیەوێت دیوی ناشیرینی قوربانییەکمان نیشان بدات کە هەموو دەزانین ئەو قوربانییە، قوربانی چ سیستەمێکی چینایەتی دڵڕەقە. ئەوەی کاریگەری لەسەر منداڵ دادەنێت جگە لە خێزانەکەی، قوتابخانە و دەزگا میدیاییەکانی دەوڵەتن. جارێ گرنگە خێزانەکان بزانن چۆن منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن و لەوەش گرنگتر خودی خێزانەکانن کە ئایا تا چەند خوێندەوار و تێگەیشتوون و زانستییانە بیر دەکەنەوە. ئایا ئەو دایک و باوکانە چەند لە جیهانی منداڵەکانیان تێگەیشتوون؟ ئەو دایک و باوکانە چەند لە بنەماکانی پەروەردەی منداڵەکانیان حاڵی بوونە و چۆن دەتوانن وەڵام بە داخوازییەکانی منداڵەکانیان بدەنەوە؟ ئایا دەشێت چیرۆکێک بنووسین بەناوی شازادە ولیەمی چڵمن؟ نا ناکرێت. بۆچی؟ چونکە شازادە ولیەم لە چینی بۆرژوایە و فەرمانڕەوایە و دەوڵەمەندە و دەیان بەردەستی هەیە و مەحاڵە شازادە ببینین چڵم بە لووتیا شۆڕ بێتەوە. باسکردنی چیرۆکێکی لەوجۆرە بەسە بۆ ئەوەی بە شێت و نەزان و بێئاگات ناوزەد بکەن. بەڵام نووسینی چیرۆکێک یان شیعرێک لەسەر منداڵێکی چڵکنی ڕەحیماوەی گەڕەکی شاری کەرکووک، یان گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر ئاساییە و ڕەنگە دەیان دەستخۆشیت لێبکرێت. هۆکارەکەی ئاسانە. لە گەڕەکەکانی ڕەحیماوە



و باداوە منداڵان بەزۆری لەو خێزانانەوە دێن کە بەپێی پێویست خوێندەوار نین و دایکان و باوکان هۆشیاری پێویستییان لەسەر پەروەردەی منداڵ نییە و تەنانەت ڕۆژ نییە منداڵەکانیان لەسەر لاساریی و چەقاوەسوویی دارکاریش نەکەن. ئەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات واقیعی کۆمەڵایەتییە.(٢) هۆشیاری دوواکەوتووانەی خێزانەکانیش هەر واقیعی کۆمەڵایەتی کوردستان دیاری دەکات.

منداڵێکی چاو چنۆک

پیس و چەپەڵ ، گرینۆک

لە کۆڵانا لاسار بوو

ئازای گیانی زامدار بوو

لەم گۆلاوێ بۆ ئەو گوفەک

هاوڕێی تانجی و توولە و سەگ. ( شیعری منداڵێکی درۆزن ئەحمەد عارف)

ئەم سیفەتانەی دراونەتە پاڵ ئەم منداڵە ( پیس، چەپەڵ، چاوچنۆک، گرینۆک، لاسار، هاوڕێی تانجی و سەگ)، وێنەیەکمان نیشان دەدات، کە منداڵەکە بە ناشرینی ببینین. سیفەتە نیگەتیڤەکان وەک بەشێک لە فەرهەنگی دوواکەوتوانەی کۆمەڵگە داهێنراوی ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی زاڵی نێو کۆمەڵگەیە. بیروباوەڕی زاڵی نێو هەر کۆمەڵگەیەکیش بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە.(٣) جا ئەو دەسەڵاتدارە خاوەن کۆیلەکان یان دەرەبەگەکان یان سەرمایەداران بن. ئەو سیفەتانەی شاعیر لەم سێ دێڕەدا ڕیزی کردوون، دوو جۆرن، جۆرێکیان سیفەتگەلێکی نێگەتیڤن و دوادێریان سیفەتی پۆزەتیڤە، بەڵام لای شاعیر بە نێگەتیڤ ڕیزبەند کراوە. پیس، چەپەڵ، چاوچنۆک، گرینۆک، لاسار نێگەتیڤن، بەڵام بۆچی دەبێت هاوڕێکردنی تانجی و سەگ نێگەتیڤ بێت؟ بۆچی هاوماڵیکردنی سەگ کارێکی دروست نییە لای شاعیر؟ بەبۆچوونی من هۆیەکەی باکگراوندی کلتووری کوردییی شاعیر نییە، چونکە لە فەرهەنگ و کلتووری کوردیدا سەگ هاوماڵ و هاوڕێی مرۆڤە، بەڵکوو کاریگەری باکگراوندی کلتووری ئاینییە کە شاعیر سەگ بە ئاژەڵێکی پیس وەسف دەکات. (ڕەنگە حیکمەت یان هۆکاری قەدەغەکردنی بەخێوکردنی سەگ لەلایەن ئیسلامەوە بۆ مەبەستی تر جگە لە ڕاوکردن یان پاسەوانی: ئەوە بێت کەپاک نین و پیسن و تەنها بە حەوت شوشتن نەبێت کە یەکێکیان بە خۆڵ یان سابون بێت، پاک نابنەوە. یان لەبەر ئەوەی ڕێگری لە چوونە ژوورەوەی فریشتەکان دەکەن کە بەندەی بەڕێزی خودان و بوونیان دەرکەوتنی ڕەحمەتی ئەوە بەرامبەر بە بەندەکانی.)(٤) ئەم دیدگایە دیدگای زۆربەی خەڵکی کوردستانە. لەکاتێکدا سەگ وەک هاوەڵ دەتوانێت لە ماڵدا لەگەڵ مرۆڤەکان بژێت و منداڵەکانیش فێری خۆشەویستی ئاژەڵیان بکەن نەک نەفرەت و ڕقلێبوونەوەی ئاژەڵان.

تا لەناکاو گابەردێ

بۆی بوو بە بەڵاو دەردێ

خوێنی تێکەڵ بە ئاو بوو

خەڵکی و خۆشی ڕزگار بوو. ( شیعری منداڵێکی درۆزن ئەحمەد عارف)

دڵڕەقی شاعیر دژ بە منداڵی درۆزن هێندە لەسەرە کە بە مەرگی ئەو منداڵە خێرلەخۆ نەدیوە دڵشاد بێت و خەڵکیش پێیان خۆش بێت کە ئەو منداڵە درۆزنە مردووە. ئایا ئەمە چەند لە واقیعی کۆمەڵایەتی ژیانی خەڵکی هەژاری کوردەوە نزیکە؟ نەخێر بە هەزاران فرسەخ دوورە. ئەمە ناحاڵیبوونە لە واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیی، ئەگینا هەموو دەزانین مردنی منداڵێکی خێزانێکی هەژار با درۆزنیش بێت، چ کارەساتبارێکە و چ تراژیدیایەک دەخوڵقێنێ، نەک خەڵک دڵخۆش بکات و کار بگات بەوەی ئەو دڵخۆشییە ببێتە بابەتی دەقێکی شیعری تەعلیمی لای شاعیرێک کە شیعر بۆ منداڵان دەنووسێت

لایەنی فێربوون لە شیعری منداڵی درۆزندا

لایەنی فێربوون لەم شیعرەی شاعیر، فێربوونێک نییە لە دیدی ئینسانی هاوچەرخەوە سەبارەت بە کێشەکانی منداڵ و ژیان، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی پاسیفیستی دوواکەوتوانەیە کە منداڵ بەرەو شێواندنی زیاتر و دوورکەوتنەوەی لە جیهانی تایبەتەکەی خۆی پاڵ پێوەدەنێ. کاتێک شاعیرێک شیعر بۆ منداڵ دەنووسێت، دەبێت ئاگاداری جیهانی تایبەتی منداڵ بێت، دەبێت بزانێت چ شتێک منداڵ و بیرکردنەوەی منداڵ فراوانتر دەکات و گەشەی پێدەدات؟ دەبێت بزانێت قۆناغەکانی منداڵ بناسێت و پێویستی تایبەتی هەر قۆناغێک هەست پێبکات. دەبێت ئاگاداری بنەماکانی پەروەردە و فێرکردنی هەر قۆناغێکی منداڵ بێت و بەرپرسیارانە دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات. دەبێت هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە تێبگات و ئینجا دەست بۆ قەڵەم بەرێت و قسە بۆ منداڵ بکات و ئامۆژگارییان بکات.

بەوپەری بێشەرمییەوە

لە دێو ناسڵەمێوە ( شیعری منداڵێکی درۆزن ئەحمەد عارف)

با لێرە بپرسین شاعیر چی فێری منداڵ دەکات؟ دەڵێت بێشەرمی واتە بێ چاو و ڕوو واتا بێڕێز. واتا منداڵێکی بێڕێزی چاوقایم. ئێمە هەموو لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی ڕێز کۆکین و دەزانین منداڵ و گەورەی بەڕێز جێگەی خۆشەویستین. بەڵام چی وا لە منداڵ دەکات بێڕێز بێت؟ چی وای لێدەکات شەرم نەکات. گرێی ناحاڵیبوونەکە لێرەدایە. پەروەردەی ڕۆژئاوا پەروەردەیەکە لەسەر بنەمای ڕێز و شەرم نەگردن. ئەوان منداڵ وا بار دەهێنن شەرم نەکات. بێشەرمی سیفەتێکی باشی منداڵە و گوزارشتە لە کەسایەتی بەهێزی منداڵ، نەک سیفەتێکی خراپ بێت. منداڵی شەرمن منداڵی لاوازە و کەسایەتی پتەوی نییە. بۆیە شاعیر لە ناهۆشیارییەوە ئەم سیفەتانە (پیس و چەپەڵ و چاوچنۆک و گرینۆک و لاسار و هاوڕێی تانجی و سەگ و بێشەرم و بێزارکەر و درۆزن لە گۆلاوێ بەر تاشەدەردێک دەکەوێت و دەمرێت) ئەمە پەیامی شیعرەکەیە و دەیەوێت بڵێت منداڵینە ئێوە وا مەبن، پیس و پۆخڵ و چاوچنۆک و لاسار و درۆزن مەبن و هاوڕێیەتی تانجی و سەگ مەکەن، شەرمن بن، بێئەوەی پێمان بڵێت ئەمە چۆن دەبێت و چۆن دێتەبوون!. ئایا دەتوانین ئەم ئامۆژگارییانەی شاعیر لەسەر لافیتەیەک بنووسین و بچین لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکانی کوردستان هەڵیواسین و ئیتر دنیا دەبێتە شامی شەریف؟ یان دەردەکە لە جێیەکی ترەوەیە و شاعیر نایەوێت خۆی لەقەرەی بدات. باشە گوناهی منداڵی کوردستان چییە ئەم جۆرە شیعرە دوواکەوتووانەیان بخەینە بەردەست و بەم تەرزە لە شیعر فێری باڵەفڕەی ژیانیان بکەیت؟ ئایا منداڵانی کوردستان شایانی ئەمجۆرە پەروەردەیەن؟ ئایا ئەم شیعرە بۆ کام لە چوار قۆناغەکانی پەروەردی منداڵ نووسراوە، قۆناغی ئەندێشەی بەستراو بەژینگەوە یان قۆناغی ئەندێشەی ئازاد یان قۆناغی منداڵێتی یان قۆناغی ئایدیالیستی؟(٥) دیارە هەریەک لەم قۆناغانەش تایبەتمەندی خۆیان هەیە. من ناڵێم باسی سیاسەت و ئابووری بۆ منداڵ بکرێت، بەڵام دەڵێم لە ڕوانگەی تێگەیشتن لە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەوە دۆخی منداڵان تێبگەین و لەوێوە قسەیان بۆ بکەین. شیعری فێرکاری منداڵان دەبێت زانست و خۆشەویستی بکاتە بناغە و لەوێوە منداڵ بەرەو ئاراستەیەکی تەندروست ببات، نەک ناشیرین و قێزەوەن نیشانی منداڵ بدات و بیکاتە دوژمنی ئاژەڵ. ئا لێرەوەیە نەوە دوای نەوەی منداڵ لەبری چەواقوسوویی و کاری ناشایستە و ناشارستانی ، منداڵی تەندروست و چالاک و زانستخواز و ئینسان دۆست دێنە مەیدان. ئەمە ئەو ئەرکەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەبێت پێی هەڵبستێت و ئەنجامی بدات. لێرەدا من لەگەڵ کاک ئەحمەد عارفی شاعیر کۆکم کە دەڵێت: (هەوڵ بدرێت لە ڕێگای ڕەخنەگرانەوە تاوتوێیەکی پاک و پیس یان چاک خراپ بکرێت و بێ بە بەربەست لە بەردەم بڵاو بوونەوەی بەرهەمی کاڵ و کرچ) (٦)

## ئەنجام

شاعیر لەشیعری منداڵێکی درۆزندا وەکو فێرکەرێک هاتووە کۆمەڵێ سیفەتی نیگەتیڤی داوەتە پاڵ منداڵێکی درۆزن و وێنەیەکی ناشیرینی ئەو منداڵەی نەخشاندووە کە هەموو بەنەفرەتی بکەین، بێئەوەی لەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییە تێبگەین کە ئەو منداڵە و خانەوادەی ئەو منداڵەی تیا دەژین. لەوێشەوە ئاراستەی کار بە خزمەت فراوانکردنەوەی ئاسۆی تێڕوانینی منداڵان دیاری بکەین و بناغەیەکی تۆکمە و پتەو لە خۆشەویستی نێوان ئینسانەکان و ئاژەڵ و زیندەوەران و ژینگە بنیاد بنێین. منداڵان ئەو سامانە گرنگەی کۆمەڵگەن کە دەبێت زۆر هەستیارانە بابەتی دەقە ئەدەبییەکانیان بۆ هەڵبژێرین و بۆ بنووسین، بۆ ئەوەی ئایندەی کۆمەڵگە بە دەستێکی زانستخواز و پێشکەوتوودا بسپێرێت. شاعیر لەم شیعرەیدا نەیتوانیوە شیعرێک پڕ بە باڵای پەیامەکەی بنووسێت و لەبری پەیامێکی ئینسانیی، بەداخەوە هاتووە خوێنەر و منداڵانی ڕووبەڕووی پەیامێکی دوواکەوتووانە کردووەتەوە. ئەمەش ئەگەر زیانی نەبێت، ئەوا هیچ سوودێکی بۆ ئەدەبی کوردی و پرۆسەی فێربوون و پەروەردەی دروستی منداڵ تێدا نییە.(٧)

## سەرچاوە و پەراوێز

(١)منداڵی درۆزن نووسینی ئەحمەد عارف پەیجی تایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکی نووسەر پۆستی ڕۆژی شەشی نیسانی ٢٠٢٤. من هەندێ هەڵەی تایپم بۆ ڕاست کردوتەوە.

(٢)اسس الاشتراكية العلمية المادية التاريخية تآليف ف. كيبلي و م. كوفالزون نقله من الروسية احمد داود اصدار دار الجماهير ، دمشق ١٩٦٧ ص ٦٤.

(٣)کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگڵس مانیفیستی حیزبی کۆمۆنیست وەرگێڕانی بۆ کوردی موسڵیحی شێخولئیسلام (ڕێبوار) چاپی دووەم لاپەڕە ٢٨.

(٤)بڕوانە هەردوو فەتوای ئیسلامی ژمارە ٢٥٤٣١ و فەتوای ژمارە ١٤٧٣٥ سەبارەت بە سەگ کە لە سایتی (اسلام ویب)دا هاتووە. https://www.islamweb.net/ar/fatwa

(٥)شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا ئەحمەد قەرەنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٧ لاپەڕەی ١٨٠ و ١٨١.

(٦)ڕەخنە نووسینی ئەحمەد عارف پەیجی تایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکی نووسەر پۆستی ڕۆژی دووی ئازاری ٢٠٢٤

(٧)من نامەوێت لێرەدا هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر نووسینەکانی کاک ئەحمەدی شاعیردا بهێنم و هەوڵەکانی یەکسان بکەم بە سفر. کاک ئەحمەدی شاعیر گەلێ هەوڵی تری هەیە کە جێگەی دەستخۆشین

# بێزارییە، بێزارییە، ئەم ژیانە ناچارییە،

## گۆرانییە بەردەوام تەواونەکراوەکەی لاوانی کوردستان.

## چ سیاسەتێکی نا ئینسانی بە نوقمبونی دان؟

جەمال کۆشش

شەڕ، هەژاری و سەرکوت، لەهەر نیشتمانێک پەیدا بوون، لەوێ خەڵک هەڵدێت و ئاوارە دەبێ. لە (١٨-٣-٢٠١٦) دا (یەکێتی ئەوروپا) و (تورکیا) مامەڵەیەکی قێزەوەنیان لەسەر ژیانی پەنابەران پێکەوە ڕاگەیاند، کە (تورکیا) لەبەرامبەر وەرگرتنەوەی ئەو پەنابەرانەی کە (یۆنان) دیپۆرتیان دەکاتەوە، شەش ملیارد یۆرۆ لە (یەکێتی ئەوروپا) وەردەگرێت. ئەوروپا یاساکانی پەنابەری توند و توندتر کردەوە، ڕێکارەکانی کۆچی ئەستەمتر کردەوە، مەرجەکانی هێنانی هاوسەری قورستر کرد، وە گومانی زۆریان لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری هاوڵاتی خۆیان و کەسانی بیانی پەیداکرد و چاودێرییەکی وردتریان کرد. زۆر بڕگە و بەندی بیمە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکانیان کەمکردەوە و لابرد

(یەکێتی ئەوروپا)، بە پەرلەمان و وەزارەت و کۆمسیۆنەکانیەوە، ساڵانێکی زۆرە بە شوێن ڕیفۆرمێکی گشتی و سیاسەتێکی هاوبەشی پەنابەرییەوەیە بۆ هەر (٢٧) دەوڵەتەکە، (بەتایبەت لەلایەن دەوڵەتە بەهێزەکانیانەوە). لە مانگی (٤) و (٥)ی ئەمساڵدا (٢٠٢٤) گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە بە "هەنگاوێکی مێژوویی" یان ناولێنا. (ئەم ڕیفۆرمە ڕاستەوخۆ بەمانای هەڵوەشانەوەی مافی تاکەکانە بۆ پەنابەری لە ئەوروپا. لەبری ئەوەی داواکردنی پەنابەری بەشێوەی لێکۆڵینەوەی یاسایی دەوڵەتییانە ڕێڕەوی خۆی وەربگرێت، پەنابەران بەشێوەیەکی زۆر لە کەمپە گەورەکانی دەرەوەی سنوری ئەوروپا کۆدەکرێنەوە و هەوڵ دەدرێ بەخێرایی داواکارییەکانیان بۆ پەنابەری ڕەد بکرێتەوە، بەم شێوەیە ئەوروپا بەهەموو هێزیەوە دەیەوێت پەنابەران لە دەرەوەی سنورەکانی خۆی بهێڵێتەوە

(سودم لە زنیارییەکانی بوڵتنی ژمارە ٢ی مانگی ٦ی (٢٠٢٤)ی ئۆرگانی (سۆلیدارتی سەنس فرۆنتێ- Solida-rite Sans Frontieres) وەرگرتووە کە تایبەتە بەو مژارە. بڕوانە

https://www.solidarityacrossborders.]
/org/en

بەدوای مامەڵە بازرگانییەکەی ئەوروپا/تورکیا، دەوڵەتی (یۆنان)، یاسای پەنابەری لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕەدا گونجاند. کرداری بە زۆر گەڕانەوەی پەنابەران (پوش باک-push-back)ی بە هەمەجۆر برەو پێدا، پەنابەرانی لە دوورگەکاندا لە کەمپە شێوە زیندانیەکاندا کۆکردەوە

[جین زیگلەر-Jean Ziegler] کە نوسەری کتێبی [ئیمپراتۆریەتی شەرمەزاری--The Empire of Sha-me]ە، و یەکێکە لە ڕەخنەگرە ڕادیکاڵەکانی سیاسەتی ئەوروپا، لەسەردانێکی بۆ (کەمپی مۆریا) لە (یۆنان)، ناوزەدی کرد بە [کەمپی شەرمەزاری ئەوروپا]، و بە کەمپی گیانداران و دارستانی مەیمونی چواند، وە داوای داخستنی دەستبەجێی ئەو کەمپەی کرد. ئەو کەمپە لە (١١-٩-٢٠٢٠) ئاگری گرت و سوتا لە بەتاوترین ڕۆژەکانی بڵابونەوەی کۆرۆنادا

ڕیفۆرم و ئاڵوگۆڕی بۆ توندکردن و خێراترکردنی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران، لەنێو یاسا هاوبەشەکانی ئەوروپاشدا، لەنێو بازنەی (شەنگن) و ڕێکخستنەوەی میکانیزمی (دەبلن)یشدا، ئەنجامدراوە. ئەو یاسایانە بەجۆرێک دارێژراون کە زۆرترین کەس بخەنە دەرەوەی پرۆسەی وەرگرتنی داواکارییەوە، وە ئاسانترین شێوە بەڕێگای فەرمی دیپۆرت بکرێنەوە. لێکۆڵینەوە لە ڕێگای پشکنین و بایۆمەتری و هەر لەسەر سنورەکان، کە هەندێک دەوڵەت شانسی قەبوڵیان سفرە، یەکسەرە و هەر لەوێوە دیپۆرت دەکرێنەوە. (ئەگەر لەگەڵ ئەو وڵاتانە ڕێککەوتنامە لەسەر وەرگرتنەوەی پەنابەرە ڕەفزکراوەکان هەبێتن، یان وەک ئەوەی بیری لێدەکرێتەوە بۆ ڕوندا بگوازرێنەوە)

لەنێو هەمان ڕیفۆرمدا ئەوە هاتووە کە ئەو دەوڵەتەی یەکەم جار، پەنابەر داواکەی لێ پێشکەش دەکات، هەر ئەو دەوڵەتە بەرپرسیارە لە وەڵام بەداواکەی. ئەمە ڕێگا دەگرێت لە پەنابەران ئازادیان هەبێت لە چ دەوڵەتێک داواکە پێشکەش بکەن، وە ئەگەر پێشتر دەوڵەت تەنها لە سێ (٣) مانگی یەکەمدا بۆی هەبوو پەنابەر دیپۆرت بکاتەوە بۆ ئەو دەوڵەتەی یەکەمجار پەنابەرەکە لێیەوە هاتۆتەناو ئەوروپا، ئێستا تا (١٨) مانگ دەتوانێت دیپۆرتی بکاتەوە، کە هەزارەها پەنابەر دەبن، و لەو ماوەیەشدا هیچ مافێکی سۆشیال و وەڵامیشیان نیە. خۆ ئەگەر پەنابەرێک فیزەی (شەنگن)یشی هەبێت ئەوا دوای (١٨) مانگ دەسڕدرێتەوە

### ناوەندی ڕیجیسترەیشنی ناسنامە

(ئیۆرۆدۆک-[https://www.eurodoc)، eurodoc.net/]، ئەرشیفی گەورەترین داتای پەنابەرییە کە تا ئێستا نەبووە لە مێژوودا، کۆنترین بایۆمتری بانکی داتاکانی ئەوروپا گەشەی پێدەدرێت بۆ سیستەمێکی زانیاری لەسەر پەنجەمۆری سادە، دەموچاو و هێڵکارییەکانی ڕووخسار، پاسەپۆرت و کارتی شوناسە جۆراجۆرەکان، و تا داواکاری پەنابەری و دۆکیۆمنتەکانی تر و تا گەڕاندنەوەی پەنابەران بۆ ماوەی (٦) ساڵ،... بەیەک کلیک دەتوانێت بچێتە "سەنتەری زانیارییەکانی شەنگن"، "سەنتەری زانیاری ڤیزە"، و "بیانییەکانی خاوەن پێشینەی سەرپێچی یاسایی"...هتد. هەموو ئەمانەش لە ناوەندێک کۆکراونەتەوە بەناوی (ناوەندی ڕیجیسترەیشنی ناسنامە). ئاسەواری خراپی ئەم تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە لەوەدایە کە ئیدی سوتاندنی پاسەپۆرتەکەت، ڕێگا لە دیپۆرتکردنەوەت ناگرێت، گۆڕینی ناوت، وڵاتەکەت، زمان و لەهجەکەت و شارەکەت، داد نادات، چونکە هەموو زانیارییەکانت بە دۆکیومنتەوە لەوێدا خەزنکراوە

ئەم بەرتەسکردن و هاوئاهەنگییەی یەکتری دەوڵەتە ئەوروپییەکان، بەتایبەت پاش ئەوەی ڕەوت و هێزە ڕاسترەوەکان قورسیایان لە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا زیاد بووە، بێگومان هەوڵی جدی دەدەن پراکتیکەی بکەن. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، بۆڵتنی ژ٣، حوزەیرانی ٢٠٢٤)

### مەترسیدارترین ڕێگا بۆ ئەوروپا

من لە نوسینی تریشدا ئاماژەم پێداوە، کە دەوڵەتانی ئەوروپا بە ئەنقەست و مەبەستدارانە ئاستەنگی قورس بۆ ڕێڕەوی کۆچ دروست دەکەن، ئەو دەوڵەتانە ڕێگای گەیشتنی پەنابەران بە ئەوروپا تا ئەو پەڕی ڕادەی خنکانی مناڵان لە دەریادا تەحەمول دەکەن. چاو لە ڕەفتاری فاشیانەی پۆلیسی سەرسنور دەنوقێنن. یەکەی چاودێری دەریایی یۆنان، چۆن پەنابەران لە سنوری ئاوی (یۆنان)ەوە دیپۆرتکراوەنەتەوە بۆ (تورکیا). زۆر بێدەبەرست و بەئەنقەست ناچن بەهاواری پەنابەرانەوە (وەک لەم کارەساتەدا دووبارە بووەوە). کە لە ئێستادا بەهۆی شکایەتێکەوە لە دادگایە کە کەمتەرخەمە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە خنکانی (٦٠٠) پەنابەری بەلەمی ئاوی لە کاتی نوقمبونیان لە (١٤-٦-٢٠٢٣) لە سنورە ئاوییەکانی (یۆنان)دا. وەک یەکێک لە ڕزگاربووەکان ئاماژەی پێداوە کە ئەوان ئاگاداری پۆلیسی یۆنانیان کردووە، بەڵام وتویانە تا فرمانمان (ئەمرمان) بۆ نەیەت ناتوانین بجوڵێین

(ڕاهێل)ە ژنێکی پارێزەرە و یەکێک لە ئەندامانی تیمی ڕێکخراوی (سی وۆچ-Sea Watch) (٩)ی (ئیتالیا)یە، لە تازەترین لێداونیدا کە (٢٨-٦-٢٠٢٤) بڵاوی کردەوە، لەوەتەی حکومەتی ئیتالیا بە سەرۆکایەتی (جۆرجیا میلۆنی) لەسەر کارە، گوشاری سیاسی و سزادانی یاسایی بەردەوام لە هەڵکشاندایە بۆ ئەو کەس و ڕێکخراوانەی هەوڵدەدەن ئەو پەنابەرانە لە مەرگ و خنکان ڕزگار بکەن. دەسەڵاتی هەوایی ئیتالیا دەیەوێت پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە دەریای ناوەڕاست بە دۆکیۆمێنت نەکرێت، تەنانەت بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەفتە نەیهێشت کاپتنی کەشتیوان (کارۆلا ڕاکێتا) کەشتیەکەی (سی وۆچ ٣) لە بەندەری (لامپێدوسا) لەنگەربگرێت و کاتێکیش وەک دواین چارەسەر و بەناچاری یەختەکەی (کە بە مەبەستی ڕزگارکردنی پەنابەران ڕێکخراوی سێ وۆچی ئەڵمانی کڕیویانە) لە بەندەرەکە ڕاگرت، بە (٤١) سەرنشینی نیوە مردووەوە، پۆلیسی ئیتاڵیا کاپتنەکەی زیندانی کرد، و وەک یارمەتی دەری قاچاخچی ناساندنی، هەموو چالاکییەکانیانی قەدەغەکرد. (بڕوانە ماڵپەڕی سی وۆچ)، [https://sea-watch.org]

### (فرۆنتێکس-Frontex)

دەوڵەتانی ئەوروپا ئۆرگانێکیان بۆ ڕاگرتنی کۆچ و پەنابەری دامەزراندووە بەناوی (فرۆنتێکس-Frontex) کە چاودێری سنورە ئاوییەکانی (یۆنان) و (ئیتالیا) دەکات. (فرۆنتێکس) خۆی ڕاستەوخۆ تاوانبارە یان چاوپۆشی کردووە لە کارە نایاساییەکانی پۆلیسی چاودێری ئاوییەکانی (یۆنان) و (ئیتالیا) لە ڕزگارکردنی پەنابەران و بەتەنگەوە نەچوونیان. تەنانەت بەپێی ڕاپۆرتی فەرمانگەی فەرمی ئەوروپا بۆ دژایەتی سەرپێچیکاری (ئۆلف)، لە مانگی (٢)/(٢٠٢٢)دا، (فرۆنتێکس) چرای سەوزی بۆ پۆلیسی دەریاوانی یۆنان هەڵکردووە بۆ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی سوری لە سنوورە ئاوییەکانی (یۆنان)دا. پاش بڵاوبونەوەی ڕاپۆرتەکە و دەنگدانەوەی لە میدیاکاندا، بەڕێوەبەری (فرۆنتێکس) (فابریک لێگاری) دەستی لە کار کێشایەوە لە مانگی چواری هەمان ساڵدا. لە ماوەی نێوان (٢٠١٥) تا (٢٠٢٤) بودجەی ساڵانەی ئەو ئۆرگانە (Frontex) لە (١٤٢) ملیۆنەوە بۆ (٩٢٢) ملیۆن بەرز بووەوە

[بڕوانە ڕۆژنامەی (لۆمۆند دیپلۆماتی..https://www. editionarabediplo.com/)، ژمارەی حوزەیرانی (٢٠٢٤) لاپەڕە (١٣).

### چەوسانەوە، بێئاسۆیی، بەهانەی سەرکوت!

#### گۆرانییەکەی ئەردەڵان بەکر

بێزارییە، بێزارییە، ئەم ژیانە ناچارییە
خۆشەویستیم بۆ من نەبووی.
دونیا چیە؟ دونیا چیە؟!
نایەیتەوە، نایەیتەوە، خۆشمدەویست نایەتەوە
مۆمی تاریکی تەمەنم کوژایەوە
بێزارییە، بێزارییە، ئەم ژیانە ناچارییە،
خۆشەویستم بۆ من نەبووی
دونیا چیە؟ دونیا چیە؟!
کەی ژیانە کەی ژیانە؟ دوور وڵاتی کەی ژیانە؟
وەک دیلێ بەوڵاتی غەریب، ئاوارە و ژێر دەستەمە
بێزارییە، بێزارییە، ئەم ژیانە ناچارییە
خۆشەویستم بۆ من نەبووی
دونیا چیە؟ دونیا چیە؟



چەند بێزارم، چەند بێزارم، لەهەواڵی ئەم شارە
هەواڵی دێت لەم شارە
کێ حاکم و کێ قەرارداره

ئەم گۆرانییەی (ئەردەڵان بەکری)، گۆرانی بێژی جوانەمەرگ، کە ئەویش هەر بە نامرادی و بە حەسرەتەوە، بە تەمەنێکی کەمەوە، جێهێشتین. ئەردەڵان، پەیکەرەی خەم و خەون، حەسرەت و کۆچ و دابڕان، لە تۆنی ئازار و برین و تەمتومانی ناچاری و مەرگ بوو

کاتێک ئەو ڤیدیۆ کلیپە دەبینین کە کۆمەڵێک پەنابەر بە کۆرس و لە دڵ و گیانیانەوە گۆرانییەکەی ئەردەڵان دەڵێنەوە (بێزارییە، بێزارییە، ئەم ژیانە ناچارییە)، کە پێ دەچێت چەند چرکەیەک لە سەرەتای سواربوونی کەشتییەکە و دەرچوونیان بۆ ناو دەریا تۆمارییان کردبێت، ئینسان دەتاسێنێ!!! ئەردەڵانێک لە نێو تاک تاکی ئەو پەنابەرانە دایە، ڕۆحێکی پڕ ئازارە و سەفەرێکی ئەفسوناوی و شەوی لێکدابڕانیانە. هەموویان خۆیان بۆ لەدایکبونێکی تر ئامادە دەکەن، ئاوات و خەونیان هەیە و پێدەنێنە نێو مەترسیدارترین ڕێگای مەرگ، هیچ کەس ناتوانێت بەو سیما دڵ پڕ لە هیوایانە بڵێت: تەمەنی خۆتان و خەونەکانتان ناگاتە (٧٢) سەعاتی دی و ئیدی بۆ ئەبەد لە گۆڕستانی ئاودا دەنێژرێن! ئەو هەموو جوانی و کەیف و گۆرانی و لایەلایە، دەپێچرێتە لرفەی شەپۆل و زریکە و ناڵە و کارەسات و مۆمی تەمەن دەکوژێتەوە

### دوو دنیای جیاواز لە هەرێمی کوردستان

(ڕێزان حەمە سالح- نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئیتالیا) "دەفەرموێت" لە هیچ جێگایەکی دونیا هێندەی هەولێر سەیارەی گرانبەها بەسەر جادەکانەوە نین، بەڵام خانمی بەڕێز پێم بڵێ لە کوێی جیهان هێندەی شارەکانی هەرێمی کوردستان، منالی سواڵکەری سەرفولکەکان، دەستفرۆش و پیری تەسبیح و گۆرەوی فرۆش، لاوی بێتاقەت و سەرگەردان و بێکار هەیە؟ ژنانی بێماف و پەراوێزخراوی پاڵپێوەنراو هەیە؟ گەڕەکی پەڕپوت و خانوی (١٠٠) مەتری ناتەواوی پڕ سەرخێزان هەیە؟ ئادەی پێم بڵێ لە کوێی دونیا ئەم هەموو بێ مافی و تراژیدیایە هەیە؟ هەر کەسێک لە هەولێر سەردانی (ئیمپایەر) و سەردانی (گەڕەکی مەنتکاوا) بکات، سەرانی (گاردن سیتی) و (گەڕەکی بەلاشاوا) بکات، سەردانی قاوەخانەکانی (لافینتۆ) و (گەڕەکی نەوەدودوو) بکات، دەبینێ دوو دونیایە، پەڕینەوەیان لە هەرێمی کوردستان مەحاڵە، بۆیە تەنها ڕێگای ملدان بە مەرگیان بۆ هێشتوونەتەوە بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە و لەم دەسەڵاتەی هەرێم

ئەگەر کەسێک ڤیدیۆی لێدانی ئەو گەنجە شارەزوورییە ببینێ کە هێلکەی گرتە کاروانی سەیارەکانی (مەسرور بارزانی)، لە کۆتایی حوزەیرانی (٢٠٢٤) لە (خورماڵ)، کە ناڵە و هاواری دەگاتە حەوت کوڵان، کە چۆن پاسەوانەکان بە سەیارە و بە شەق و بەدار و بە بۆکس، چی لێدەکەن، تێدەگات ئەم لاوانە لە نیشتمان نوقمی کام سەحرای عەزاب و بێزری و تینویەتی بوونە، ئەم نیشتمانە، شایانی ئەو لاوانە نیە، هەرگیز


لە بەرنامەیەکی تایبەتی ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکادا لەمەڕ ئەم کارەساتە و کۆچی نایاسایی، خاتوو (ژیار محمەد) لەگەڵ (٣) کادیری "پێشکەوتوو"ی (پارتی) دیداری ئەنجامدا، یەک بۆ یەکیان دەسەندەوە و (خاتوو ژیار) بەبێ ئیزعاجکردن و بەئیسراحەتی تەواوە بواری دابوو کە چۆنیان بوێ وەها بدوێن. گەلێک باس هاتە پێشەوە، سەدای وەڵامدانەوە غائب بوو، ئەوانە لێدەگەڕێم، بەڵام شتێک کە ڕەهەندێکی سەرکوتکاری هەیە و دەتوانێت بەکار بێت و بیکەنە پاساوی بڕگە و بەندێکی یاسایی بۆ زیندانی و فراندن، ئەویش بەهانە داتاشینێکی نوێیە بەناوی "هاندانی گەنجان بۆ کۆچ" لەلایەن (عەلی سەعید) بەڕێوەبەری داتا و زانیاری لە "ناوەندی هەمائاهەنگی قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان" بەکارهات. ئەو دەستەواژەیە ڕەهەندێکی مەترسیداری هەیە لەبری ئەوەی کە بیری جدی بکرێتەوە بۆ لانی کەم کەمکردنەوەی ئەم تراژیدییانەی کۆچ، دێت هۆکارەکانی کۆچ برەو پێدەدات

یەکێک لە کەسوکاری گیانبەختکردوانی نوقمبونی بەلەمەکە، (ڕێکان عەبدوڵا حەمەئەمین) وتی (خەڵکی حەقە لێرە نارەزایەتی دەرببڕن) و خەبات بکەن تا ژیانی خۆیان بگۆڕن. ئەوە ڕێگا دروستەکەیە

تەموزی ٢٠٢٤

# باشووری ئیتاڵیا، گۆڕستانی پەنابەران

شوان سەدیق لە ئیتالیاوە



گیان لە دەستدانی پەنابەران لە ئیتاڵیا بووەتە هەواڵێکی ئاسایی، بەرادەوام ئەم ڕووداوانە چەند بارە دەبنەوە

ڕۆژێک لە (لامپێدوسیا)ی (سیچیلیا)ی ئیتاڵیا بەلەمی پەنابەرانی ئەفریقای ژێر ئاو دەکەوێ و ڕۆژێک لە هەرێمی (کالابریا)ی ئەم وڵاتە تەرمی کۆچبەرانی کورد و میللەتانی دیکە دەدۆزرێتەوە

باشووری ئیتاڵیا بەهۆی سنووری ئاوی لەگەڵ ئەفریقا و تورکیا و وڵاتی یۆنان بۆتە سەرزەمینی پەڕینەوەی کۆچبەرانی ئاسیا، ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ بەشەکانی دیکەی وڵاتی ئیتاڵیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا

ڕۆژی (١٧)ی مانگی (٦)ی (٢٠٢٤) میدیای ئیتاڵی هەواڵی مردنێکی بەکۆمەڵی پەنابەرانی بڵاوکردەوە لە هەرێمی (کالابریا) و هەرێمی (سیچیلیا)

هەواڵی هەرێمی (کالابریا) ڕووداوێکی تراژیدیا بوو مەرگی نزیکەی (٦٥) پەنابەری بەدوای خۆیدا هێنا، ژمارەی زۆریان کوردن و خەڵکی باشوور و ڕۆژهەڵات بوون

(خاچی سوور)ی ئیتاڵیا بە میدیای وڵاتەکەی ڕاگەیاند ڕۆژی (١٨)ی مانگ پاش زیاتر لە (١٥) کاتژمێر تەرمی (٦) پەنابەر لە نێو (دەریای ئەیۆنی--ioni-an Sea / بە زمانی ئیتالیایی: Mare ionio))،

سەرۆک وەزیران دەگرێ و دەڵێت "ئێوە وەکو دەسەڵات بەردەوام بێباکن و بێدەنگن لەئاست ئەم ڕووداوە تراژیدیانە بەئاشکرا کەسانێک گیان لەدەست دەدەن لەنێو دەریاکان، ئێوەش هەڵوێستان نیە پێویستە میکانیزمێکی گونجاو بدۆزرێتەوە"

ئەو ڕووداوەی بەسەر پەنابەران هات لە کاتێکدایە ئەم ساڵ لە ڕۆژانی (١٣) تاوەکو (١٥)ی ئەم مانگی حوزەیرانە (ی ٢٠٢٤) دانیشتنی کۆمەڵەی (٧) وڵاتە پیشەسازیەکە (ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، یابان، ئەمریکا، کەنەدا) لە باشووری ئیتاڵیا بەڕێوەچوو



دۆزراونەتەوە کە دیارە ئەوانە سەر بە قوربانیانی بەلەمە تێکشکاوەکە بوونە

خاچی سوور باسی لەوەشکرد کە ڕووداوەکە (١٢٠) میل (نزیک بە دوو سەد کیلۆمەتر) لە دووری دەروازەی بەندەری (ڕۆچێلا یۆنیکا) بووە

لەو ڕووداوەش تەنیا تەنها (١٢) کەس بە زیندووی مابوونەتەوە، لە کاتێکدا ژنێکی تەمەن (٢٥) ساڵی بە ڕەچەڵەک عێراقی لە کاتی گەشتنی بە بەندەرەکە گیانی لەدەستداوە

هۆکاری تێکشکانی بەلەمی پەنابەران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەلەمەکە بچووکە و قاچاخچییەکان ژمارەیەکی زۆر کۆچبەری تێدەکەن

هۆکارێکی دیکە حکوومەتی ئیتاڵی بەردەوام هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ڕێگای قاچاخچییەکان دەگرێ و ئەوانیش ڕێگای سەخت هەڵدەبژێرن

وەکو ئەوەی مێدیای ئیتاڵی باسیکردوە، سەبارەت بەتێکشکانی ئەو بەلەمە نوێیەی پەنابەران کەشتیوانی فەڕەنسی پۆلیسی ئێتاڵیان ئاگادار کردۆتەوە.

سەرۆکی هەریمی کالابریا ڕۆبێرتۆ ئۆکیتۆ ڕایگەیاند ئەم ڕووداوە هەمووومانی دڵگران کرد بەداخەوە بەهۆی جەنگ و خراپبوونی باردۆخی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوڵاتییەکانیان ڕێگای خراپ و قورس هەڵدەبژێرن بۆ گەیشتن بە وڵاتی ئێمە و ناوچەکانی دیکە

گوتیشی "ئێمە ئەوەمان پێدەکرێ بتوانین سۆراخی قوربانییەکان بکەین و هاوکاری و شووێنی ئارام بۆ ئەوانەش دابین بکەین لە ژیاندا ماون"

ئەو پەنابەرانەی زۆرینەیان گیانیان لەدەستداوە، ڕۆژی دووشەممە (١٠)ی مانگ بەدواوە لە وڵاتی تورکیا بەڕێکەوتوونە بۆ وڵاتی ئیتاڵیا

دوای نزیکەی چوار ڕۆژ ئەوان گەیشتوونەتە ناوچەی سنووری ئاوی ئیتاڵیا، بەڵام بەهۆی خراپبوونی بەلەمەکەیان بەهۆی بچووکی بەلەمەکە و زۆری پەنابەرەکان، بەشیکی زۆر لە سەرنشینەکان کەوتوونەتە نێو دەریاکەوە

تیمە دەریاوانییەکان و لایەنی پەیوەندداری ئیتاڵی بەردەوام سەرقاڵی گەڕانن بەدوای دۆزینەوەی تەرمی قوربانیەکان، خاچی سووری ئیتاڵی دۆزینەوەی تەرمی قوربانییەکان بە ئاسان نازانێت، چونکە لە کاتێکدا بەلەم و ئەو ژمارە پەنابەرەی لە ژیان مابوون کاتێک ئاشکرابوون، زیاتر لە ٤٨ کاتژمێری بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕ بووە

هەر بۆیە دەریاکە شەپۆل دەدات و ئاوی ئەم سنووورە وەکو ناوچەیەکی هێمن و ئارام نییە، تەرمی قوربانییەکان بەسەر ئاو بکەون یان بکەونە کەناری دەریاکەوە

ڕووداوی مردنی بەکۆمەڵی پەنابەران لەنێو دەریا شەقامی ئیتاڵیای لەسەر ئاستی سیاسیش بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد

(ئێلی شەهلین) سکرتێری (پارتی دیموکراتی ئیتاڵی) کە ئێستا هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی خاوەن نفوزن و ساڵانیک لە دەسەڵات بوون ڕەخنەی توند لە (جۆرجا میلۆنی)

لە بەشێکی کۆنگرەکە بەگرنگییەوە باس لە پرسی چارەسەری کۆچی نایاسایی و ڕێگە گرتن لە بازرگانی بەمرۆڤەوە کرا

بەپێی زانیارییەکان ئەم ساڵ ژمارەی گیان لەدەستدانی پەنابەران لە سنووری سەر دەریای نێوڕاست گەیشتۆتە نزیکەی (١٠٠٠) پەنابەر. ئەمە لەکاتێکدایە ژمارەی ئەو پەنابەرانەی ئەمساڵ گەیشتوونەتە وڵاتی ئیتاڵیا (٩٤٧٧) کەس بوونە

هۆکاری هەڵبژاردنی ڕێگای خراپ بۆ گەیشتن بەئەوروپا نەبوونی ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کیشوەری ئەفریقا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە

هەروەها جەنگ و برسێتی و بێکاری لەنێو گەنجان و کێشەی ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بەشێکی دیکەی ئەو هۆکارنەیە کەهاوڵاتیانی کیشوەری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی لێی هەڵدێن و ناچارن ڕێگای خراپ و مەترسی هەڵبژێرن بۆ گەیشتن بەڕۆژئاوا

### شەش خاڵ لە نێوان ئیتاڵیا و کوردستان

نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە ئیتاڵیا بەڕادیۆی دەنگی ئەمریکای گوتووە؛ لە ئیتاڵیا بسوورێیتەوە ئەوەندەی هەرێمی کوردستان ئۆتۆمبێلی گرانبەهای تێدانییە. ئەو کۆمەڵێ شتی دیکەیشی گوتووە کە پێویست بە باسکردن ناکات

نەدەبوو ئەم بەڕێزە بچووبایەتە وردەکاری و بەراوردێکی ئەوهاوە، دەبوو لەبەرامبەر مەرگی دەیان گەنج و ژن و منداڵی کورد هەڵوێستی جدی هەبووایە و شەرم دایبگرتبایە لەوەی چۆن ئینسانی کورد بوونەتە خۆراکی ماسییەکانی دەریای (ڕۆچێلا یۆنیکا) لە هەرێمی (کالابریا)ی ئیتاڵیا

دەبوو نوێنەری هەرێم لە ئیتاڵیا ئەو ڕەخنەی لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی هەرێم بگرتبایە و داوای هەڵوێستی بەرپرسیارانەی لە حکوومەت و کاربەدەستان بکردبایە یان ئەم خۆی دەستی لە کارەکەی بکێشایەتەوە

نوێنەری هەرێم لە ئیتاڵیا، دەبوو بیگوتبایە پێویستە لێکۆڵینەوە لە هەڵهاتنی هاونیشتیمانییەکانمان بکەین

دەبوو نوێنەری هەرێم لە ئیتاڵیا بیگوتبایە ئەرکمانە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان باشتر بکەین تاکو گەنجان بتوانن بێنە دەرەوە بۆ خوێندن و گەشتوگوزار

من ناڵێم لێرە هەمووشت باشە و "شامی شەریف"ە، ئیتاڵیا و هەرێمیش بەراورد بەیەک ناکرێن، دەشێ تەنیا باسی هەردوولایان بکەین

هەرچۆنێک بێت ئێمە حەقی ئێرە (ئیتالیا)مان نییە، خراپە یان باشە! خەڵکی ئێمەی هەرێمی کوردستان لێرە لە ئیتاڵیا پەنابەرن، هەزاران گەنج و خێزانی کورد لە ئیتاڵیا دەژین، بەسووپاسەوە ڕێزیان دەگرن و مافیان بە جۆرێک پارێزراوە لە وڵاتی خۆیان ئەوەیان بۆ نەکراوە

با تەنیا باسی شەش (٦) خاڵتان بۆ بکەم لە بەراورد و

بڕوانە ل ١١

رەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسییە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# گۆڕە بێناونیشانەکان لە سلێمانی



**ئامادەکردنی ڕاپۆرت: عەبدوڵڵا ساڵح**

وەک دابونەریتێکی باوی کۆمەڵگا، ڕۆژانی هەینی بەشێک لە خەڵک ڕوو لە گۆڕستانەکان دەکەن بۆ بەسەر کردنەوەی ئازیزانیان. لە گۆشەیەکی دابڕاوی یەکێک لە گۆڕستانەکانی شاری سلێمانی (گردی سەیوان)، کۆمەڵێک گۆڕ بەرچاو دەکەون کە هیچ ناونیشانێکیان لەسەر نیە، یاخود هەندێکیان تەنیا وشەی (ژیان)یان لەسەر نوسراوە، بە بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ وردەکارییەک لەسەریان کرابێت، ناسنامەکانیان نادیارە، تەنانەت مەراسیمی ناشتنیشیان بە نهێنی ئەنجام دراوە لە ترسی ئەوەی تەنانەت لە گۆڕیشدا لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە ڕاوەدووبنرێن

(ڕۆژکار ئیبراهیم) چالاکوانی مافی ژنان کە ساڵانێکە کاردەکات بۆ کۆتایی هێنان و بنبڕکردنی دیاردەی شاردنەوەی ناونیشانی کوژراون لە گۆڕستانەکاندا، بە ئاژانسی فرانس پرێسی ڕاگەیاند: (بەهیچ شێوەیەک نابێ هیچ کەسێک، چ ژن بێت، چ منداڵ یا پیاو، بەبێ ناونیشان بنێژرێ)

ئەم چالاکوانە لە کاتێکدا لە گۆڕستانەکە دەبێ، ئاماژە بە سێ گۆڕ لە پشت خۆیەوە دەکا و چیرۆکی پیاوێک و ژنێک و منداڵێک باسدەکا کە لەو سێ گۆڕەدا نێژراون و بە هەواڵگری ئاژانسە ناوبراوەکە دەڵێ: (ژن و پیاوەکە یەکتریان خۆشویستوە، بەبێ ڕەزامەنی کەسوکار هاوسەرگیریان کردوە ڕایانکردوە و دواتر منالێکیان بووە کە بە گوێرەی دابونەریتی باو بە "ناشەرعی" لەقەڵەمدراوە، کەسوکاریان لەسەر سنوور دەستگیریانکردون و بە زۆر گەڕێنراونەتەوە هەرێمی کوردستان، لەوێش کوژراون)

ئامارێکی شۆکهێنەر هەیە بۆ ئەو بارودۆخانە لە هەرێمی کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ هەمان ئاژانسی فرانس پرێس، گۆڕ هەڵکەنێک بەناوی (عوسمان ساڵح) ڕایدەگەیەنێ، لە ماوەی پانزە ساڵدا، (دووسەد) ژن و کچ کە تەمەنیان لە نێوان (١٣ - ٥٠) ساڵ بووە بە خاک سپێردراون. لە ساڵی (٢٠٢١) لە هەرێمی کوردستان (٤٥) حاڵەتی کوشتنی ژنانی تۆمارکراوە - بە بەراورد بە (٢٥) حاڵەت لە ساڵی (٢٠٢٠). بەپێی دوایین ئاماری فەرمی کە ئاژانسی (فرانس پرێس) بڵاویکردووەتەوە، وە بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە سایتی ڕۆژنامەی (ئاوینە لە ٢٠٢٤/٣٠/٦ )بڵاوکراوەتەوە، تا ئەم بەرواره (٣٠) حاڵەتی کوشتن یان خۆکوشتنی ژنان لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم تۆمارکراوە

لەم دوایانەش ڕێکخراوی (لێبوردنی نێودەوڵەتی) ڕاپۆرتێکی هەستیاری سەبارەت بە دۆخی ژنان لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و تیایدا ڕایگەیاندووە: (هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت ببێتە حکومەتێکی مۆدێرن، بەڵام نەیتوانیوە مافی ژنان بپارێزێت، ڕێکخراوەکەش ئیدانەی هەڵوێستی هەندێک لە دادوەرەکان دەکا کە بڕیار دەردەکەن لە سۆنگەی دیدگا و بەرژەوەندییەکانی پیاوان، ئەمەش وا دەکات ژنان دوورەپەرێزی بکەن لە چوونە دادگاکان)

سەبارەت بە عێراقیش، ڕێکخراوەکە دەڵێت: (لە عێراق، وڵاتێک کە ژمارەی دانیشتوانەکەی (٤٣) ملیۆن کەسە، کۆمەڵگەیەک کە داب و نەریتی خێڵەکی و کلتوری پیاوسالاری تێیدا زاڵە، مافی ژنان هێشتا بابەتێکە مشتومڕی لەسەردەکرێ . لە وڵاتێکدا کە هێشتا هاوسەرگیری کچانی کەم تەمەن و زۆرەملێ و هاوسەرگیری ئابوری تێدا زاڵە). تەنها لە چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵدا سیانزدە هەزار و هەش سەد(١٣،٨٠٠) سکاڵای پەیوەست بە توندوتیژی خێزانی لە دادگاکان تۆمارکراون، کە (٧٣٪) ی ئەو سکاڵایانە پەیوەندییان بە ژنانەوە هەبوە، بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە بەغدا لە ساڵی (٢٠٢٢) دادگاکانی عێراق نزیکەی بیست و یەک هەزار و شەش سەد (٢١،٦٠٠) سکاڵایان لەسەر توندوتیژی تۆمارکردووە، کە (٨٠٪) ی ئەو سکاڵایانە پەیوەندییان بە توندوو تیژی دژی ژنانەوە هەبووە

٢٠٢٤-٧-١١

---

## خانەنشینان بەشێکی گرنگی بزوتنەوەی نارەزایەتی بوون لە ساڵانی ڕابردوودا و لە پێشەوەی خۆپێشاندانەکان بوون

# چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: (ماموستا أحمد عەلی سادق هەورامی) ئەندامی دەستەی باڵای (یەکێتی خانەنشینانی کوردستان).




**رەوت: سوپاس بۆ بەخشینی کاتی خۆتان بۆ ئەم چاوپێکەوتنە، سەرەتا دەمانەوێت بزانین (یەکێتی خانەنشینانی کوردستان) کەی دامەزراوە؟ بارەگا و ئۆفیسی هەیە لە شارەکانی هەرێم، ژمارەی خانەنشینان لە هەرێمی کوردستان بەگشتی چەندە؟ هەروەها ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەتان چەندە؟ وە ئامانج و خواستەکانی ڕێکخراوەتان چییە، یان بە جۆرێکی تر بڵێین لە پێناو چیدا ئەو ڕێکخراوە هاتۆتەدی؟**

ماموستا ئەحمەد: یەکێتی خانەنشینانی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٤)دا دامەزراوە، بارەگای سەرەکی لە سلێمانییە و لقی لە هەڵەبجە و هەولێر و گەرمیان هەیە، وە لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بڕیارە لە زاخۆ و شارەزوور و چەمچەماڵ و دەربەندیخان بارەگای تر بکەینەوە، ژمارەی خانەنشینان لە هەرێمی کورستان (٢٤٥) هەزار و (١٠٤) خانەنشینە لەوانە (١٥٧) هەزار و (٤٦١) خانەنشینی مەدەنین و (٤٧) هەزار و (٦٣٣) یان خانەنشینی سەربازین

ئامانج و خواستی ڕێکخراوەکەمان بۆ داکۆکیکردنە لە خانەنشینان و ماموستایان و فەرمانبەران بۆ هێنانەدی مافە زەوت کراوەکانیان وە دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان. لە بەیاننامەیەکیشدا ئەمانە ڕون کراونەتەوە


**رەوت: بەگشتی بارودۆخی ژیانی خانەنشینان لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟ ئایە بڕی ئەو مووچەی خانەنشین وەری دەگرێت تا چەند دەتوانێت ژیانێکی ئاسایی دابین بکات بۆیان، بەتایبەت ئەگەر کەسی خانەنشین خاوەن خانەوادە و مناڵ بێت؟ ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی دواکەوتن و بڕینی بەشێک لە مووچە کە (حکومەتی هەرێم) گرتوویەتەبەر؟**

ماموستا ئەحمەد: سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم کە مووچەی خانەنشینان هەر لە بنەڕەتدا مووچەیەکی کەمە و بەشی ژیانێکی مەمرەمەژی دەکات و ناکات، جا سەرباری ئەوەش خانەنشینان لە کوردستان، ساڵانێکە بەدەست کەمی مووچە و لێبڕینی مووچە و جیاوازی نێوان موچەی هەرێم و حکومەتی ناوەندییەوە دەناڵێنن و غەدریان لێدەکرێت. ئەو زوڵمانەشمان هەمووی لەڕێگای بەیاننامە و ڕاگەیاندنەکانمانەوە گەیاندووە بە هەموو لا، چ بە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و ناوەند بێت یان بە ڕای گشتی کۆمەڵگا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بێت. بەنسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، بەڵێ وایە، حکومەتی هەرێم، دامەزراندنی وەستاندووە ئەمەش واتا هەر خانەوادەیەکی خانەنشین بگریت کچ و کوڕی بێکاریان هەیە، هەروەها حکومەتی هەرێم کەرتی پەروەردە و تەندروستی و کارەبای داوەتە دەست کەرتی تایبەت و ئەوەش مەسرەفێکی زۆرە و قورسایی خستۆتە سەر شانی خانەنشینان، کەرتی کارەبا و ئاو، وەک دەزانن حاڵی چۆنە، کەرتی گوستنەوەش بەهەمان شێوە، ناچارین بەتاکسی هاتوچۆ بکەین. هەموو ئەوانە کاریگەری گەورە و گوشارێکی زۆری لەسەر ژیان و گوزەرانمان داناوە

**رەوت: لە بەرامبەر ئەو باروزروفە سەخت و بێمافییەدا کە حکومەتی هەرێم دای سەپاندووە بەسەر خانەنشیناندا، ئایە خانەنشینان و ڕێکخراوەکەتان چ کاردانەوە و چالاکییەکیان هەبووە بۆ بەرنگاربوونەوەی، بەتایبەت کەم مانگ هەبووە نارەزایەتی و خۆپێشاندان لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا سەری هەڵنەدا بێت دژ بە دواکەوتنی مووچە وەیا بڕینی بەشێک لێی؟ ئایە خانەنشینان و ڕێکخراوەکەتان لەم بزووتنەوە نارەزایەتییانەدا بەشدار و چالاک بوون، بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی خانشینان لەڕووی حقوقی یاسایی و ئابورییەوە؟**

ماموستا ئەحمەد: بەڵێ ئێمەی خانەنشین وەک توێژێکی کۆمەڵایەتی دژی بێمافی و پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە خانەنشینان، بەردەوام نارەزایەتییمان دەربڕیووە، هەر لە دەرکردنی بەیاننامەوە بگرە، تا چوونەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیران لە هەولێر، تا بەشداری کردن لە تۆماری ئیمزاکۆکردنەوە، تا بەشداری خانەنشینان لە خۆپیشاندانی هەموو شارەکاندا بە بەردەوامی، ئێمە بەشێکی گرنگی بزوتنەوە نارەزایەتییەکان بووین لەساڵانی ڕابردوودا و لە پێشەوەی خۆپێشاندانەکان بووین. ئەگەر نارەزایەتی و خۆپێشاندانی ماموستایان لەم دواییانەدا بە نمونە وەربگرین، ماموستایان هەموویان کچ و کوڕی ئێمەی خانەنشینن و ئێمەش لەگەڵیاندا و بۆ پشتیوانیان هاتووینەتە مەیدان، ئەم هاوپشتی و بەتەنگەوە هاتنەی یەکتری بناغەی بەشێک لەو سەرکەوتنانە بوو کە بەدەستهاتوون لەم دواییانەدا

-*-*-*-


حکومەتی هەرێمی کوردستان
یەکێتی خانەنشینانی کوردستان
دەستەی باڵا

حكومة اقليم كوردستان
اتحاد متقاعدي كوردستان
الهيئة العليا
ژمارە/ العدد: ٤٣
بەروار/ التأريخ: ٢٠٢٤/٦/٢٧

[illegible]

---

# کاڵاکانی ئارایەش (کۆسمێتیک)، و ماوەی بەسەرچوونیان

**گوڵاڵە پشدەری**

کۆسمەتیک بەو کاڵایە یاخود کەرەستەی ئارایەشکردن/ نەخشاندن و خەملاندنی ڕووخسار و لەش دەگووترێت، کە لای زۆربەی ئافرەتان و هەتا پیاوانیش ڕۆژانە کەڵکی لێ وەردەگرن، ئەو کەرەستانە لە ژیانی ئێستاماندا و لەو سەردەمەدا بوونە کاڵایەکی زەرووری ژیان و بایەخێکی گرنگیان هەیە

هەموو کەس ڕۆژانە بە دڵنیایی کەڵک لە هەندێک لەوانە وەردەگرێت وەکو شامپۆ، سابوون، هەویری ددان، بۆن-عەتر، کەرسەتەی ئارایەشکردن، کەفی ڕیشتراشین، کریمی دەست و پێ و لەش، دژەرۆژ، دەموچاو...هتد

مرۆڤ بە ڕێگەی ئەو کەرەستانەوە هەوڵدەدات، خۆی پاک و خاوێن ڕابگرێت، خۆی بپارێزێت لە زیان، خۆی بنەخشێنێ و برازێنێتەوە، هەستی خۆش و متمانە بە خۆی بدات و لە کۆتاییدا تەندروستی خۆی باش ڕابگرێت

تۆ لەوانەیە کەسێک بی کە ڕۆژانە لەو پرۆدۆکتانە کەڵک وەرگری وەکو قەڵەمی چاو، ماسکارە، پۆدرەی سەرگۆنا، جەلی قژ، کریمی سەر...هتد، بەڵام ئاشزانی ئەو بەرهەمانە ماوەیان ماوە، یان بەسەرچوون؟ زۆربەی بەکارهێنەران نازانن کە ئەو کاڵایانە ماوەیان بەسەر دەچێت هەروەکو خۆراک، و دەبنە هۆکاری نەخۆشییەکانی پێست

ئەگەر کاڵایەک ماوەکەی بەسەر چووبێت ئەوا بە ئاسانی باکتریا بە خۆیەوە دەگرێت و مرۆڤ تووشی نەخۆشییەکانی پێست دەکات. ئەوەش بە هۆی ئەوەیە کە کاتێ بەکارهێنانی هەندێک جۆر باکتریا و قارچکەکان دەخزێنە ناو پێکهاتەکەی کۆسمەتیکەوە

لە سەر زۆربەی پاکەتەکاندا مێژووی بەسەرچوونی تێدایە. چی بکەین و چۆن بەرواوری بەسەرچوونەکەی بزانین و ئەگەر تێیدا نەنووسرابێت چی بکەین تاکو پێستمان تووشی زیان و نەخۆشی نەبێت؟ هەندێک خاڵی گرنگ و تەندروستی هەیە پێویستە لەوبارەوە ڕەچاو بکرێت

### ماوەی ڕاگرتنی کاڵای کۆسمێتیک

ماوەکەی کاڵا، دەبێ لەلایەن کارگە دەستنیشان کرابێت بۆ نموونە ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە چ بە نەکراوەیی و یان بە کراوەیی سەری کاڵایەکە، یان چۆن کاڵاکە بەکار دێت و خاڵی گرنی تریش ئەوەیە کەڕەچاوی پلەی گەرما دەبێ بکرێت



زۆربەی ئەو کاڵایانە ماوەی بەسەرچوونیان بۆ ماویەیکی دوور و درێژە، بەڵام هیچکات بێ ماوەش نابێت و هەر بەسەر چوونیان هەیە

ڕاددەی ماوەی ڕاگرتنی کۆسمێتیک:هەموو کەس ئایزانێ

ناوەندی توێژینەوەی زانستی بریتانی (Opi-nium Research) لە لیکۆڵینەوەیەکیدا ڕایگەیاند لە نێوان (٣٨٠٠) ژن کە بەشدار بوون (٣/٢) واتە (٦٦٪) یان نەیاندەزانی کە کاڵای ماوە بسەرچوویان بەکار هێناوە، و (٧/١) واتە (١٥٪) نەیدەزانی کە ماوەی بەسەرچوون هەیە لەسەر کاڵاکانی کۆسمێتیک و نزیکەی (٣) چارەگییان واتە (٧٣٪)یان هەر نازانن پێکهاتەکانی ناو کەدەستەکە چییە کە خۆیانی پی دەنەخشێن و دەخەملێنن. ئەوانە نەشیاندەزانی کە کاریگەتییە خراپەکانی کەستەی ئارایەشکردن کە ماوەی بەسەر چووبێت چی زیانێک لە پێست ئەدات

هەروەها لە هۆڵەنداش هەربەو شێوەیە گەڕانێکی بەدوادا کراوە و هەمان ئەنجامی هەبووە

ئینجا ماوەی بەکارهێنان یان بەسەرچوونی کاڵاکان چۆن بزانین؟

لەسەر پاکەتەکە یاخود کاڵاکە دەبێ هێمای (PAO) واتا (Period After Opening) ماوەی بەکارهێنان دوای کردنەوەی پاکەتەکە، نووسرابێت کە ئەوەیان دوایی کردنەوەیەتی و بۆ پێشکردنەوەی نوسراوە (PNO) و (M) بۆ نیشاندانی چەند مانگە و هەروەها ئەگەر نووسرابێت بۆ نموونە بە نەکراوەیی دوای (٣٠) مانگ ئەوە دەتوانی بێ کێشە کەڵکی لێ وەرگیردرێت

### ماوەی ڕاگرتنی کاڵاکان، بە شێوەیەکی گڵۆباڵ

- کرێم دەم و چاو (ڕۆژ و شەو): دوای کردنەوەی ٦ مانگ
- کرێمی لەش: (١٢) مانگ
- تۆنیکی پاککردنەوە: (١٢) مانگ
- سکروب یاخود کرێمی سمارتەکردن: (٦) مانگ
- سابوون: (١٢) مانگ

کەرستەی ئارایەش، خەملاندن

- بۆن، عەتر: (٢٤) مانگ
- گلۆزی لێو بریقەدار: (٦) مانگ
- ماتیکی لێو: (١٢) مانگ
- قەلەمی لێو: (٢٤) مانگ
- ماسکارا: (٦) مانگ
- پۆدرە/بلوس: (٢٤) مانگ
- بۆیەی نینۆک: (٢٤) مانگ
- قەلەمی چاو: (٢٤) مانگ

تێبینی: هەرگیز کەرستەکانی ئارایەشکردنی خۆت بە هیچ کەس بە قەرز مەدە و لە هیچ کەسیش وەرمەگرە

---

# بێدەنگی وەک ئاکت

**سروە عومەر**



داخۆ قسەکردن و بێدەنگی پارادۆکسن؟ لە نیگای یەکەمدا بێدەنگی و قسەکردن وەک پارادۆکسی یەکتر دەردەکەون، بەڵام بەو جۆرە نییە و پەیوەستە بە بیرکردنەوەوە. ئەوکاتەی قسەکردن هەیە، قسەکردنێکی ڕۆژانەیی کە خۆی لە نێو دەنگەدەنگ و ژاوەژاودا دەبینێتەوە، پتر شێوە ژۆرنالیزمییە و بیرکردنەوە تێیدا غیابە. بە پێچەوانەی قسەکردنەوە، هەماهەنگی لە نێوان بێدەنگی و بیرکردنەوەدا هەیە، بەشێوەیەک کە دەرفەت بۆ کردەی فەلسەفەسازی دەرەخسێت؛ بێدەنگی پرسیاری جیاواز دێنێتە کایە و گفتوگۆی ناوەکی دەرەخەسێنێت. ئەگەر بێدەنگی فۆرمێکی فەلسەفەیی ژیان بێت، ئەوا هەر فەلسەفەشە بێدەنگیمان بۆ ڕاڤە دەکات و مانای پێ دەدات. بەم پێیەش جیایدەکاتەوە لە بێدەنگییەکی پاسیڤ و هەمیشەیی کە خاڵییە لە واتا. پرسیارەکە بەم جۆرە دەبێت: کەی و چۆن بێدەنگی مانا وەردەگرێت؟ چ کاتێک بێدەنگی لە قسە مانادارترە؟ لە پرسیارەکەوە بەر دوو جۆری بێدەنگی دەکەوین: بێدەنگییەکی پاسیڤ، هەروەها بێدەنگییەکی تر کە وەک چەشنێکی تایبەتە لە قسە، هەڵوێست و ئاکت. بێدەنگییەک کە قسە نائامادەیە، بەڵام پڕە لە مانا و وتن. لە ژیاندا، ڕۆژانە قسەکردن هەمووان هاوئاست دەکاتەوە و هەرچی جیاوازییە دەیسڕێتەوە، بێدەنگی دەتوات شتێکی جیاواز بخولقێنێت

سۆرین کیرکەگارد هێرش دەکاتە سەر ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان و فەزای گشتییش بە سەرچاوەی هاوئاستکردنەوە و سڕینەوەی جیاوازییەکان دەزانێت. ئەو پێی وا بوو، ڕۆژنامەکان خەڵک بە قسە دەهێنن، چونکە وا دەکەن کە هەمووان ڕایان هەبێت. فەزای گشتیش بەڕێی ڕۆژنامەکانەوە فراوان و دیموکراتیزە دەبێت

لای هابرماس فەزای گشتی بەڕێی ڕا گۆڕینەوە و گفتوگۆوە دروست دەبێت. چاپەمەنی و ڕۆژنامەکانیش، بەشێوەیەک لە ناو هاوڵاتیانی ئاسایدا پەرەیان بە بابەت و مشتومڕە گشتییەکان دەدەن کە "برەک" وتی: هەر تاکێک وایدەبینێت هەموو بابەتێکی گشتی پەیوەندی بەوەوە هەیە. هابرماس ئەم فراوانبوونەوەی ڕۆژنامەگەرییەی وەک برەوی دیموکراتیزەبوونی فەزای گشتی و دەرفەتێک بۆ ڕزگارکردنی فەزای گشتی لەدەست دەسەڵاتی دەوڵەتی دەبینی، چونکە فەزای گشتی چاپەمەنی و قاوەخانەکان بەدەزگایی کراون و کەوتوونەتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە. بەڵام کیرکەگارد دەرفەتی ڕزگاربوونی نادۆزێتەوە و هەر لە سەرەتاوە فەزای گشتی بە سەرچاوەی سڕینەوەی جیاوازییەکان دەبینی. ئەم سڕینەوە و هاوشانکردنەوەش بە چەند شێوەیەک دەکرا: خستنە بەردەستی زانیاری و هاندانی دەربڕینی بیروڕای هەریەکێک، سەرەنجامیش لەباربردنی بێدەنگییان. لە کۆتاییشدا، دواخستن و لەبیرکردنی توانای کردە و چالاکی

فەزای مەجازی، فەزایەکی یۆتۆپی و دەرەشوێنە، بەڵام لە هەموو شوێنێکیشە. توانای لەخۆگرتن و ناونشینکردنەوەی فەزاکانی تری هەیە، وەک فەزای تایبەتی و فەزای دەوڵەتی و فەزای گشتی... ئەمڕۆ بەنزیکەیی کۆی ژیان مەجازی بووەتەوە. ئینتەرنێت بە تایبەتمەندییە جادووییەکەی شێوە ئوستوورەییەکە، گەرچی مرۆڤ خۆی داهێنەریەتی و ڕەهەندی باش و خراپی لێ بارکردووە، توانای داگیرکردنی مرۆڤیشی هەیە. لە نیگای یەکەمدا وا دەردەکەوێت کە فەزایەکی گشتی دەرەدەزگایی دەوڵەتی بێت و شوێنی گفتوگۆ و پرسیار بێت، بەڵام ڕۆژانە دەسەڵاتی مۆدێرن لەڕێی تۆڕ و سۆشیال میدیا و دەزگا حیزبی و دینی و هتدەوە خەریکی داگیرکردنی تاک و کات و بەهەدەردانی لیبیدۆ و ئەکچوالیزەکردنەوەی ئەو وزەیەن لەو ڕووداوانەی ڕۆژانە دەکرێنە ترێند و خەڵکی پێوە سەرقاڵ دەکەن. کێشە جددیەکانیان پێ لەبیر دەبەنەوە، لە ئیشە جددییەکانیان دوور دەخەنەوە، بە دەگمەن لێی دەرچێت، گشتی بەشداری سرووتەکان دەکەن. کاردانەوەکانیش یان دەبنە دوو بەرە و چەند بەرەیەکی دژ بەیەک و چەشنی تێکبەربوونی خواکان، یان حوکمدان و دادگاییکردنە. زۆر جار نوخبەش تێدەکەوێت و هاوشانی ئەوانی تر دەبێتەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ خەڵکە سادەکەدا نامێنێت. بەم شێوەیەش ژیانیان دەبێتە تەقلید و نوێنەرایەتی ئەو ئایدیاڵە سیاسی و دینی و حیزبییانە. دەشێت ئەوە ئەو نەخۆشیەی جیهان بێت کە لای کیرکەگارد چارەسەرەکەی بێدەنگکردنی مرۆڤەکان بوو. ئەم میکانیزمەش ناو بنێین (بەژۆرنالیزمکردن). ڕەنگە زۆر جار مەترسییەکە لە ڕیکلامەکانی هێڵی ئینتەرنێتدا دیار بێت، بۆنموونە: خێراترین، هیچ ساتێکت لەدەست مەدە.) ئەمە داگیرکارییەکی ئاشکرای کاتەکانمانە. بۆیە سەرقاڵ بوون و خەرکبوون بەچالاکییەکان و کاری جددی و بێدەنگ بوون لەم جۆرە دۆخانەدا ئاکتێکی بەرەنگارانە و ڕادیکاڵە و جارجارەش خۆ ونکردن و چوونەدەرەوە لەم فەزایە چەشنی لەقبوونی ئوستوورەیە

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# نامێلکەی: گۆڕانی ڕۆڵی سەرمایەدار، بەشی چوارەم و کۆتایی

کەیوان نوری

[ڕوونکردنەوەی ڕۆژنامەی ڕەوت: لە سێ ژمارەی ڕابردووی ڕۆژنامەی ڕەوتدا، سێ بەش و لەم ژمارەیەشدا بەشی بەشی چوارەم و کۆتایی بڵاودەکرێتەوە]

## بنیاتنانی کۆمپانیای پشکدارێتیی مۆدێرن

مێژووی یەکەمین کۆمپانیای پشکدارێتیی مۆدێرن بۆ زیاتر لە دووسەد ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە. کۆمپانیا پشکدارێتییە بازرگانییەکان (هەڵبەت ئەگەر بکرێت ناوی کۆمپانیایان لێبنرێت) مێژووەکەیان گەلێک لەوە کۆنترە، و دەمانگێڕێتەوە بۆ یەکەمین لانکەی لەدایکبوونی سەرمایەداری لە ئیتاڵیا و شارە ئازادەکانی! (ڤینسیا و جەنەوا و ناپۆلی)، دواتریش بۆ وڵاتانی هۆڵەندا و بەریتانیا وەک ناوەندەکانی کەڵەکەبوونی جوگرافیای سەرمایەداری. ڕەنگە کۆمپانیا بازرگانییەکانی (هیندی ڕۆژهەڵاتی) و (هیندی ڕۆژئاوایی)، دوو نموونەی کۆمپانیای پشکدارێتیین کە دەوڵەتانی بەریتانیا و هۆڵەندا خاوەنی زۆرینەی پشکەکان و دەسەڵات بن تیایاندا، و دوای ئەوانیش بۆرژوازی پشکدار. هەڵبەت ئەو کۆمپانیا بازرگانییانە لەگەڵ ئامانجە ئابوورییەکاندا ڕێبەر و نوێنەری هێزی سیاسی و سەربازی ئیمپریالیزمی هۆڵەندی و بەریتانی بوون


کۆمپانیای پشکدارێتیی مۆدێرن زەروورەتی بوونی خۆی لە گەورەبوونی قەبارەی سەرمایەی پێویست بۆ سەرمایەگوزاری وەردەگرێت. گەشەی کارکردی پارە وەک ئامرازی دانی پارە یان سیستەمی پێدانی قەرز و بەرەوپێشچونی بانکەکان و فراوانبوونیان لە ئاستی وڵات و جیهاندا ڕێگەخۆشکەرن بۆ بونیاتنانی کۆمپانیا پشکدارییەکان. پرۆژە گەورەکانی وەک دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر و ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی کەشتی و هۆکارەکانی گواستنەوەی دەریایی و ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل و پرۆسەی شارسازی و کارخانەکانی بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنی... سەرمایەیەکی لەوە گەورەتری پێویستە تا بە تەنها سەرمایەدارێک دابین بکرێت. کۆکردنەوەی سەرمایەی پارەی پەرتەوازە و ناچالاک لەگەڵ ئاراستەکردنی لە کارکردەکانی بانکن. بۆیە بانکەکان بە پشتیوانی سیستەمی ئیعتیباری و هێزی یاسای دەوڵەت دەبنە نێوەندگیر لە نێوان سەرمایەدارانی پارەیی و سەرمایەدارانی پیشەسازی یان کۆمپانیا پشکدارییەکان

سەرمایەدارێکی خاوەن پێگەی دیاری ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگای بۆرژوازی دەتوانێت کۆمپانیایەکی پشکداری بونیات بنێت بێ ئەوەی سەرمایەی پێویستی لەبەردەستدا بێت (بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەشێکی کەم لەو سەرمایەی کە لەبەردەستیدایە لە پرۆژەکەدا بەکاردەهێنێت). لەگەڵ یەکەمین هەنگاوەکانی پرۆژە پیشەسازیەکەدا بانکەکان کارکردی خۆیان ئەنجامدەدەن و کۆمپانیا دەکرێتە پشکداری و دەستدەکرێت بە فرۆشتنی پشکەکان. پێگەی ئابووری و سیاسی کەسی سەرمایەدار لە کۆمەڵگای بۆرژوازی و ڕیکلامە بەردەوامەکان لەلایەن دەزگا ئایدۆلۆژیەکان بۆ گرنگی پرۆژەکە و بەڵێنی قازانجی گەورە لە پشکەکان لە بازاڕی بۆرسە و بانگەشەی نرخێکی بەرزی سودی پرۆژەکە کە هۆکارە بۆ بەرزی نرخی بەهرەی پشکەکان لە داهاتوو. کۆی ئەو هۆکارانە لەگەڵ بوونی سەرمایەی پارەی ناچالاک و ئامادە بۆ ئەوەی بخرێتە سورانەوە سەرمایەدارانی پارەیی پاڵپێوەدەنێت تا بەشداری لە کڕینی پشکەکان بکەن. ئیدی هەر خاوەن پارەیەک بە ویستی خۆی و بە ئەندازەی قەبارەی سەرمایەی پارەیی خۆی پشک دەکرێت. ئەوانەی سەرمایەی پارەیی گەورەیان هەیە بە ئەگەری زۆرەوە پشکە نایابەکان دەکڕن کە دەتوانێت بیانکات بە ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا و بە قەبارەی سەرمایەکەیان بەشداری دەکەن لە بڕیار و سیاسەتەکانی ئایندەی پرۆژەکە. ئەوانەشی قەبارەی سەرمایەی پارەی کەمیان هەیە پشکە ئاساییەکان دەکڕن

جۆری دووەمی پشکەکان کە نرخیان هەرزانە بەشی گەورەی لای بونیاتنەرانی کۆمپانیا دەمێننەوە کە جیا لەوەی دەسەڵاتی گەورەیان لە کۆمپانیا بۆ مسۆگەر دەکات، دەشتوانن لە هەرکاتێکدا بەکاریان بهێنن بۆ دەستراگەیشتن بە پارەی پێویست. هەروەها دەسەڵاتی گەورەی بونیاتنەرانی کۆمپانیا لە ئەنجومەنی بەڕێوەبەری ئەوان دەکاتە خاوەن زۆرترین زانیاری سەبارەت بە هەلومەرجی ناوخۆی بەرهەمهێنان و بازاڕ و ئەمەش دەرفەتی گەورە بۆ ئەوان دەڕەخسێنێت تا لە بازاڕی بۆرسەی پشکەکان هەم یاری بە نرخی پشکەکان بکەن و هەم لە کاتی گونجاو بکڕن و بفرۆشن

پشکە ئاساییەکان کۆمپانیا بە ژمارە زۆرن و بە قەبارە سەرمایە بچوک. ئەم خاوەن پشکە بچوکانە هیچ دەسەڵاتێکیان لە کۆمپانیادا نیە و خاوەنی هیچ بڕیارێک نین. پێش بە یاساییبوونی گواستنەوەی مافی خاوەندارێتی هەتا ئەو مافەیان نەبوو کە پشکەکانیان لە بازاڕی بۆرس بفرۆشن و تەنها دەیانتوانی نرخی بەهرەی پشکەکانیان بۆ ئایندە بفرۆشن. کە ئەمەش بەو مانایەیە کە بۆرژوازی بچوک لەگەڵ بوون بە خاوەنی پشکی کۆمپانیا ئیدی ناتوانێت هەڵگری شوناسی سەرمایەداری پارەیی بێت و ئیدی لە پێگەی ئەوەدا نیە کارکردی سەرمایەدار پارەیی ئەنجامبدات. ئەم هەلومەرجە دۆخێکی دژواری بۆ سەرمایەداری بچووک خوڵقاندبوو کە ناتوانێت بەئاسانی دەستی بە سەرمایەی پارەی پێشتری بگاتەوە تا لە دەرفەتە خوازراوەکانی بازاڕ کەڵک لە سەرمایەکەی وەربگرێت، بەڵام پاش بەیاسای بوونی گواستنەوەی مافی خاوەندارێتی ئێستا دەتوانن لە پێگەی خاوەنپشکدابن و سبەی لە بۆرسەدا پشکەکانیان بفرۆشن و دووبارە ببنەوە بە سەرمایەداری پارەیی

پێشتر گوتمان دەکرێت لە سەروەختی بونیاتنانی ناوەندێکی بەرهەمهێنان لەڕێگەی بانکەکانەوە ڕاستەوخۆ ناوەندە پیشەسازیەکە بکرێتە کۆمپانیای پشکداری. دەکرێت سەرمایەدار سەرمایەی پێویستی بۆ سەرمایەگوزاری لەبەردەست بێت، بەڵام سەرمایەدار لە ڕێگەی بونیاتنانی کۆمپانیای پشکداری دەتوانێت کەمترین قەبارەی پارەی خودی خۆی لە پرۆژەکەدا بەگەڕ بخات و زۆرترین سەرمایەی پارەیی ئەوانیتر بەکاربهێنێت، لەم ڕێگەیەش دەتوانێت بەشێک لە سەرمایەی پارەیی خۆی لە پانتاییەکی ئابووری دیکەدا سەرمایەگوزاری پێبکات. دابەشکردن سەرمایە لەلایەن سەرمایەداران بەسەر پانتای ئابووری جیاوازدا میکانیزمێکی هەمیشەی سەرمایەداران بووە بۆ دوورگرتن لە زیانی گەورە یاخود کەمکردنەوەی زیانە چاوەڕوانکراوەکان. سەرمایەداری گەورە ئازادی زۆرتری هەیە و هەڵبژاردنی زۆری لەبەردەستە، دەکرێت بە بەشیک لە سەرمایەکەی بانکێک بونیات بنێت یاخود سەرمایەکەی وەک سەرمایەی بازرگانی بەکاربێنێت یان لە بازاڕی بۆرسەی پشکەکاندا بیخاتەگەڕ، یاخود وەک سەرمایەدارێکی گەورە کە لە لایەکەوە زانیاری زیاتری دەربارەی هەلومەرجی بەرهەمهێنان و بازاڕ هەیە و لەلایەکی تریش کاریگەری لەسەر نرخی کاڵا و پشکەکان هەیە، بەمەش دەتوانێت وەک سەفتەبازێک جارجار بچێتە بۆرسەی پشک و کاڵا و سودێکی زۆر لە جیاوازی نرخەکان وەربگرێت




دەکرێت بونیاتنەرانی کۆمپانیا بە ناچاری دەست بۆ دروستکردنی کۆمپانیای پشکداری بەرن. ئەمە بەو مانایەیە کە ئەو سەرمایەی لەبەردەستە بچوکترە لەوەی بتوانرێت سەرمایەگوزاریەکەی پێ بکرێت لەو پانتایە ئابووریەدا، بۆیە لەڕێگەی بە پشکدارکردنی کۆمپانیا قەبارەی پارەی پێویست دابین دەکرێت. بۆ نمونە، گریمان کۆمپانیا پیشەسازیەکە (١٠ ملیارد) دۆلاری پێویستە بۆ وەگەڕخستنی تەواوەتی، بەڵام تەنها (٢ ملیارد) دۆلاری سەرەتای لەبەردەستە. بەم مانایە (٨ ملیارد)دۆلار کورتهێنان بۆ سەرمایەی پێویست بوونی هەیە. ئەم کورتهێنانە لەڕێگەی بە پشکدارکردنی کۆمپانیا دابین دەکرێت. فرۆشتنی پشکی نایاب و ئاسایی کۆی ئەو پارەیەی پێویستە دابین دەکات. لەگەڵیشیدا خاوەن پشکە نایابەکان دەچنە نێو ئەنجومەنی بەڕێوەبەری. ئێستا کۆی سەرمایەی بەردەست (١٠) ملیارد دۆلارە و پرۆژەکە دەست بە بونیاتنانی دەکرێت. سەرمایەی بەردەست بە پێی بەرنامەی پێشوەختە دابەش دەکرێت بۆ دوو بەش (سەرمایەی نەگۆڕ + سەرمایەی بگۆڕ). سەرمایەی نەگۆڕ لە خۆیدا دوو بەشە (سەرمایەی فیکس) کە ماوەی گەڕانەوەی سەرمایە تیایدا هێواشە زەرە زەرە بەهای خۆی دەخاتە سەر بەرهەم، گەڕانەوەی بەهای کۆی سەرمایەی فیکس گرێدراوی ماوەی تەمەنی ماشێن و بینای کارخانە و ئامرازەکانی بەردەستە, بەشی دووەمی سەرمایەی نەگۆڕ ئەو بەشەی سەرمایەیە کە پێی دەوترێت (سەرمایە لە دۆخی سوڕاندا) وەک کەرەستەی خاو و کەرەستەی یارمەتیدەر کە هاوشێوەی ئەو بەشەی سەرمایە بگۆڕ کە بۆ هێزی کار تەرخاندەکرێت ماوەی گەڕانەوەی سەرمایە تیایدا خێرایە و لەگەڵ هەر سوڕانێکی ماوەکورتی سەرمایەدا ڕاستەوخۆ بەهای خۆیان دەخەنە سەر بەرهەم. لەم نێوەندەدا ئەوەی کە جگە لەوەی بەهای خۆی ڕاستەوخۆ دەخاتە سەر بەرهەم زیادەیەک لە بەهاش بەرهەم دێنێت تەنها ئەوبەشەی سەرمایەیە کە پێی دەوترێت (سەرمایەی بگۆڕ) و بۆ هێزی کار تەرخان دەکرێت

پاش دابەشکردنی سەرمایە بۆ بەشەکانی کۆی سەرمایەی بەردەست لە سەرمایەی پارەیەوە شێوەی خۆیان دەگۆڕن بۆ سەرمایەی بەرهەمهێنەر. واتا ئیتر سەرمایەی پارەی پشکداران دەگۆڕێن بە کارخانە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هێزی کار. چیتر پشکداران لە پێگەی سەرمایەداری پارەییدا نین و ئەوان تەنها خاوەنی داهاتێکن کە لە ڕێگەی نرخی بەهرەی پشکەکانیان چاوەڕوانی دەکەن. لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە هیچ خاوەن پشکێک ناتوانێت بڵێت ئەوبەشەی کۆمپانیا موڵکی منە، ئەوەی ئەو خاوەنداری لێ دەکات تەنها بەشێکە لە نرخی سودی پیشەسازی یان تەنها دەتوانێت بانگەشەی خاوەندرێتی بەشێک لە داهاتی کۆمپانیا بکات نەک خودی کۆمپانیا. پەیدابوونی کۆمپانیا پشکداریەکان دەبنە هۆی جیابوونەوەی دوو جۆر لە خاوەندارێتی کە لە لایەک خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە کە لەدەستی کەمینەی چینی سەرمایەداردایی پیشەسازی و بانکداراندایە و لە لایەکی تر خاوەندارێتی لە داهاتی کۆمپانیا

لایەنگرانی سەرمایەداری لەپاش پەیدابوونی کۆمپانیا پشکداریەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە دروستبوونی کۆمپانیای پشکداریەکان بەمانای دیموکراتیزەکردنی خاوەندارێتییە و چیتر ناتوانرێت باس لە کەڵەکەکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بکەین لای چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە هەر تاکێک لە کۆمەڵگا بە داهاتێکی دیاریکراو دەتوانێت لەڕێگەی کڕینی پشکەکانەوە بەشداربێت لە خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بەڵام ئەمە جگە لە خەیاڵێکی پوچی یاسای شتێکی تر نیە کە پێمان وابێت دەکرێت کەسێک بە کڕینی پشکێکی بچوک دەتوانێت ببێت بە شەریکی کۆمپانیایەکی زەبەلاحی وەک ئەپڵ یان تۆتاڵی فەرەنسی یان جەنەراڵ مۆتۆرزی ئەمریکی یان جاڤی لاندی کوردی. ئەم پشکدارانە جگە لەوەی بانگەشەی خاوەندارێتی بەشێک لە داهات بکەن ناتوانن هیچ مافیکی تریان هەبێت. پشکدارانی بچوک بە کڕینی کاغەزێکی بەهادار کە ئاماژەیە بۆ خاوەندارێتی بەشێک لە داهاتی کۆمپانیا دەسەڵاتی تەواوەتی دەدەن بە بانکەکان و سەرمایەدارانی گەورە تا هەرچۆن پێیان خۆشە پاشەکەوتەکانیان بەکاربهێنن، لە بەرامبەردا پشکداران تەنها مافێکی سنوورداریان پێدەدرێت کە ئەویش بەدەستهێنانی بەشێک لە سودی کۆمپانیایە کە زۆرکات ساڵانە بەشێوازی پارەی نەقدی وەریدەگرن کە دەچێتە چوارچێوەی بەهرەی سەرمایەی پارەیی ئەوان. لەم ڕێگەیەوە بانک و سەرمایەدارانی گەورە دەتوانن دەستیان بە قەبارەیەک لە سەرمایە بگات کە زۆر گەورەترە لە سەرمایەی خۆیان

(ئەرنست مەندل) لە کتێبی (زانستی ئابووری)دا سەبارەت



بە بانگەشەی ئابووری سیاسی بۆرژوازی لە بارەی کامڵبوونی کۆمپانیای پشکداری و وەهمی دیموکراتیزەبوونی خاوەندارێتی سەرمایەداری بڕیاری دادگایەکی ئینگلیزی بە نمونە دەهێنێتەوە سەبارەت بە مافی پشکدارانی بچوک دەربارەی خاوەندارێتی لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. ئەو دەنوسێت: (لۆرد ئورشت) لە ساڵی (١٩٤٩) بڕیاری خوارەوەی دەرکرد (تاک تاکی پشکداران لە لایەنی یاساییەوە خاوەنی کارخانە یاخود ناوەندی پیشەسازی نین، چونکە کۆمپانیا پشکداریەکان پشکەکانیان لە ڕووی بەهاییەوە یەکسان نین)، ئیکۆنۆمیست بۆی زیاد دەکات (بە مانایەکی تر پشکدار خاوەنی بەشێکی دیاریکراو لە کاڵاکانی کۆمپانیا نیە، مافی ئەو پێکهاتوو لە بەشێکی دیاریکراوی سود). [ئەرنست ماندل: علم اقتصاد. ترجمه فارسی: هوشنگ وزیری، ص ٢٥٩]

ئەرنست مەندل لە هەمان کتێبدا باس لە گەشەکردنی کۆمپانیا پشکداریەکان دەکات کە چۆن لە ڕێگەی فرۆشتن و بڵاوەپێکردنی پشکە بچوکەکان و دەستبەسەرداگرتنی سەرمایەی پارەیی بۆرژوازی بچوک و پاشەکەوتی فەرمانبەران و توێژی سەرەوەی کرێکاران توانیویانە دەست بەسەر سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا بگرن و چۆن بنیاتنەران و چەند خاوەن پشکێکی گەورە و خاوەن پشکە نایابەکان چەندین (کارتێل و تراست)یان بۆخۆیان کۆنترۆڵ کردووە. ئەرنست مەندل دەنوسێت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا لە بەریتانیای گەورە (٩٦٪)ی پشکدارانی (٣٠) کۆمپانیای گەورە خاوەنی (٤٠,١٪)ی پشکەکان بوون، لە کاتێکدا (٠,٥٪)ی پشکداران خاوەنی (٣٥,٩٪) پشکەکان بوون. لە ئەمریکا (٢٠) پشکداری سەرەکی لە (١٢٦) کۆمپانیای پشکداری گەورەدا، لە یەک لەسەر چواری ئەو کۆمپانیایانەدا خاوەنی زیاتر لە نیوەی پشکەکان بوون، و لە یەک لەسەر چواری ئەواندا ڕێژەی (٣٠ ـ ٥٠٪)، لە یەک لەسەر پێنجی ئەو کۆمپانیایانە خاوەنی (٢٠ تا ٣٠٪)ی پشکەکان بوون. هەروەها بە پێی خەمڵاندنی (نورمن ماکری) لە بەریتانیای گەورەدا (٢٪)ی دانیشتوان خاوەنی (٩٠٪)ی هەموو پشکی کۆمپانیاکانن. ئەم ژمارانە ئاماژەیەکی ڕوونن نیشانی دەدەن کە بەهیچ جۆرێک خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بڵاوەی پێ نەکراوە و دیموکراتیزەبوونی خاوەندارێتی هیچ نیە جگە درۆیەکی گەورە کە لە ڕێگایەوە توانیویانە دەستبگرن بەسەر پاشەکەوتی پارەی بۆرژوازی بچوک و چینی نێوەندی و بەشێک لە چینی کرێکار

بەپشکدارکردنی کۆمپانیاکان جگە لەوەی میکانیزمێک بووە بۆ دەستخستنی سەرمایەی پارەیی و دەرهێنانی پاشەکەوتی پارەی لە دەستی بەشێک لە کۆمەڵگا و بەکارهێنانی بەخواستی بۆرژوازی گەورە، میکانیزمێکیش بووە تا لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بەشێکی گەورەی وردە بۆرژوازی و فەرمانبەرانی موچەخۆر و توێژێک لە کرێکارانی یەخە سپی بکەنە لایەنگر و بەرگریکاری سەرسەختی سیستەمی سەرمایەداری. هەروەها ڕێگایەکیش بووە تا لە کاتی قەیرانەکانی سیستەمەکەشدا زۆرترین زیانەکان بشکێننەوە بەسەر خاوەن پشکە بچوکەکان، بەمەش پشکدارانی گەورەش بەکەمترین زیان لە قەیرانەکان دەربازیان دەبێت

لەیادمان نەچێت گەورەترین قازانجەکانی بونیاتنەرانی کۆمپانیا و بانکەکان، و گەورەترین تاڵانکاریی ئاشکرای یاسایی، لە دووەمین پرۆسەی فرۆشتنی پشکەکان دەست پێدەکات، یاخود باشترە بڵێین دووبارە بە پشکدارکردنی کۆمپانیا. بونیاتنەرانی کۆمپانیا کە خاوەنی زۆرترین دەسەڵاتن لە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرێتیدا بە پاساوی دابینکردنی سەرمایەی پارەیی پێویست بۆ نۆژەنکردنەوە یان فراوانکردنی کۆمپانیا دووبارە لە ڕێگەی بانکەکانەوە پشکی نوێ دەفرۆشن. گریمانەی ئەوەمان کرد کە بەهای واقیعی کۆمپانیا (١٠ ملیارد) دۆلارە بە ئەگەری زۆرەوە ژمارەیەک پشک دەفرۆشرێن کە نرخەکانیان لە بازاڕدا نزیک دەبێتەوە لە (٢٠ ملیارد) دۆلار کە لەو نێوەندەدا دیسان بونیاتنەران، بەشی زۆری پشکە ئاساییەکان لەدەستی خۆیان دەهێڵنەوە، تا لەلایەکەوە دەسەڵاتیان زۆرتر بێت و لە لایەکی دیش لە دەرەفەتەکان کەڵکیان لێوەرگرن. بە فرۆشتنی پشکەکان قەبارەی سەرمایە زیاتر لە دوو هێندەیە. ئەم زیادەیەی قەبارەی سەرمایە بەشی کەمی بۆ فراوانکردنی هەمان پرۆسەی بەرهەمهێنان تەرخان دەکرێت، چونکە لە دووەمین پرۆسەی بە پشکدارکردنی کۆمپانیادا ئەنجومەنی بەڕێوەبەری کۆمپانیا (خاوەن پشکە نایابەکان) تەنها لەم ڕێگەیەوە ڕازی دەبن بە پشکدارکردنەوە کە بەشێکی ئەو سەرمایە پارەیە کە لە فرۆشتنی پشکەکان وەدەست هاتووە لە هەمان ناوەندی بەرهەمهێنان بەکاربهێنرێت بۆ فراوانکردن و گەورەکردنی پرۆژەکە بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتوو هەم نرخی پشکەکانیان زیاتر ببێت و هەم داهاتێک کە لەڕێگەی نرخی بەهرەی پشکەکانیان دەستیان دەکەوێت. بەڵام بەشی هەرە گەورەی ئەو سەرمایە پارەییە زیادەییەی کە لەڕێگەی بە پشکدارکردنەوەی کۆمپانیا دەستدەکەوێت لەلایەن بونیاتنەرانی کۆمپانیاوە دەستی بەسەردا دەگیرێت کە وەک مافێکی یاسای خۆیانی دەبینن و بەشێکیشی بۆ بانکەکان کە لەو نێوەندەدا بە ئەرکی خۆیان هەستاون

### هەژموونی بانکەکان بەسەر کۆمپانیا پیشەسازییەکاندا

بانکەکان وەک جەلادی ڕیباخۆران و جێگرەوەیەکی مۆدێرن بۆ ڕیباخۆران لە سەرەتای فۆرمگیری خۆیاندا تەنها وەک نێوەنگیرێکی خاوەن متمانە ڕۆڵ دەگێڕن لە نێوان قەرزدەر و قەرزوەرگر، لە نێوان ئەوانەی پارەی پاشەکەوتکراویان هەیە و ئەوانەی پێویستیان بە پارە هەیە، لەنێوان ئەوانەی زیاتر دەفرۆشن و کەمتر دەکڕن لەگەڵ ئەوانەی کەمتر دەفرۆشن و زیاتر دەکڕن (کە بە شێوازێکی نابەرهێنەرانە ئەو پارانە بەکاردەهێنن)، بانکەکان نێوەندگیرێک بوون لە نێوان سەرمایەدارانی پارەیی و سەرمایەدارانی پیشەسازی (ئەمە جیا لەوەی کە هەر بانکێک دەبوو قەبارەیەکی سەرمایەی پارەی دیاریکراوی خۆی هەبێت تا متمانەی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبێت و بشتوانێت لە کاتی پێویست پارە بۆ ئەو کەسانە دابین بکات کە ماوەی دانەوەی قەرزەکانیان هاتووە لەگەڵ بەهرەی سەرمایەی پارەییان). کارکردی ئابووری بانکەکان بریتی بوو لە کۆکردنەوەی سەرمایەی پارەی بەتاڵ و دووبارە دابەشکردنەوەی هەمان سەرمایەی پارەیی. ئەم کارکردەی بانکەکان بوونی ئەوان وەک دامەزراوەیەکی دارایی دەکات بە زەرورەتی سیستەمی سەرمایەداری. بانکەکان لەبەرامبەر وەرگرتنی ئەرکی کۆکردنەوە و دابەشکردنی سەرمایەی پارەیی دەبنە پشکدار لە زێدەبەهایەک کە بەرهەمهاتووە

دابینکردنی سەرمایەی پارەی پێویست بۆ سەرمایەدارانی پیشەسازی بەمەرجی پێدانی نرخێکی دیاریکراوی بەهرەی بانکی، سەرمایەدارانی پیشەسازی ناچاردەکات دەستبەرداری بەشێک لە زێدەبەها ببن بۆ بانکەکان، زێدەبەهایەک کە لە لایەن چینی کرێکارەوە بەرهەم هاتووە. وەرگرتنی بەهرەی سەرمایەی پارەی لەلایەن بانکەکان دابەشدەکرێت لە نێوان بانکەکان و ئەو توێژەی بۆرژوازی کە سەرمایەی پارەی ناچالاکیان لە بانک داناوە. بانکەکان ئەگەر بە نرخی بەهرەی (٣٪) سەرمایەی پارەی بە قەرز وەرگرن ئەوا ناچارن هەمان پارەیە بە نرخێکی بەهرەی زیاتر لەو ڕێژەیە بدەنەوە بە قەرز، بۆ نمونە (٥٪) جیاوازی نێوان ئەو دوو نرخە بۆ نێوەندگیرەکان دەمێنێتەوە کە خودی بانکەکانن

لە قۆناغی سەرەتای گەشەی سەرمایەداریدا بانکەکان تەنها قەرزی بچوک و ماوە کورت دەدەنە سەرمایەدارانی پیشەسازی، سەرمایەدارانیش ناچارن قەرزێک کە وەریان گرتووە تەنها بۆ ئەو بەشە لە سەرمایە بەکاری بێنن کە لە دۆخی سوڕاندایە واتا بۆ (مادەی خاو و موادی یارمەتیدەر یان بۆ کڕینی هێزی کار). لە سەروەختێکدا کە کۆمپانیا پشکداریەکانیش دروستدەکرێن و باڵادەستی خۆیان لە کۆمەڵگا دەسەپێنن هێشتاش هەندێک لە بانکەکان تەنها قەرز بۆ ئەو بەشەی سەرمایە دەدەن کە لە دۆخی سوڕاندایە واتا بۆ ئەوبەشەی سەرمایە کە ماوەی گەڕانەوە خێرایە. بەڵام کاتێک دەگەینە قۆناغێکی مێژووی لە گەشەی سەرمایەداری بانکەکان قەبارەی سەرمایەیان هێندە گەورە دەبێت کە لەلایەکەوە دەتوانن ڕێژەیەک لە سەربەخۆی بەدەست بهێنن و لەلایەکی تریش باڵادەستی خۆیان دەسەپێنن بەسەر ئابووری واقیعیدا، ئیدی نەک تەنها قەرز بۆ ئەو بەشە لە سەرمایە دەدەن کە ماوەی گەڕانەوەی خێرایە، بەڵکو قەرز بۆ ئەو بەشەی سەرمایەش دەدەن کە ماوەی گەڕانەوەی سەرمایە تیایدا هێواشە. لەم هەلومەرجەدا قەرزێک کە بانکەکان دەیدەنە کۆمپانیا پیشەسازیەکان بۆ کڕینی (سەرمایەی فیکس) بەکاردەهێنرێت ، واتا بۆ دروستکردنی بینای ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و کڕینی تەکنەلۆژیا و ماشێنە گەورەکانی بەرهەمهێنان. قەرزی گەورە و ماوەدرێژی لەم چەشنە بەبێ بوونی ڕیسک نیە، بانکەکان بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی ڕیسکەکانیان لێشاوێک لە نوکەرانی بۆرژوازی دادەمەزرێنێت تا زۆر بە وردی هەڵسەنگاندن بۆ هەموو لایەنەکانی کۆمپانیای پیشەسازی و بازاڕ بکەن لە ئاستی ناوخۆی وڵاتێک و هەتا جیهاندا

هەندێک لە بانکەکان جگە لە هەڵسەنگاندن و چاودێری دۆخی کۆمپانیا و بازاڕ پێدانی قەرزی قەبارە گەورەی لەو شێوەیە مەرجدار دەکەن. مەرجی ئەندامێتی کارمەندێکی بانک لە ئەنجومەنی بەڕێوەبەری کۆمپانیا پشکداریەکاندا، کە ئەمەش دەسەڵاتی بانک لەناو کۆمپانیا زیاتر دەکات و دەیانکاتە خاوەن بڕیار لە بەرنامە و پلانەکانی ئایندەی پرۆژەکەدا. جگە لەوەی کە بانکەکان بەهۆی گەورەیی قەبارەی سەرمایەکەیان بوونەتە خاوەنی زۆرینەی پشکەکانی کۆمپانیاکان، واتە خاوەنی زۆرترین پشکی نایابن، کە دیسان ڕێگەیەکی ترە بۆ ئەوەی لە ئەندامێک زیاتریان لە ئەنجومەنی بەڕێوەبەریی هەبێت. بوون بە ئەندام لە ئەنجومەنی بەڕێوەبەری، جگە لەوەی بەشدارییان لە دارشتنی سیاسەتی کۆمپانیا بۆ مسۆگەر دەکات، کۆی ئەو زانیارییانەی پەیوەستە بە هەلومەرجی بەرهەمهێنان و بازاڕ دەخاتە بەردەستیان، کە ئەمەش وەک زەرورەتێک دەبینرێت لە لایەک بۆ خۆبەدوورگرتن لە ڕیسک، و لەلایەکی دی بۆ کڕین و فرۆشتنی پشکەکان لە کاتی گونجاودا

لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستدا بانکەکان دەتوانن هەژموونیەتی خۆیان بەسەر ئابووری واقیعیدا بسەپێنن و تا ئێستاش باڵادەستی ئەوان سات بەسات زیاتر دەبێت. ئەمڕۆ چیتر ئەوە بیرۆکراتیەتی دەوڵەتی نییە، کە داڕێژەری سیاسەتی ئابووریی جیهانە، بەڵکو ئەوە بانکە گەورەکانن کە وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە لقەکانی خۆیان لە سەرلەبەری زەمیندا کردوتەوە و جیهان بەڕێوە دەبەن. بانکە گەورەکان هەتا لە قەیرانەکانیش سودمەند دەبن، ئەگەر کەڵەکەبوون لە زۆرینەی پانتاییە ئابوورییەکان بوەستێت یان هێواشتر ببێتەوە، ئەوا لای بانکەکان هەر بەردەوام دەبێت. وەک خۆیان دەڵێن لەکاتی قەیرانەکان پارە دەگەڕێتەوە بۆ لای خاوەنە ڕاستەقینەکانی خۆی

لە ئێستادا هەژموونی بانکەکان بەسەر ئابووریی واقیعیدا هێندە گەورەیە، کە دەتوانین بڵێین بەبێ بوونی بانکە گەورەکان هیچ پرۆسەیەکی دیسان بەرهەمهێنانەوە ڕوونادات. بانکەکان لە هەلوومەرجی ئەمڕۆدا زۆرینەی پانتاییە ئابوورییەکانیان کۆنترۆڵ کردووە. ئەوان تەنها کارکردەکانی بانک ئەنجام نادەن، بەڵکو زۆرینەی پشکی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانیان لای خۆیان قۆرخکردووە. ئیتر ئەوە بانکەکانن کە گەورەترین چەوسێنەرانی مۆدێرنن، تەنانەت بۆرژوازیی پیشەسازی، لەبەرامبەر بانکەکاندا هەست بە چەوسانەوە دەکەن کە ئەمە گەورەترین ئاماژەیە بۆ هەژموونیەتی بانکەکان

سەد ساڵ پێش ئێستا، لە ئاستی ناوخۆی وڵاتێکدا (هەتا جیهانیش) کاتێک کۆمپانیاکان لە بازاڕدا کێبڕکێی یەکدیان دەکرد براوەی کێبڕکێ لەلایەن (قەبارەی سەرمایە، تەکنەلۆژیای باشتر، ماشینی نوێ، فۆرمێکی نوێ لە ڕێکخستنی کار و دابەشکردنی کار، میتۆدی نوێی بەرهەمهێنان، بەرهەمی نوێ و قۆرخکاری و شاردنەوەی زانیارییەکان، پشتیوانی دەوڵەتی...) دیاریدەکرا. بەڵام ئێستا ئەوە بانکەکانن دیاریدەکەن؛ کێ براوەیە و کێ دۆڕاو. ئەوە بانکەکانن بڕیاردەدەن کام پانتایی ئابووری دەبێت فەرامۆش بکرێت و کامە پانتایی گەشەی پێبدرێت. ئەوە بانکەکانن لە کاتی قەیرانەکان چارەنووسی کۆمپانیاکان دیاریدەکەن؛ بە سزادان یان ڕزگارکردن

## پاشماوەی ....باشووری ئیتاڵیا، گۆڕستانی پەنابەران

لەنێوان هەرێم و ئیتاڵیادا

یەکەم/ لە ئیتاڵیا هەموو پێنج ساڵ جارێک هەڵبژاردن دەکرێ و دوای پێنج سەعات ئەنجامەکان ڕادەگەیەنرێ و ساختەکاری و دەستێوەردان (تەزویر و خروقات) شتێکی نەشاز و دەگمەنە، کەچی لە هەرێمی کوردستان، هیچکات هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا نەکراوە و کاتێکیش دەکرێ پڕیەتی لە ساختەکاری و دەستێوەردان

دووەم/ لە ئیتاڵیا خوێندن بەخۆڕاییە و کەرتی پەروەردە زۆرینەی کەرتی گشتییە، لە کۆی (٢٠) هەرێمی (٦٠) ملیۆنی دانیشتووان، تەنیا نزیکەی (١٠٠) زانکۆی تێدایە زۆرینەی زانکۆکانی ئەم وڵاتە حکوومین، لە کاتێک هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی شەش ملیۆن کەسییە کەچی نزیکەی (٣٠) زانکۆی تێدایە و زۆرینەی زانکۆکانیش زانکۆی تایبەتن. حزبی و شەخسی و بازرگانین

سێیەم/ لە ئیتاڵیا خوێندکار پاش ئامادەیی چ بەشێکی بوێت لە زانکۆی حکوومی دەیخوێنێت، تەمەنیشی لەنێوان (١٨) تا (١٠٠) ساڵانیشدا بێت، دەرگای زانکۆی بۆ کراوەتەوە. لەش ساخ بێ یان خاوەنپێداویستی تایبەت گرنگ نییە و هیچ ڕێگرییەکی لەبەردەمدا نییە بۆ خوێندن. ئەگەر خێزانی قوتابیش داهاتیان کەمبێت خوێندنی زانکۆی بۆ دەبێتە خۆڕایی و دەوڵەت پاڵپشتی دارایی قوتابییەکە دەکات تا دواساتەکانی خوێندن، کەچی لە هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەوە؛ سەرەڕای ئەوەی خوێندن لە کەرتی گشتی قورس بووە، خوێندکار دەرماڵەی نییە و کەسێکیش دەستی کورتبێ ژیانی زۆر قورستر دەبێ تا خوێندن تەواو دەکات، کاتێکیش بەو ڕەزالەتە خوێندنی تەواو کرد هیچ دەرفەتێکی دامەزراندن و داهاتوویەکی ڕوونیشی نییە

چوارەم/ کەرتی تەندروستی لە ئیتاڵیا تا ئێستاش سەر بە کەرتی گشتییە و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە هاوشانی کەرتی تایبەت، هەموو خێزانێک پزیشکی تایبەتیان هەیە بۆ پشکنین و هیچ بڕە پارەیەک نادەن، بۆ نەشتەرگەریش زۆرکەس ڕوو لە نەخۆشخانەی گشتی دەکەن، هەڵبەت نەخۆشخانەی تایبەتیش هەیە. کەچی لە کوردستان، کەرتی گشتییان گۆڕی بۆ کەرتی تایبەت و کەرتی تایبەت ئەمڕۆ ڕۆڵێکی بەرچاوتری هەیە و خێزانەکان نەک خاوەنی پزیشکی تایبەتی خۆیان نین، دەبێ بۆ هەر نەخۆشیەک سەردانی پزیشکێک بکەن، ڕاستە نەخۆشخانەی گشتی زۆرن، بەڵام بەراورد بەپێشتر بۆ قازانجی گروپێکی دیاریکراو کەرتی گشتی زۆر لاوازە و پشتگوێ خراوە

پێنجەم/ لە ئیتاڵیا سیستەمی ڕووناکردنەوە و کارەبا بۆ ساتێک کوژانەوە و بچڕانی نییە، لێرە کەرتی کارەبا جیا لەوەی کەرتێکی دەوڵەتی و گشتییە، کەرتی تایبەتیش بەشدارە لەگەڵیدا. هەردوو کەرتەکە کێبڕکێ دەکەن تا بیسەلمێنن کامیان خزمەتگوزاری و نرخی گونجاوتر پێشکەش دەکات. کەچی لە کوردستان، کەرتی کارەبا وێرانە لە ئێستادا و کەرتی گشتی و حکوومی ڕۆڵی بەرچاوی نییە و ناتوانێ کارەبای تەواو بۆ خەڵکی دابین بکات، ئەمە پێی دەگوترێ فەشەلهێنانی ئیداری و حکوومڕانی

شەشەم/ باسی ڕێگاوبانی ئیتاڵیا ناکەم ڕێگاوبانەکانیان بەتایبەتی دەرەوەی شار، ڕوو لە هەر هەرێمێکی ئەم وڵاتە بکەی ئەگەر ئێمە لە کوردستان نیوەی ئەوەی ئێرەمان بۆ بکرابایە دەمانگوت ئەو دەسەڵاتە لە ئاستی بەرپرسیارێتی و خزمەتگوزاری پێویستدایە بۆ هاوڵاتیان. بەڵام دەسەڵاتی کوردی کە نوێنەری هەرێم لە ئیتاڵیا زۆر شانازی پێوە دەکات، نەک شایەنی پیاهەڵدان نییە، بەڵکو پێویستە ڕیفۆرمێکی گشتی لە هەموو بوارەکانیدا بکرێ و لە ڕیشەوە ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێت

ئیتاڵیا ١-٧-٢٠٢٤



